# وارڤین

گۆڤارێکی ژنانەیە دەزگای( وارڤین ) 15 ڕۆژ جارێک دەری دەکات
ساڵی یەکەم/ ژمارەی پێنجەم/ 68 لاپەڕە/1500 دینار/ ١٥ی سێپتێمبەر ٢٠٠٩




سەزەن ئاکسۆ

هاوارم مێژوو رەش دەکاتەوە

پاش سێ ساڵ لێکۆڵینەوەی وردی پۆلیس

نهێنی کوشتنێک ئاشکرا بوو:

# لەگەڵ کۆنەدۆستێکی پیلانی کوشتنی مێردەکەی داڕشتووە



هونەرمەند کەژاڵ ئادەمی:

کوڕێکم دەوێت خەڵکی وڵاتی دڵ بێت

کەرکووک جەنگە تەوقیت کراوەکە

"ئەو گۆڤارانەی سووکایەتی بە ژن دەکەن درێژکراوەی شەپۆلی هەواڵگرین"

warvin.press@yahoo.com



ARĔNASPOR
COMPANY

# مەلەوانگەیەك بۆ شەوانی پیرۆزی رەمەزان

"مەلەوانگەی
داخراو وکراوە

ساونا لەسەر شێوازی تورکی بۆ دانیشتن و نووستن.
ژووری هەڵم لەسەر جوانترین شێوازی سەردەم.
هۆڵی لەشجوانی بە سەرپەرشتی پسپۆڕ و شارەزا دکتۆر (ئاری جەلال)
خولی فێربوونی مەلەوانی لە لایەن مامۆستای پسپۆڕ و دەرچوی پەیمانگای مەلەوانی هۆڵەندا (مامۆستا هەژار)





مەلەوانگەی
پارکی سامی
عەبدولڕەحمان
تا کاتژمێر ١٢ی
شەو کراوەیە.


ژمارەی پەیوەندی: 07504198789
سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکەن:
www.arenakurd.com






15 یەکەم وەزیری ژن لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا
سیاسەت


22 بە تاوانی خیانەتی هاوسەری
ژن و پیاوێک لەدهۆک سزای لەسێدارەدانیان بۆ براوەتەوە
کۆمەڵایەتی


34 نۆ ساڵە پاڵەوانی کوردستان و سێ ساڵە پاڵەوانی عێراقە
(کارمن سلێوا): ناواتم بوو لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی بخوێنم، بەڵام وەریان نەگرتم
وەرزش


38 "سواڵکردن نەریتە و لای هەندێکیش بژێوی ژیانە"
سواڵکەرێک: چاوشارکێ لەگەڵ حکوومەتدا دەکەین
کار


44 خەتەنەکردن لەو دیاردەیەی هەڕەشە لە کچان دەکات
تەندروستی


60 ماڵی گەلان
کلتوور



وارمین

ناونیشان:
هەولێر
شاری خەونەکان

خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر:
لەنجە عەبدوڵڵا
Lanjaebdulla@yahoo.com

سەرپەرشتیاری رۆژنامەوانی:
عەبدولرەحمان عەلی
ebdulrehmaneli@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر:
تەنیا کوردی
tanya_kurdy@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین:
بەهرە حەمەڕەش
behre2009@yahoo.com

راوێژکاری یاسایی:
فەوزیە فەقێ رەشید

راوێژکاری دەروونی:
د. توانا عەبدولرەحمان

فایلەکان
کۆمەڵایەتی: تاڤگە عەلی
tavga2004@yahoo.com

تەندروستی:
شیلان یاسین

کلتوور:
جولی جەلال

وەرزش:
ئەرسەلان عەبدوڵڵا
arsalansport@gmail.com

بەڕێوەبەری کارگێڕی
رێباز عەبدوڵڵا
07504624506

نوسینگەکان
کەرکوک: سەماح سەمەد
سلێمانی: ئازیز مەحموود
دهۆک: هەڵز عەلی

Designe by
Wshyar Muhamad mustafa -
Mob: 0750 -794-38-38
Gmail: wshyar2008@gmail.com



بۆ ریکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:
mob:07507139650
Normal: 0662647813


www.netewe.com





Titanic





September 11





www.netewe.com

## لەکەرکووک
## داوا دەکرێت خێزانە هاوردەکان بۆشوێنی خۆیان بگەڕێنەوە

جێگری‌دووەمی‌سەرۆکی‌پەرلەمانی‌عێراق، عارف
تەیفور، رۆژی‌شەممە، داوایکرد ئەو خێزانانەی
لەئەنجامی‌خراپی‌بارودۆخی‌ئەمنییەوەلەپارێزگاک
انی‌ترەوەهاتوونەتەکەرکووک بۆ شـــوێنی‌خۆیان
بگەڕێنەوە.

تەیفوور، لەبەیاننامەیەکدا کەکۆپیەکی‌دەســـت
ئاژانســـی ئەســـوات ئەلعیـــراق کەوتـــووە،
رایگەیاندووە:" هەزاران خێزانی‌عەرەب، لەچەند
ناوچەیەکی‌جیاجیای‌عێراقەوەبەهۆی‌خراپی‌بـــا
رودۆخی‌ئەمنیەوەهاتوونەتەکەرکـــووک و تێیدا
نیشتەجێبوون".

تەیفور، داوایشـــی لەلایەنەبەرپرسەکان کردو
وە،لەگەڕاندنەوەی‌ســـەرجەم ئەو خێزانانەبـــۆ
شـــوێنی‌خۆیان پەلەبکەن، چونکەلەئێســـتادا
عێراق بەشێوەیەکی‌رێژەیی‌سەقامگیریی‌ئاسایش
ی بەخۆیەوەدەبینێت.

بەیاننامەکە روونیشیکردۆتەوە کە لەپاڵ
گـیـرسـانـەوەی‌ئـەم خێزانانەلەکەرکوک"
ئەجێندای‌سیاسیی دژ بەپرۆسەی‌عێراقی‌فیدراڵ
و دیموکراتی‌هەیە، مەبەستیشی‌نانەوەی‌ئاژاوەو
فیتنەو دووبەرەکی‌تایفی‌و تێکدانی‌پرۆسەکەیە".

تەیفـــوور، ئاماژەشـــیداوەبەوەی‌کەهاتنی‌ئەم
خێزانانەبۆ شارەکەکاریگەری‌نێگەتیڤی‌لێکەوتۆت
ەوە، بەتایبەت کەپێشتر بارودۆخی‌ئەمنی‌سەق
امگیربوو، بەڵگەش بۆ ئەم پرسە، زیادبوونی‌ک
ردەوەی‌تێکدەرانەیەلەم ماوەیەدا.

بەپێی‌بەیاننامەکـــە، "ئامـــاج لەهاتنی‌ئـــەم
خێزانانەهەوڵدانەبۆ شێواندنی دەرەنجامی‌راپرسی
لەو شارەدا.

تەیفـــور،
لە کۆ تا یـــی
بەیاننامەکـــەدا
داوایکـــردووە"
ســـە رجە م
ئـــەو ناحیـــەو
قەزایانەی‌پێشتر
ســـەر بـــە
پارێزگای‌کەرکـــووک بـــوونو لەئێســـتادا
دابڕێندراون، بخرێنەوەسەر پارێزگاکە".

## شەقامی تورکیا داوای چارەسەری کێشەی کورد دەکات

## کەسووکاریان دەتوانن لە هەڵدانەوەی گۆڕی ئەنفالکراواندا بەشدار بن

وارڤین- سەباح عەلی
لەهـــەر شـــوێنێکی عێراقـــدا بێـــت،
کەســـووکاری ئەنفالکراوانـــی گەرمیان
دەتوانن بەشداری لەهەڵدانەوەی گۆڕی
خزمەکانیاندا بکەن.

ئەندامـــی لیژنـــەی داکۆکیکـــردن
لەکەســـووکاری ئەنفالکراوانی گەرمیان
هاوڕێ پێشـــڕەو، رایگەیاند:" لەرێگەی
نووســـینگەکانی لیژنەکەوە لەشارەکانی
گەرمیـــان لەخۆ ئامادەکردنداین تا ناوی
ئەو کەســـانە بنووســـین کە دەیانەوێت
بەشـــداری لەهەڵدانـــەوەی روفاتـــی
کەسووکاریاندا بکەن". هاوڕێ پێشڕەو،
ئاشکرایشـــی کرد لەگەرمیـــان داوایان
لێکراوە کە هەر کەســـێک شارەزایی لە
شـــوێنەوار هەبێت، دەتوانێت بەشداری
لەهەڵدانەوەکەدا بکات و لەلایەن وەزارەتی
شەهیدان و ئەنفالکراوەکانەوە هاوکاری
دەکرێن. ئەندامـــی لیژنەی داکۆکیکردن
لەکەسووکاری ئەنفالکراوەکانی گەرمیان
گوتیشـــی:" چەندین کەس پەیوەندیان
پێوە کردووەو ئامادەی خۆیان دەربڕیوە
بۆ ئـــەوەی بەشـــداری لـــەو هەڵمەتە
نیشـــتیمانییەدا بکەن کە سەرتاسەری
عیراق دەگرێتەوە".

www.netewe.com




## نێچیرڤان بارزانی: کاری تیمی ڕێگەی سەرکەوتنە



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند مەرجی سەرکەوتنمان لەوەدایە کە فێر بین وەک تیمێک پێکەوە کار بکەین. بارزانی گوتی:" بەپێی ئەزموونی من لەهەرێمی کوردستان، وەزیر، بریکار، بەڕێوەبەری گشتی و هەموو کەسێک لەشوێنی خۆیەوە ماندوو دەبێت، بەڵام کەس ئامادە نییە پارمەتی یەکتری بدات. سەرۆکی حکوومەتی هەرێم کە لەمەراسیمی کردنەوەی ئاکادیمیای تەکنۆلۆژیای زانیاریدا قسەی دەکرد، ئاماژەی بەیاری تۆپانێ کرد و گوتی پێویستە هەموومان پێکەوە ماندوو بین و پاس بەیەکتری بدەین تا گۆڵ تۆمار بکەین، بەڵام ئەگەر پاس نەدەینە یەک ئەستەمە گۆڵ تۆمار بکەین. بارزانی لە کۆتایی قسەکانیدا ئاشکرای کرد کە تا ئەم شێوازە کارکردنە لەهەرێمی کوردستاندا بەردەوام بێت زەحمەتە پێشبکەوین.

## کچێکی کورد لەئێران حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە



وارڤین- بەپێی سەرچاوەیەک لەرۆژهەلاتی کوردستان کورد لەزیندانەکانی کۆماری ئیسلامی حوکمی لەسێدا رەدانی بەسەردا سەپاوەو ئێستا لەباری تەندروستی یەوەلەبارودۆخێکی ژیان بەسەر دەبات. هەواڵدەری ی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەرۆژهەڵاتی کوردستان، بڵاویکردەوە، زەینەب جەلالیان کەدوو ساڵ لەمەوبەر بەتۆمەتی هاوکاری لەگەڵ پارتەبەرهەڵستکارە کوردییە کان، حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپاوە، تائێستا هەر لەزیندانی تاکەکەسی دایەو باری تەندروستیشی خراپە. زەینەب جەلالیان، یەکەمین کچی سیاسیی ک وردەلەرۆژهەڵاتی کوردستان کەلەم ساڵانەی دوایيدا حوکمی سێدارەی بۆ براوەتەوەو ئێستاش لەزیند انی تاکەکەسیدایەو بەپێی زان یارییەکانی ریکخراوی مافی مر ۆڤی کوردستانیش بارودۆخی تەندروستی لەوپەڕی خراپیدایەو بەرپرسانی زیندانیش تائێستا هیچ هەوڵێکیان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش ییەکەی نەداوە.




## جەلالەدین سەغیر: چارەسەرێک بۆ پرسی هەڵبژاردنی کەرکوک لەئارادا نییە

سەرۆکی کوتلەی هاوبەندی یەکگرتووی شیعە، رایگەیاند کە لەئاسۆوەچارەسەرێک بۆ پرسی هەڵبژاردنی کەرکوک لەئارادا نییە.

لەبارەی دوا گۆڕانکاری و پێشهاتی سیاسی رەوشی هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق و پرسی هەڵبژاردنی کەرکوک، سەرۆکی کوتلەی ئیئتلافی یەکگرتووی شیعە جەلالەدین سەغیر، گوتی:" پرۆژەیاسای هەڵبژاردنی عێراق لەرابردوودا بەتەنگژەی زۆردا تێپەڕیوەو تائێستا پرسی کەرکوک بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوەو هێشتا لەئاسۆوە، بوارێک بۆ چارەسەری پرسە کەدیار نییە". پێشتر، بەهۆی ناکۆکی هەندێک لایەنی تورکمانی و عەرەبی، لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لەبارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن لەکەرکوک، نەتوانرا یاسایەکی نوێ بۆ هەڵبژاردن، پەسند بکرێت. سەغیر کە بۆ ئاژانسی ئیپا قسەی کردووە، گوتوویەتی: "١٠ پرۆژەیاسای گرنگ لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدان، بۆ ئەوەی پەسند بکرێن، پرۆسەی پەسندکردنیشیان پەیوەستەبەکارایی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران و پابەندبوونی کوتلەکان بەیاساوە".

## بەرپرسێکی رووسی: تورکیا دەبێتە دوو پارچە!



بەرپرسێکی حکوومەتی رووسیا رایگەیاندووە کە بەدووری نازانێت کە ئەگەر پاش ماوەیەکی دیکە لەسەر خاکی تورکیا دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێت و تورکیاش پارچە بکرێت.
بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی میللیەتی تورکی، نوێنەری دادگای باڵا و دادگای دەستووری حکوومەتی رووسیا میخائیل بارشچێفسکی، لەکاتی هەڵسەنگاندنی کێشەی ئۆسێتیای باشوور و ئابخازیادا رایگەیاندووە:" ئەگەر پاش ماوەیەک لەسەر خاکی تورکیا دەوڵەتێکی کورد دابمەزرێت و تورکیا ببێتە دوو پارچە زۆر بەلایەوە سەیر نابێت". بارشچێفسکی، هەروەها گوتوویەتی کێشە ئەتنیکییەکان بەجینۆساید و جیابوونەوە و بەدامەزراندنی دەوڵەتێکی دیکە چارەسەر دەبن.


## هاوسەری یەڵماز گۆنای:
## لە١٢ی ئەیلولدا رژێم دەستی بەسەر ١٢ فیلمی یەڵماز دا گرت



هاوسەری دەرهێنەری ناسراوی کورد یەڵماز گۆنای ئاشکرای کرد کە کە رژێمی تورکیا لە کودەتای١٢ی ئەیلولدا دەستی بەسەر ١٠٤ فیلمی مێردەکەیدا گرتووەو تا ئێستاش چارەنووسی ئەو فیلمانە نادیارە. فاتوش گۆنای هاوسەری یەڵماز گۆنای کە بەبۆنەی ٢٥مین ساڵوەگەڕی مردنی یەڵمازەوە بەشداری لە پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنی سی ئێن ئێن تورکدا کردبوو، داوای لە دەوڵەتی تورکیا کرد کە چارەنووسی ١٠٤ فیلمەکەی یەڵماز بۆ رای گشتی ئاشکرا بکەن. لەمیانەی کودەتای ١٢ی ئەیلزلی ١٩٨٠دا سوپای تورکیا حکوومەتی گرتە دەست و هەڵمەتێکی توندی لەدژی رۆشنبیرانی کورد دەست پێکرد و بەرهەمەکانی یەڵماز گۆنایش بوونە قوربانی ئەو رژێمە و تا ئێستاش چارەنووسیان دیار نییە و هەندێکیش دەڵێن سووتێنراون.

## جێگری سەرۆکی هەرێم مووچەی چەند مانگێکی خۆی دەکات بەجەژنانە

جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان مووچەی چەند مانگێکی خۆی کە بڕی٤٠ ملیۆن دینارەدەکات، وەک جەژنانەدەبەخشێتە کەمئەندامانی سەنگەری کەمدەرات.
کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا مووچەی چەند مانگێکی خۆی کەبڕی ٤٠ ملیۆن دینارە، وەک جەژنانەبەسەر کەمئەندامانی سەنگەری کەمدەرامەت دابەش بکات، دوای ئەو بڕیارەش ئەو جەژنانەیەلەلقەکانی سەر بەکۆمەڵەکە دەستپێکرد، ئەمڕۆش لەلقی سلێمانی و شارباژێر بەسەر ٧٠ کەمئەندامی سەنگەری هەژار و کرێنشیندا دابەشکراو لەبەرامبەردا کەمئەندامان سوپاسی ئەو کارەی جێگری سەرۆکی هەرێمیان کرد.







# کەرکووک جەنگە تەوقیت کراوەکە:
## هەڵبژاردن ڕێڕەوی سیاسی دەگۆڕێت

کوردستان، پێداگری لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەکات و دەرەنجامی هەڵبژاردنیش بەکارتێکی گوشار لە گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەزانێت. چاودێرێکی سیاسیش، بەپێویستی دەزانێت کە سەرکردایەتی سیاسی کورد، پێداچوونەوە بەهاوپەیمانێتی لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی عێراقدا بکات. هاوکات جێگری سەرۆکی لیژنەی ماددەی ١٤٠ـی عیراق، رایدەگەیەنێت کە تا ئێستا ٧٣٠ ملیۆن دۆلار، بۆ لیژنەکەیان خەرج کراوە.

### کەرکووک لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا

پرسی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان، باکگراوندێکی مێژوویی و جوگرافی قووڵی هەیەو بۆ سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق دەگەڕێتەوە. بەپێی ئامارەکانی دوای ساڵی ١٩٢٠، کورد زۆرینەی دانیشتووانی کەرکووکی پێکهێناوە. لەئاماری ساڵی ١٩٥٧یشدا کورد لەسەرووی ٦٠٪ـی دانیشتووانی کەرکووک بووە، بەڵام بەهۆی سەردەمی حوکمڕانی رژێمی پێشووی عێراق سەددام حوسێن، بەتایبەت لەهەشتاکانەوە تاساڵی ٢٠٠٤، دیمۆگرافیای ئەو شارە شێوێندراو عەرەب لەباشووری عێراقەوە، هاوردەکرانە کەرکووک و کوردیش راگوێزران. دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، پێکهاتە سیاسییەکان، کاتێ دەستووری عیراقیان نووسییەوە، ماددەی١٤٠، یان وەک ماددەیەکی تایبەت بەناوچە دابڕاوەکان دانا و پارتە سیاسییەکانیش رێککەوتن بەوەی کە پرسی کەرکووک، بەپێی ماددەکە چارەسەر بکرێت. لەماددەی ١٤٠دا هاتووە، یەکەم: دەسەڵاتی راپەڕاندن هەنگاوی پێویست دەنێت بۆ تەواوکردنی جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی ماددەی (٥٨) لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە، بەهەموو بڕگەکانیەوە.

دووهەم: ئەو بەرپرسیارییەتەی لەسەرشانی دەسەڵاتی راپەڕاندنە لەحکوومەتی ئینتیقالیدا کە لەماددەی (٥٨)، لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ

قۆناغی گواستنەوەدا ئاماژەی پێکراوە، بەردەوام دەبێت و دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی راپەڕاندنی هەڵبژێردراو بەگوێرەی ئەم دەستوورە بۆ ئەوەی بەتەواوی جێبەجێ بکرێت ( ئاساییکردنەوە، سەرژمێری، لەکۆتاییدا ئەنجامدانی راپرسی لەکەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی تر کە ناکۆکییان لەسەرە بۆ دیاریکردنی ویستی هاووڵاتییان) لەماوەیەکی دیاریکراودا ٢٠٠٧/١٢ تێپەڕ ناکات.

بەپێی لێدوانی جێگری سەرۆکی لیژنەی ماددەی١٤٠، نەرمین عوسمان، لە ساڵی ٢٠٠٦ تائێستا ٧٣٠ ملیۆن دۆلار لەلایەن دەوڵەتی عێراق خراوەتە بەردەم ئەو لیژنەیە، تاهەنگاوەکانی ماددەکە جێبەجێبکات کە هەریەک لەقۆناغی ئاساییکردنەوە، سەرژمێری و راپرسی لەخۆدەگرێت، بەڵام بەهۆی دژایەتیکردنی ئەو ماددەیە، تائێستا قۆناغەکانی جێبەجێنەکراوە.

## سەرژمێری گشتی

ژمارەی دانیشتووانی کەرکووک، لەئێستادا ١٤٠٠٠٠٠، کەسەو لەسەرجەم ئەو رێژەیەش ٧٦٣١٨٠، کەس مافی دەنگدانی هەیە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە بەردەوام وادەی سەرژمێری دانیشتووانی ئەو شارە دوادەخرێت. ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، وەزارەتی پلاندانان و نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەگەڵ ئەوەدا بوون، کە سەرژمێری گشتی عێراق، لەمانگی ١٠ی داهاتوو، ئەنجام بدرێت، بەڵام دواتر ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، ئەمەی رەتکردەوە و بڕیاریدا کە سەرژمێرییەکە، لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی داهاتوودا ئەنجامبدرێت. سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ئەو دواخستنە بەخۆدزینەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، لەپرسی کەرکوک دەزانێت. چاودێرانی سیاسی دواخستنی سەرژمێری، بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە ئەگەر سەرژمێری ئەنجامبدرێت، ئۆتۆماتیکی قۆناغی دووەمی ماددەی ١٤٠، جێبەجێ دەکرێت. ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق سیروان کاکەیی، کە لەپەرلەمانی بەغدا نوێنەرایەتی کورد بۆ شاری کەرکووک دەکات، دواخستنی سەرژمێری، بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە ئەگەر ئەو هەنگاوە جێبەجێبکرێت، ئەوا ژمارەی دانیشتووانی کەرکوک بەدیار دەکەوێت و ئەوکات بیانووی پێکهاتە سیاسییەکان نامێنێت، بەڵکو تەنیا راپرسی دەمێنێت کە ئەوەیش لەدەسەڵاتی هاووڵاتییانی کەرکووکدایەو دەتوانن بڕیار لەچارەنووسی خۆیان بدەن.

## راپرسی

قۆناغی راپرسی، تائێستا لەشاری کەرکووک دەستی پێنەکردووە، بەڵام لایەنە سیاسییەکانی وەک ئیئتیلافی شیعی کە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و حیزبی دەعوە دەگرێتەوە، لەجێبەجێکردنی راپرسی مەترسییان هەیە. بۆ ئەم مەبەستەیش لەساڵی رابردوو توانییان تەگەرە بخەنە بەردەم هەڵبژاردنی کەرکووک و ئەمساڵیش داوا دەکەن کەرکووک بەچوار بازنەی هەڵبژاردنی کورد، عەرەب، تورکمان و کلدوئاشوورییەکان، بەڕێوەبچێت. ئەو هەنگاوەیش بۆ ئەوەیە کە کەرکووک بەئاراستەی جیابوونەوەی نەتەوەکاندا ببات و لەمپەر بۆ ئەنجامدانی راپرسی دروست ببێت، کە دواقۆناغی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ـە.

پارێزگاری کەرکووک، عەبدولڕەحمان مستەفا، دەڵێت:" پارێزگای کەرکووک بەهیچ شێوەیەک قبوڵی نییە کە بکرێتە چوار بازنەی هەڵبژاردنەوە، چونکە ئەمە پێچەوانەی پرەنسیپەکانی دیموکراسییەو هاووڵاتییانی هەر نەتەوەیەکیش ئازادن لەوەی کە دەنگ بەکێ بدەن، بۆیە ئەو هەوڵە بەجیابوونەوەی نەتەوەکان لەیەکتری دەزانم". سەرکردایەتی سیاسی کورد، کێشەی هەڵبژاردنی کەرکووکی بۆ دادگەی باڵای دەستووری عیراق، بەرزکردەوە، لەو رێگەیشەوە بڕیاردرا کە هەڵبژاردنی کەرکووک بەیەک بازنە بەڕێوەبچێت. وادەی دیاریکردنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دیارنییە، بەڵام سیروان کاکەیی، پێی باشە کە ئەو هەڵبژاردنە لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەغدا، هاوکات بێت. پارێزگاری کەرکووکیش، داوا دەکات بەزووترین کات هەڵبژاردن لەکەرکووک بەڕێوەبچێت. عەبدولڕەحمان موستەفا، باس لەوە دەکات، دواخستنی هەڵبژاردنی کەرکووک، زیانی بەهاووڵاتییانی ئەو شارە گەیاندووە، چونکە ئەو ١٠ پارێزگایەی کە هەڵبژاردنیان تێدا ئەنجام دراوە، هەموویان دەسەڵاتی ماددی زۆریان پێدراوە و پارێزگای کەرکووک لەوە بێبەری بووە.

## جەنگە تەوقیت کراوەکە

لەدوای ٢٠٠٥، پرسی کەرکووک، لەنێوان بەغداو هەولێردا قووڵتر بووەوە، هەندێجار ئەو شارە بەوە ناودەبرا کە جەنگە تەوقیتکراوەکەی عێراق، دەبێت، بەڵام دوای ئەوەی کورد لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە ٢٠٠٥، توانی ٦٥٪ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، بۆ چارەسەرکردنی

کێشەی کەرکووک، نەتەوەیەکگرتووەکان هاتە نێو پرۆسەکەوە. نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان لەعێراق ستیفان دیمستورا، لە٢٠٠٦/٦/٥، یەکەم راپۆرتی شیکاری لەبارەی کێشەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان، بەپێی بڕیاری ١٧٧٠ ئەنجوومەنی ئاسایش، خستەڕوو و تێیدا بەچەند هێڵێک ناوچە دابڕاوەکانی دیاریکرد: کەرکووکی بەناوچەیەکی گەرمی ناوچە کێشەدارەکان وەسفکرد و ناوچەکانی وەک خانەقین و شێخانی، بە ناوچەی نیمچە گەرم و ناوچەکانی وەک مەخمور و هەندێ ناوچەی تری سەر بەشارۆچکەی ئاکرێی، بە ناوچەی سارد، لێکدایەوە.

لە١٧ی١٢ی٢٠٠٧دا ستیفان دیمستورا، لەدانیشتنی پەرلەمانی کوردستاندا ئاماژەی بەوە کرد کە دەبێت ماددەی ١٤٠ جێبەجێبکرێت و گوتی:" بەو ماددەیە گرەنتی چارەسەری کێشەی کەرکووک دەکرێت" داواشی لەهەرێمی کوردستان کرد، ڕەزامەندی بنوێنێت بۆ ماوەی شەش مانگ وادەی جێبەجێکردنی ماددەکە درێژ بکرێتەوە. لە٩ی١٢ی٢٠٠٧، لە پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور رائید فەهمی، رایگەیاند کە بەهۆی چەند کێشەیەکەوە داوامان کردووە کە ماوەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ درێژ بکرێتەوە. ئەوەبوو ماددەی ١٤٠ بۆ ماوەی ٦ مانگ درێژ کرایەوەو تائێستایشی لەگەڵدا بێت، ماددەکە وەک خۆی ماوەتەوە. ئەمساڵیش دێمستورا، دوا راپۆرتی خۆی پێشکەش کرد، بەڵام راپۆرتەکەی دیسان شکستی هێنا. دێمستورا، گەیشتە ئەو بڕیارەی کە کەرکووک بەهاوبەشی لەنێوان هەولێر و بەغدا سەرپەرشتی بکرێت و وەک هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆ بێت، بەڵام دواجار ئەو پێشنیازەیش لەلایەن پێکهاتە سیاسییەکانی عێراقەوە، رەتکرایەوە.

## هەرێمی نیمچە سەربەخۆ

ئەگەر کەرکووک، بکرێتە هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆ، ئەوا دەتوانێت لەڕووی ئیداریی و ئابوورییەوە، رێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا ببەستێت، چونکە بەوپێیە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، باڵاترین دەسەڵاتی کەرکووک دەبێت و ئەگەریش ٢/٣ی ئەندامانی ئەو پارێزگایە بڕیاری گەڕانەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان بدەن و پەرلەمانی کوردستانیش داواکەیان پەسەند بکات، کەرکووک، لەڕووی یاساییەوە سەر بەهەرێمی کوردستان دەبێت. لەبارەی مانەوەی

www.netewe.com

کێشەی کەرکووک، بەهەڵپەسێردراوی لەنێوان بەغداو هەولێر، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، دکتۆر رەئووف عوسمان، ئەو کێشەیە لەوەدا دەبینێتەوە کە پارتە سیاسییەکانی عێراق، بەشیعەو سوننەوە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان تەنیا وەک دەسەڵاتێکی فیدراڵی سەیر ناکەن و بەدەسەڵاتێکی کونفیدراڵی دەبینن."ئەوان وایدەبینن کە بەگەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێم، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دادەمەزرێت" لەبارەی مادەی ١٤٠، رەئووف عوسمان، دەڵێت، مەترسیی لایەنە سیاسییەکانی عێراق، لەوەدایە کە ئەگەر ئەو مادەیە جێبەجێبکرێت، ژمارەی هاووڵاتییانی هەرێم کە ئێستا ٤ ملیۆن و نیو دەبێت، بەگەڕانەوەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان، هەم جوگرافیای هەرێم گەورەتر دەبێت هەمیش ژمارەی دانیشتووانی ٧ ملیۆن تێدەپەڕێت. هەروەک باسی لێوەدەکات ئەجێندای دەرەکیش بۆ رێگرتن لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ هەیە، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا نیشتەجێیە، مەترسیان لەوەدایە کە کوردەکان لەوێشدا داوای ئازادی خاکەکەیان، بکەن.

## کەرکووک و دروشمی پارتە سیاسییەکان

پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق، لەکاتی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکان، کەرکووک و مادەی ١٤٠، دەکەنە درووشمی خۆیان، لە لایەک دەڵێن، مادەی ١٤٠ جێبەجێبکرێت، تا خۆیان لەکورد نزیک بکەنەوەو هاوکات لەشەقامی عەرەبیدا دژی دەوەستنەوە، تا بەوهۆیەوە یارییەکی دووجەمسەری بەدەنگدەران بکەن. لەئاستی نێودەوڵەتیدا پرسی کەرکووک، دەنگدانەوەیەکی زۆری بەخۆیەوە بینی و نەتەوەیەکگرتووەکان هۆشداریدا کە نابێت هەرێمی کوردستان، دەست بخاتە نێو کاروباری کەرکووکەوە، بەڵام وەزیری ژینگەی عێراقی و جێگری سەرۆکی لیژنەی مادەی ١٤٠، نەرمین عوسمان، دەڵێت، کورد مافی خۆیەتی چاودێری کەرکووک بکات، چونکە ئەمە تەنیا پرسێکی جوگرافی نییە، بەڵکو پرسێکی نەتەوەییە. سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ئەیاد سامەرایی، ئەوەی خستەروو کە هەست دەکرێت هەرێمێک، دەست دەخاتە نێو کاروباری کەرکووکەوە کە مەبەستی هەرێمی کوردستان بوو. لەبەرامبەردا نەرمین عوسمان، دەڵێت "کورد بەرێگەی دەستوور، مامەڵە لەگەڵ کەرکووک دەکات، بەڵام ئاشکرایە کە چەند لایەنێکی سیاسی لە عێراق، دەستیان خستووەتە نێو کاروباری کەرکووک و دەیانەوێت هەڵبژاردن لەو شارەدا، بەرێوەنەچێت".

## "شکستی کورد لە هاوپەیمانی سیاسیدا"

چاودێرانی سیاسی کورد، پێیانوایە کە کورد لەهاوپەیمانیتی لەگەڵ ئیئتیلافی شیعی سەرکەوتوو نەبووەو پێویستە لەقۆناغی ئێستادا پێداچوونەوە بەو هاوپەیمانێتییەدا بکات.

د. رەئووف عوسمانیش باس لەوە دەکات کە کورد، لە هاوپەیمانێتییەکانیدا سەرکەوتوو نەبووە. ئەو دەڵێت، کورد لەهاوپەیمانی لەگەڵ پارتی ئیسلامی عێراقی سەرکەوتوو نەبوو، بەڵگەیش ئەوەبوو ئەو پارتە لەمووسڵ لەگەڵ لیستی حەدبا، ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵی پێکهێنا، بەڵام لەو ئەنجوومەنەدا هیچ مافێک بەکورد نەدرا. ئەو پەرلەمانتارەی بەغدا، باس لەوە دەکات کە کورد، لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی شکستی سیاسی بەرکەوت، وەک بینرا کە پەرلەمانتارانی ئەو پارتە، چۆن لەپەرلەمانی بەغدا لەکاتی پرۆژەیاساکاندا بەپێچەوانەی هەڵوێستی کورد دەنگیاندا.

هەروەها کورد لەهاوپەیمانێتی لەگەڵ حیزبی دەعوەیش، سەرکەوتوو نەبوو، وەک دەبینرێت، تائێستا کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر نەکراون.

چاودێرێکی سیاسی کورد کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ وارڤین وای بۆ دەچێت، ئەگەر کورد پێداچوونەوەی لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بەغدادی نەکات ئەوا ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەستیشی هێناون، دەکەونە مەترسییەوە.

## خاڵی یەکلاکەرەوە

ئەنجامدانی هەڵبژاردنی داهاتووی کەرکووک، کارتێکی گوشار دەبێت کە کورد دەتوانێت لەئاستی عێراقدا بەکاری بهێنێت. ئەو هەڵبژاردنە ئەگەر دەرەنجامەکەی بەهەمانرێژەی جاران بێت، ئەوا ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەتوانێت، بڕیار لەگەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان بدات، وەک چۆن لەمیانەی دوو ساڵی رابردوودا، داوایان لەپەرلەمانی کوردستان کرد کە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان و ئەو بابەتەیش پارتە سیاسییەکانی عێراقی ناچار کرد، لەسەر هەندێ پرۆژەی تایبەت بەدەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، سازش بکەن. کەسایەتی سیاسی کورد، دکتۆر مەحمود عوسمان، دەڵێ، پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد، لەگەڵ UN و عێراق، چارەسەرێک بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی کەرکووک بدۆزێتەوەو هەوڵبدات کە هەڵبژاردنەکە لەوادەی خۆیدا ئەنجامبدرێت.

کەرکووکییەکان بەئەنجامی هەڵبژاردن گەشبینن هاووڵاتیانی ئەو شارە لەبارەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکەوە گەشبینن و پێیانوایە، لەئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەدا شارەکە سەقامگیر دەبێت و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان زیاد دەبن. عایدە کەریم، تەمەن ٣١ ساڵ و لەنەتەوەی عەرەب کە فەرمانبەرێکی حکوومییە، پێیوایە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی پێشوو، کاریگەری ئەرێنی لەگۆڕانی بارودۆخی شارەکە دەبێت و هۆکارەکەیش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ئێستا هۆشیاری سیاسی هاووڵاتیانی کەرکووک، بەرزبووەتەوە". عایدە، دەڵێت " هەڵبژاردنەکە، کاریگەری لەسەر رۆڵی ژن دەبێت و هاوکات کاریگەری ئەرێنی لەسەر سەقامگیری و خزمەتگوزاری دادەنێت". منی حەمید ٢٨ ساڵ کە ژنێکە لەنەتەوەی تورکمان، دەڵێت، هەڵبژاردنەکە بەهۆی پێکەوە ژیانی برایەتی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو شارەوە سەرکەوتوو دەبێت". پێویستە نوێنەرانی سیاسی کەرکووک لەکاتی هەڵبژاردندا لەبری بەرژەوەندی خۆیان، بەرژەوەندی شارەکە لەبەرچاو بگرن". مامۆستا بەهار رۆستەم، کە تەمەنی ٤٠ ساڵەو لەنەتەوەی کوردە، دواخستنی هەڵبژاردن لەشاری کەرکووک، لەبەرژەوەندی کورددا نابینێت و بەپێویستی دەزانێت کە مادەی ١٤٠ جێبەجێبکرێت." هەڵبژاردن سەرجەم کێشەکانی شارەکە چارەسەر دەکات و هاوکات گەرەنتی گەڕانەوەی مافی هەموو نەتەوەکانیش، دەکات".

چاودێرێکی سیاسی کورد کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ وارڤین وای بۆ دەچێت، ئەگەر کورد پێداچوونەوەی لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بەغدادی نەکات ئەوا ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەستیشی هێناون، دەکەونە مەترسییەوە

www.metewe.com

# گلەییەکانی دایکم و هێزی سێ لایەنە

کەرکووک

کاتێ ڕۆژانە دایکم لەنوێژی تەراویح دەهاتەوە، گلەییی و سکاڵای لەپڕبوونی مزگەوت لەو ژنانەی کە دێن بۆ نوێژکردن هەبوو، لەهەمانکاتیشدا ئەو ژنانە، زۆر قسەیان دەکرد ئەوەش کاریگەری لەسەر دایکم هەبوو کە ئارامی نوێژەکەی لێتێکدەدا، چونکە ئەو لەکاتی نوێژ و قورئان خوێندنیدا، حەز ناکات دەنگە دەنگ لەدەوروبەریدا هەبێ.

زۆر بیرم لەلای ئەو قسانە بوو کە ئەو ژنانە لەشوێنێکی پیرۆز بۆ خوداپەرستن، دەیکەن، بۆیە بڕیارمدا ڕۆژی دواتر لەگەڵ دایکم بچم و لەنوێژی تەراویح ئامادەبم و گوێ لەو قسانە بگرم، مەبەستیشم لەو بڕیارە نووسینی بابەتێکە. ڕۆژی دواتر کاتێ سەرقاڵی گوێگرتن لەهەواڵ و ڕووداوە خوێناوییەکانی کەرکووک بووم کە لەکردارێکی تەقینەوە لەدژی ئەندامانی پۆلیس و سوپا ڕوویاندا، زۆر تێکەڵ بووم لەگەڵ ئەو ڕووداوانە، هاوکات دایکیشم خۆی ئامادە دەکرد بۆ چوونە مزگەوت، بەبیرم هاتەوە کە دەبێ لەگەڵی بچم بۆ نوێژ. هۆی سەرەکی چوونەکەم بۆ مزگەوت ئەنجامدانی نوێژ نەبوو، بەڵکو نووسینی چیرۆکێک بوو. بێگومان دەزانم هیچ پاداشتێکم لەو چوونە مزگەوتە لەلای خودا بۆ نانووسرێ، چونکە مەبەستم کارێکی دنیاییە، نەک گوێڕایەڵی و خوداپەرستن، ڕەنگە گوناهم پێی زیادبێ نەک پێچەوانەکەی. بەپەلە کامێرایەکەم هەڵگرت و بەدوای هەنگاوەکانی دایکم کەوتم کە بەخێرایی دەڕۆی بۆ ئەوەی لەکاتی دیاریکراو بگاتە جێ، تا من، خۆم ئامادەکرد ئەو هەندێک دواکەوتبوو. کە گەیشتین مەلا بانگی دابوو و لەگەڵ چوونەژوورەوەم چاوێکم بەهۆڵەکەدا خشاند کە تایبەت بە نوێژی ئافرەتان بوو، پۆل پۆل ئافرەتان دەهاتن، تا وایلێهات نیوەی شوێنەکەیان پڕکردەوە.

پێشتر ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە لەمانگی ڕەمەزان بۆ نوێژی تەراویح دەهاتنە مزگەوتەکان زۆرتر بوون، لەبەرئەوەی ئەوکات ئەمن و ئاسایش جێگیرتر بوو، پاشان ناوچەکە بارێکی ئەمنی نالەباری بەخۆوە بینی و زۆرێک لەبارەکانی ژیانی گۆڕی و بەتایبەتی بارودۆخی ئافرەتان، لەدوای پرۆسەی ڕوخانی ڕژێم ئافرەتان، لەترسی کردەوەی تیرۆریستی و ڕفاندن و کوشتن، چالاکی و دەرچوونیان لەماڵەوە کەم بووەوە.

بەبیرم نایەت کەی دواجار هاتوومەتە مزگەوت، بەڵام کاتێک بچووک بووم هەندێجار لەگەڵ منداڵانی گەڕەک شەوانی ڕەمەزان بەتایبەتی شەوی (لیلە القدر) بۆ بەدەستهێنانی شیرینی دەچووینە مزگەوت، ئەوکات خەڵک تامیان لەبۆنە ئایینی و بۆنەکانی تر وەردەگرت و بەجوانترین شێوە ئەنجامیان دەدا، بەپێچەوانەی ئێستا کە جەژن و بۆنەکان، خەریکە لەسەر زۆرکەس وەک ئەرکێکی قورسی لێ دێت، بەتایبەتی ئەمساڵ کە ڕەمەزان هاوکاتە لەگەڵ گەرمترین مانگەکان و ئەمەش وایکردووە ببێتە مایەی بێزاری و ڕۆژ ژماردن لەلایەن گەلێک لەخەڵکان و پەلەکردن لە تەواوبوونی مانگەکە. ئەمە جگە لەو کەسانەی بەڕۆژوو نابن و بەئاشکرا لەبازار، کۆڵان

> پێشتر ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی لەمانگی ڕەمەزان بۆ نوێژی تەراویح دەهاتنە مزگەوتەکان زۆرتر بوون، لەبەرئەوەی ئەوکات ئەمن و ئاسایش جێگیرتر بوو، پاشان ناوچەکە بارێکی ئەمنی نالەباری بەخۆوە بینی و زۆرێک لەبارەکانی ژیانی گۆڕی و بەتایبەتی بارودۆخی ئافرەتان، لەدوای پرۆسەی ڕژێم ئافرەتان، لەترسی کردەوەی تیرۆریستی و ڕفاندن و کوشتن بەجۆرێک چالاکی و دەرچوونیان لەماڵەوە کەم بووەوە


Photo

www.mnetewe.com




**ژنان لە کاتی نوێژی تەراویح لە مانگی رەمەزاندا**

و شوێنە گشتییەکان دەخـۆن و دەخـۆنـەوە!.
ئەمانە شتێکم بەبیردێنێتەوە، لەپێش روخانی رژێم، برادەرێکی مەسیحیم بۆی گێرامەوە، گوایە یەکێک لەخزمەکانی کە پیاوێکی بەساڵاچووش بووە بەهۆی بەئاشکرا جگەرەکێشانی لەمانگی رەمەزان لەشوێنێکی گشتییدا، خرایە بەندیخانەو تا یەکەم رۆژی جەژنی رەمــەزان بـەرنـەدرا، ئەوکات لەو پەندە تێگەیشتم"رەنگە نەهامەتی نەتەوەیەک بۆ نەتەوەیەکیتر قازانج بێ"، بەڵام بەپێچەوانەوە.

هەموو ئامادەبووان چوونەناو نوێژ و منیش هەروەها، بەڵام من لەو گوتانەی کە پێشنوێژ دەیگوتەوە زۆر ورد نەدەبوومەوە لەبەر بیرکردنەوەم لەچۆنیەتی بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر قسەی ئافرەتەکان، بەبێ ئەوەی ناسنامەی خۆم و هۆی ئامادەبوونم لەوێ ئاشکرا بکەم! چونکە مزگەوت شوێنێکی پـیـرۆزەو نابێ بۆ هیچ مەرامێک بەکاربهێنرێ بەتایبەتی لەلایەن رۆژنامەنوسان، لەکاتێکدا کە هەموو لایـەک دەترسن لەدەزگاکانی راگەیاندن دەرکەون کە ئێستا بووەتە سەرچاوەی دڵەراوکێ بۆ زۆرێک لەخەڵکان. رەنگە زۆر وریا بووبم نەوەک بناسرێم بۆ ئەوەی سەرنجی کەس بۆ لای خۆم رانەکێشم. چونکە من وەک نوێژکەر لەوێ نەبووم، بەڵکو بۆ کاری خۆم لەوێ بووم کە ئەگەر ئاشکرا بوومایە ئەوا وەک رۆژانی جاهیلی دەبوایە سەد جەلدەم لێبدەن.

لەدوای تەواو بوونی هەر نوێژێک بەچاو لەدایکم دەپرسی کـەی نوێژ تـەواو دەبـێ؟ و دایکیشم ئاماژەی بەوەدەدا کە چەند رکاتێک ماوەو تەواو دەبێ. تێبینیم کرد کە ناکرێ کامێراکەم دەربهێنم و وێنەی ئامادەبووان بگرم، چونکە نوێژکەرەکان لەناو حاڵەتێکی هەستیارگرتن و بەئاگاییدا بوون، هەر لەوکاتەی دایکم ئاماژەی بەوەدا کە دوایین دوو رکاتی "ویتر"ە و کۆتایی بەنوێژی تەراویح دێنین، ناچار بووم مۆبایلەکەم دەربهێنم و چەند وێنەیەکی نوێژکەرانم بەدزییەوە گرت و لەدڵیشەوە بـەخـۆم پێدەکەنیم، چونکە وەک سیخوڕێک بووم لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی، ئەوکات زانیم کە کاری رۆژنامەوانی تەنیا لەشوێنی رووداو و تەقینەوەکان یاخود کاتی بەرەنگاربوونەوەی بەرپرسەکاندا ترسناک نییە، بەڵکو لەمزگەوتەکانیش بەهەمانشێوەیە.

نوێژ تـەواو بـوو و دەنـگ و قسەکردن دەستی پێکرد.. کە منیش ئەوەم دەویست، خۆم هاویشتە نێو ئافرەتەکان و گوێی خۆم بۆ هەمووان راخست، هەندێک بەکەسەرەوە باسی رەمەزانیان دەکرد گوایە زوو تەواو بوو و هەندێکیتر قسەیان لەسەر جەژن دەکرد کە چۆن منداڵەکەی داوای جلووبەرگ و پێڵاوی لێ دەکات و کورە گەورەکەشی ئامێری مۆبایلی دەوێت، لەدرێژەی قسەکەیدا گوتی:" لەزەمانی ئێمەدا چەند ماندوو دەبووین، تا روبعە دینارێکمان بەدەستدەهێنا کەچی ئێستاش منداڵ داوای ئامێری مۆبایل و ئەلکترۆنیات دەکەن، چ زەمانێکە ئێمە تێیکەوتووین!"، بـەڵام ئـەوەی سەرنجیراکێشام قسەی دوو ئافرەتی بەساڵاچوو بوو، کە قسەیان

دەکرد لەسەر ئەو رووداوە خوێناوییانەی هەمان رۆژ لەچەند شوێنێکی جیاجیای شاردا روویاندابوو و ئاخ و کەسەریان هەڵدەکێشا بۆ ئەو گەنج و لاوانەی کە بوونەتە قوربانی ئەم رووداوانە.

ژمـارەی قوربانیانی رووداوە جیاجیاکانی ئەو رۆژە لەنێوان ١٠ تا ١٥ کەس بوو کە کوژراو و بریندار تێدابوو، زۆربەیان لەئەندامانی هێزی ئاسایشی ناوخـۆیـی بـوون، بـەراسـتـی شـاری کـەرکـووک بەمدواییە بارێکی ئەمنی ناخۆشی بەخۆوە بینیوە، لەدوای ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا بڕیارێکیان دەرکرد بەپێکهێنانی هێزێکی ئەمنی سێلایەنەی هاوبەش، بۆ پاراستنی ئەو ناوچانەی کە کێشەیان لەسەرە بەکەرکوکیشەوە، بەجۆرێک کە لەهێزی ئەمنی عێراقی و ئەمریکی و هێزی یاسایی کوردستانی پێکدێت، ئەوەش بووە مایەی نیگەرانی لایەنە عەرەبی و تورکمانییەکان کە بوونی هێزی کوردستانی بۆ پاراستنی شارەکەیان رەت کردەوە، گوایە ئەمە دەستێوەردانێکی نایاسایییە لەلایەن هەرێمەوەو لکاندنی مۆرکێکی کوردستانییە بەشارەکەوە.

ئـەوەی زیـاتـر سـەرنـجی راکـێـشـام لەمیانەی جێبەجێکردنی نوێژەکان، پێشنوێژ لەکۆتایی نوێژەکەیدا دوعـای جیاجیای دەکـرد هەندێکی قبوڵکردنی تاعەتەکان بوو و خێر بۆ هەمووان و خۆشگوزەرانی و ئاشتی بۆ شار و خەڵکەکەی، گوتیشی:"خوایە بمانپارێزی لەشەڕی تەفرەقەو رەگەزپەرستی، خوایە لەشەڕی نەتەوەپەرستی بـمـانـپـارێـزی، خـوایـە لـەشـەڕی هـەرێـمـەکان بمانپارێزی!!". دوعای کۆتاییشی بیری رووژاندم ئایا" مەبەستی لە هەرێمەکان چییە" وادیارە مەسەلەی هێزە سێلایەنەکە کاریگەری هەبووە لەسەری و هەروەها دوعاکردنەکەشی بەمشێوەیە، کەمترین شتە کە بتوانێت لەدژی بوونی ئەو هێزانە لەشارەکەدا بیکات.

ئەرکی من ئەو شەوە کۆتایی هات و بەرەو ماڵ هاتمەوەو پرسیارم لەخۆم دەکرد،" ئەرێ دەبێ هەر کەسێک باس لەباروودۆخی سیاسی ئێستا بکات بزانێ چ دەڵێ؟ یاخود تەنیا وەک ئەو قسەو قسەلۆکانەیە کە دایکم گلەیی لێی هەبوو!"



**سەماح سەمەد**

www.metrowe.com

## له هەندێک میدیای کوردیدا سووکایەتیکردن بەژنان بەردەوامە

# کێ بەرپرسیارە؟




ماوەیەکە هەندێک لەگۆڤارو ڕۆژنامەکان لەپێناو بەرجەستەکردنی ستراتیژییەکی سیاسی ناڕاستەوخۆ و بەبەکارهێنانی زمانێکی ناشیرین کە لێوانلێوە لەسووکایەتی و تەشهیر بەژنان کەشوهەوای ڕاگەیاندنی کوردستانی شێواندووەو هەموو سنوورەکانی ئەخلاقی کاری ڕۆژنامەوانی بەزاندووە.

لەگەڵ ئەوەی یاسای ڕۆژنامەگەری لەکوردستاندا پەسەندکرا، بەڵام تائێستا هیچ یەک لەیاسای دۆکیومێنتپارێزی، وەدەستهێنانی زانیاری و یاسای تیڤییەکان بوونیان نییەو ئەمەش وایکردووە کە هەندێک ڕۆژنامەنووس کە لەڕۆژنامەو گۆڤارەکانیاندا لەئاستی بەرپرسیارێتیدان بەپێچەوانەی ڕەوتی یاسای ڕۆژنامەگەری کاربکەن. لەلایەکی دیکەوە، ڕوناکبیران و ڕۆژنامەنوسان و یاساناسان، لەو پرسەدا سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەکەمتەرخەم دەزانن. هاوکات پسپۆڕێکی سیاسەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش، ئەو گۆڤارانەی کە سووکایەتی بە ژن دەکەن و ناوی هاووڵاتیان دەزڕێنن، بەدرێژکراوەی شەپۆلی هەواڵگری ناودەبات.

لەبارەی ئەوەی کە ژنان بەقوربانی یەکەمی ململانێکانی پیاوان دادەنرێن و ئەم دیاردەیەش زۆر بەزەقی لەم هەڵمەتی ناوزڕاندنانەی میدیای ئەمڕۆدا ڕەنگیداوەتەوە، پسپۆڕ لەسیاسەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دکتۆر ڕێبوار فەتاح، پێیوایە کە شەپۆڵێکی میدیا، لەهەرێمی کوردستان دروستبوونە کە درێژکراوەی هەواڵگرییەو لەو ڕێگەیەوە سووکایەتی بە ژن و هاووڵاتیان، دەکرێت.

دکتۆر ڕێبوار، دەڵێت:" دەبێ دووجۆر ڕۆژنامە لەیەکتر جیابکرێنەوە، ئەوانەی درێژکراوەی حیزب و دەزگا هەواڵگرییەکانن، ئەو جۆرانە بەئامانج دەیانەوێت چەند کەس و لایەنێک لەکەدار بکەن، ئەوی دیکەش ئەو ڕۆژنامەنووسانەن کە بەنەزانی خۆیان، پەلاماری خەڵکی دەدەن".

د. ڕێبوار، هەروەها ڕەخنە لەوە دەگرێت، کە هەندێک لەکاربەدەستان، بەشێوەیەکی نارۆشنبیرانە پشتگیری ئەو شەپۆلە دەکەن کە دیوێکی ناشیرینی هەرێمی کوردستان، بەدەرەوە پیشان دەدات،" زیاتر مەبەست لەو ڕۆژنامەنووسانەیە کە درێژکراوەی دەزگا حیزبی و هەواڵگرییەکانن کە پارەو دەسەڵاتێکی زۆریان لەبەردەستەو لەیاسا ناترسن". هاوژین حەمەرەشید ئەندامی گرووپی داکۆکیکردن لەمافی ڕۆژنامەنووسی مێینە، نارەزایی خۆی لەو دیاردەیە دەربڕی و گوتی:" ئێمە بەکارهێنانی ژن، لە یەکلاکردنەوەی ململانێکانی پیاودا مەحکووم دەکەین و پێویستە میدیای کوردی کلتووری زانینی ژن، بەناموس و شەرەفی پیاو کاڵ بکاتەوە".

سەرنووسەری گۆڤاری لڤین ئەحمەد میرە، دیاردەی ناوزڕاندن لەڕۆژنامەگەری کوردیدا بۆ شەڕی ناوخۆی ساڵانی ١٩٩٤ دەگێڕێتەوە،"میدیا حیزبییەکان لەناو ململانێ سیاسییەکاندا بۆ تێکشکاندنی کەسایەتی یەکتر پەنایان بۆ ناوزڕاندن دەبرد، تا چووەناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ناوهێنانی ژنانی خێزانی یەکتر". هاوکات ڕۆژنامەنوس ڕێبوار کەیم وەلی، ڕاگەیاندنی هەر دووحیزب لەشەڕی ناخۆدا بەدروستکەری ئەو دیاردەیە دەزانێت،" ڕاگەیاندنی هەر دوو حیزب ماوەی چوارساڵ دابەزینە سەر خێزانی یەکتر و ناوزڕاندنیان بەشێوەی سیستماتیک پێڕەوکرد". ڕێبوار، ئاماژە بەیاسای میدیای تورکیا، دەکات کە هەردەزگایەک ڕەخنە لەشۆڕشی ئازادیخوازی نەتەوەی تورک بگرێت، یەکسەر ئەو دەزگایە دادەخرێت، بەڵام لێرە هەموو شۆڕش و سەرکردەکانی کورد ناوی ناشایستەیان لێدەنرێت و کەس قسەناکات. سەرۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان فەرهاد عەونی، دانانی یاسای ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٨ بەیەکلاکەرەوە لەئەرک و مافەکانی ڕۆژنامەنووسان دەزانێت و ئاماژە بەوەدەکات،" ماوەیەکە هەندێک لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان، خەریکن یاسای سەندیکاو چاپەمەنییەکان پێشێل دەکەن و ئەو کارەش زیانبەخشە".

لەبارەی لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە تەشهیر بەژنان و هاووڵاتیان

**لە تورکیا هەردەزگایەک رەخنە لەشۆڕشی ئازادیخوازی نەتەوەی تورک بگرێت، یەکسەر ئەو دەزگایە دادەخرێت، بەڵام لێرە هەموو شۆڕش و سەرکردەکانی کورد ناوی ناشایستەیان لێدەنرێت و کەس قسەناکات**

دەکەن، دادوەر عەبدولباست، سووکایەتیکردن بەهەر تاکێک بەپێی یاسا بە" تاوان" وەسف دەکات و دەڵێت:" ئەو سووکایەتیکردنە بەهەر هۆکارێک لەهۆکارەکانی، بڵاوکراوەکان، مۆبایل، یان راستەوخۆ بێت سزای بۆ دیاریکراوە". دادوەر عەبدولباست، بارۆدۆخی ئێستای رۆژنامەگەری کوردستان وەک" قەیران" وەسف دەکات و لەو قەیرانەشدا سەندیکای رۆژنامەنووسان بەکەمتەرخەم دەزانێت،" یاسای رۆژنامەگەریش کەموکورتی تێدایە چونکە یاساکە هەرکەسێک کە کاری رۆژنامەگەری بکات بەرۆژنامەنوس دەژمێردرێت، لەکاتێکدا کاری رۆژنامەگەری پێناسەنەکراوە".

هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش نیگەرانی خۆیان لەوبارەیەوە دەردەبڕن، سەرەتا هاووڵاتی یوسف مەجید، ناوزڕاندن لەناو رۆژنامەگەری کوردیدا بە" کارێکی قێزەون" وەسف دەکات،" هەر کەسێک هێرش بکاتە سەر ژنان، ئەوا دەیەوێت دۆڕانی خۆی لەژیاندا بەو شێوەیە قەرەبوو بکاتەوە". ئێحسان پیرداود، هاووڵاتیەکی ترە کە بەکارهێنانی ژن، لەململانێکانی پیاواندا رەتدەکاتەوەو پێیوایە ئەوانەی ئەوکارە دەکەن"رۆژنامەنووس نین". ئێحسان، سەندیکای رۆژنامەنوسان، بە بەرپرسیاری یەکەمی ئەو دیاردەیە دەزانێت.

سەبارەت بەدانانی چارەسەر بۆ" ئەو شەپۆلەی ناوزڕاندن"، دادوەر عەبدولباست، داوا لەو کەسانەدەکات کە سووکایەتیان پێکراوە"پەنا ببەنە بەر داداگاو سکاڵا تۆمار بکەن. هەر کەسێکیش ئاگاداری ناوزڕاندنەکە نەبوو یان سکاڵای تۆمارنەکرد، دەبێ داواکاری گشتی سکاڵا تۆماربکات".

بەرپرسی هۆبەی یاسایی لەوەزارەتی رۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مەسعود یاسایی، هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ئەم شەپۆلەی ناوزڕاندن لەگۆڤار و رۆژنامە کوردییەکاندا بۆ یاسای کاری رۆژنامەگەری لەهەرێمی کوردستاندا دەگێڕێتەوەو دەڵێت:" بەپێی یاسایەکە هەر کەسێک خاوەنی (١٠٠$) بێت، بۆی هەیە ببێتە رۆژنامەنووس، کار گەیشتۆتە ئەو رادەیەی ئێستا لەکوردستاندا ١٥ هەزار رۆژنامەنووسمان هەیە". مەسعود، باسی وڵاتی میسر دەکات کەژمارەی دانیشتوانی هەشتا ملیۆن کەسە، کەچی سێ هەزار رۆژنامەنووسی تێدایە، بۆیە بەبڕوای ئەو تا یاساکە هەموارنەکرێت کێشەکە چارەسەر ناکرێت.

رێبوار کەریم وەلی، هۆکارێکیتری دروستبوونی ئەم دیاردەیەی گەڕاندەوە بۆ بەخشینی وەزارەتی داد، بەیەکگرتووی ئیسلامی و ئەوەش بەگەورەترین هەڵەی حیزبە عەلمانییەکان دەزانێت،" یەکگرتوو خۆی بەخاوەنی ئەو کێشانە نازانێت، بۆیە داواکاری گشتیی لەهەموو شتێک بێدەنگە". سەبارەت بەچارەسەرکردنی ئەو پرسەش رێبوار گوتی،:" پێویستە بەر لەهەرشتێک داواکاری گشتی کارا بکرێت و سەندیکای رۆژنامەنوسانیش لێپرسینەوە بکەن، چونکە سەندیکا دەست بۆ هەمووکارێک دەبات، جگە لەکارەکەی خۆی".

ئەحمەد میرە، لەگەڵ ئەوەی ناوهێنانی ژنان لەململانێی پیاواندا، وەک" نزمی ئاستی رۆشنبیری و کەسایەتی" ئەو کەسانە لەقەڵەمدەدات وەک رێبوار باس لەناکارایی سەندیکای رۆژنامەنووسان دەکات،" کاری سەندیکا بەس بەیاننامە دەرکردن نییە، بەڵکو دەبێت سەندیکا متمانەی یاسایی لەو گۆڤارانە وەرگرێتەوەو داوایان لەسەر تۆمار بکات".

هاوکات فەرهاد عەونی، لەسەر گرتنەبەری رێوشوێنی تایبەت دەڵێت:" لە١ی ٩ بەیاننامەیەکمان ئاراستەی رۆژنامەنووسانی کوردستان کردووەو نیگەرانی خۆمان دەربارەی ئەو دیاردەیە پیشانداوەو داوامان کردووە کە بەهەموو شێوەیەک واز لەزمانی "زبرو تۆمەتهەڵبەستن و بڵاوکردنەوەی وێنەی کەسی بهێنن"، ئێمە وەک سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بیرلەوە دەکەینەوە کە لەمەودوا بەپێی دەقی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و یاسای رۆژنامەگەری مامەڵە لەگەڵ ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە بکەین کە سنوور دەبەزێنن".

راوێژکاری وەزراەتی رۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەوزاد رەفعەت، جەخت لەسەر بێدەنگنەبوونی ژنان، لەئاستی ئەو سووکایەتییانەدا بەرێگەچارە دەزانێت و دەڵێت:" وەزارەتی رۆشنبیری بەهاوکاری پەیمانگای کوردستان، پرۆژە یاسایەکی ئامادەکردووە کە تێیدا هەموو ئەو شتانە رێکخراوە، بەڵام هێشتا پێشکەش بەپەرلەمان نەکراوە". رێبوار کەریم وەلی، دامەزراندنی سەندیکای رۆژنامەنووسان بەو فۆرمەی ئێستای" لەبنەڕەتدا بەهەڵە" دەزانێت، چونکە ناسنامەی رۆژنامەنووسیان بۆ" چاپچی بارەگای حیزبیەکانیشیان" کردووەو پێیوایە زۆر لەرۆژنامەنوسە باشەکانیش ناسنامەیەیان نەدراوەتێ و یاسادانانیش بەکاری سەندیکا دانانێت.

مەسعود یاسایی، دەڵێت:" پێویستە هێلی سوور لەکاری رۆژنامەگەریدا هەبێت و ئەوەش لەهەموو وڵاتانی جیهاندا هەیە". دکتۆر رێبوار فەتاح، بەپێویستی دەزانێت کە رۆژنامەنووس هۆشیار بێت و وەک دەسەڵاتێک سەیری خۆی بکات، بەڵام ئەگەر رۆژنامەنووس لەپیشەکەی خۆی لایداو چووە پاڵ دەزگایەکی هەواڵگری ئەوا ئەو ناوەی لێ دەسێنرێتەوەو دەبێتە پیاوێکی داپلۆسەر. ئەو دەڵێت:" شتێکی باشە ئەگەر یاسایەک هەبێت و کاری رۆژنامەنووسان رێکبخات، بەڵام ئەوەی مایەی خۆشحاڵیە کە ئێستا پۆلێک لە رۆژنامەنووسانی بەویژدان، دژی ئەو جۆرەکارانە دەوەستنەوە". هاوکات هاوژین حەمەرەشید، رەخنەی لەرۆڵی لیژنەی داکۆکیکردنی رۆژنامەنووسانی مێیینە گرت و بەکەمتەرخەمی زانین.

www.netewe.com

# یەکەم وەزیری ژن لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا

BBC

دوای ئەوەی کابینەی دووەمی حکوومەتی مەحمود ئەحمەدینەژاد، سەرۆککۆماری ئیران، لەلایەن پەرلەمانی ئێران، ناسراو بە مەجلیس، متمانەی پێبەخشرا، کە ١٨ وەزیر لە کۆی ٢١ وەزیری پێشنیازکراو لە خۆدەگرێت، ڕەنگە گرنگترین تایبەتمەندی لیستی پێشنیازکراوی ئەحمەدینەژاد، ناودێرکردنی ٣ ژن، بۆ پۆستی وەزارەتەکان بووبێت.

فاتمە ئاجورلو و سۆسەن کەشاوەرز، دووان لەو سێ وەزیرەن کە پەرلەمانی ئێران، متمانەی پێنەبەخشین، بەڵام بەخشینی متمانە بە مەرزییە وەحید دەستجردی، بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی تەندروستی، بە شێوەیەک لەشێوەکان کابینەی دەیەمی لە کابینەی نۆیەم، جیاکردەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە دوو وەزیرە پێشنیازکراوەکەی دیکە، نەیانتوانی دەنگی متمانەی پەرلەمان بەدەست بهێنن، بەڵام هەڵبژاردنی مەرزییە، وەک یەکەمین وەزیر لە ماوەی تەمەنی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، ئەو گومانەی ڕەواندەوە کە هیچکام لەم ٣ کەسە، بەهۆی ئەوەی کە ژنن، ناتوانن دەنگی متمانە بەدەست بهێنن. ناساندنی ئەم ٣ ژنە، لەلایەن ئەحمەدینەژاد، بۆ پۆستی وەزارەتەکان، بووەتە هۆی ناڕازیبوونی ژمارەیەک لە مەلاکان و کەسانی موحافزکار.



مەعسومە ئیبتکار یەکەمین ژن بوو کە بووە جێگری سەرۆککۆمار

لەوانەش لە پێشنوێژی ئەسفەهان، یوسف تەباتەبایی نەژاد، گوتی:" هەڵبژاردنی ژنان بۆ وەزارەتەکان، لە لایەنە جۆربەجۆرەکانەوە کارێکی پێچەوانەی پرەنسیپەکانی ئیسلامە و ناگونجێت".

محەممەد تەقی ڕەهبەر، نوێنەری مەجلیسی حەوتەم، دەڵێت کە" زۆرێک لە عولەما و مەرجەعە ئاینییەکانی شیعەی وەک ئایەتوڵڵا سافی گولپایەگانی و ئایەتوڵڵا مەکارم شیرازی، لەبواری هەڵبژاردنی ژنان، بۆ پۆستی وەزارەتەکان، گومانی شەرعییان هەیەو خوازیاربوون ئەحمەدینەژاد، بەبڕیارەکەیدا بچێتەوە".

لەمیانەی کۆبوونەوەکانی هەڵسەنگاندنی توانایی ژنە وەزیرە پێشنیازکراوەکاندا بە پێچەوانەی گومانەکان، زۆرینەی نوێنەرە بەرهەڵستکارەکانی ئەو دوو ژنەی کە دەنگی متمانەیان پێنەبەخشرا، جەختیان لە کەمئەزموونی ژنەکان، لە بواری کاری وەزارەتدا دەکردەوە و بەپێچەوانەشەوە نوێنەرانی ڕەزامەند، هەوڵیاندەدا بیسەلمێنن کە ڕەگەزەکەیان، هیچ ناتەباییەکی لەگەڵ وەرگرتنی بەرپرسیارێتییەکەیاندا نییە. بەڵام مەرزیەی وەحیدی، تەمەنی ٥٠ ساڵەو ئەزموونی دوو خولی نوێنەرایەتی پەرلەمانی لە کارنامەکەیدا هەیە و بەوە جیادەکرێتەوە کە لە لیستی وەزیرە پێشنیازکراوەکان، ئەزموونێکی فراوانی کاری لە وەزارەتەکەدا هەبوو کە لەگەڵ بڕوانامەکەیدا دەگونجا.

### بەڕێوەبەرایەتی ژنان لە کۆماری ئیسلامییدا

وەزارەتەکەی مەرزیە وەحید، باڵاترین پۆستی بەڕێوەبردنە کە تا ئێستا ژنێک لە کۆماری ئیسلامییدا بەدەستی هێنابێت. بەپێی دەستووری ئێران، بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزارەتەکان، هیچ ڕێگرییەک لە بەردەم ژناندا نییە، بەڵام ژمارەیەک لە بەرهەڵستکارانی هەڵبژاردنی ژنان، بۆ پۆستە وەزارییەکان، لەو باوەڕەدان کە بەهۆی جۆری بەرپرسیارییەتییەوە، لەبواری شەرعییەوە "دروست



فەروخ روپارسا یەکەمین ژن بوو کە لە ئێراندا بووە وەزیر

نییە" ژنێک ببێتە وەزیر، لەبەر ئەوەی دەبێت بە بەردەوامی لەگەڵ پیاواندا کار بکات.

پێشینەی بەشداری ژنان، لە حکوومەتی ئیسلامییدا بۆ ساڵی١٣٧٦ی هەتاوی دەگەڕێتەوە، کە محەممەد خاتەمی، لە یەکەمین خولی سەرۆککۆماریدا خانمی مەعسومە ئیبتکاری، کردە جێگری خۆی و پۆستی بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی ئێرانی، پێ سپارد.

مەعسومە، بۆ ماوەی ٨ ساڵ ئەو بەرپرسیارییەتەی هەڵگرت و لەگەڵ دەستبەکاربوونی ئەحمەدینەژادیش، دیسان ئەو پۆستە بە ژنێک، بەناوی فاتمە واعیز جەوادی، سپێردرایەوە.

### پێشینەی وەزارەتی ژنان لە ئێران

لەساڵی١٣٤٧دا ئەمیر عەباس هووەیدا، سەرۆکوەزیری ئەوکاتی ئێران، بۆ یەکەمینجار ژنێکی بۆ پۆستی وەزارەت هەڵبژارد. فەروخ روپارسا، لە دووهەمین کابینەی هووەیدا، پۆستی وەزارەتی پەروەردەی وەرگرت کە ئەوکاتیش بەهۆی سپاردنی

www.netewe.com



مەرزییە وەحید دەستجردی ٥٠ ساڵان و پزیشکی پسپۆری بواری ژنان

پۆستێکی وەزارەت بە ژنان، رەخنەی زۆری لێ گیرا. فروخ، لەکاتی روودانی شۆڕشی ئێراندا چەندین ساڵ بوو، وازی لە پۆستی وەزارەت هێنابوو، بەڵام لەبەر ئەو ساڵانەی کە وەزارەتی پەروەردەی بەڕێوەبردبوو، بە تۆمەتی" تاڵانکردنی (بیت المال) و دەستخستنە نێو گەندەڵی، لە وەزارەتی پەروەردە و هاوکاری لەگەڵ ساواک (دەزگای هەواڵگری شای ئێران) و چەندین تۆمەتی دیکە، لەلایەن دادگای شۆڕشەوە وەک "مفسد فی الارچ" ناسرا و لەکۆتاییدا لەدەستپێکی ١٣٥٩ی هەتاویدا لەسێدارەدرا.

ئەو تەنیا ژنێک نەبوو کە بەر لە شۆڕش پۆستی وەزارەتی پێ سپێردرابوو، مەهناز ئەفخەمی، دووهەمین و دوایین وەزیری سەردەمی پەهلەوی بوو. مەهناز، پێش شۆڕشی ئێران، وەزارەتی کاروباری ژنانی بەڕێوەدەبرد، بەڵام وەزارەتەکە دوای شۆڕش، هەڵوەشێندرایەوە.

## ژنان لە گۆڕەپانی سیاسەتدا دەتوانن تا کوێ بچن؟

لە ساڵانی دەستپێکی شۆڕشی ئێرانەوە ژنان، لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتییدا چالاک بوون، بەڵام کەمتر بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنیان پێ دەسپێردرا.

لەهەر ٨ خولی پەرلەمانی ئێراندا، بەشێک لە نوێنەرەکان ژن، بوون. هەروەها لە خولی دواییەکانی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماردا رێژەیەک لە ژنان، بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە، ناویان تۆمار کردووە.

هاوکات ئەنجوومەنی پارێزڤانان، (شۆرای نگهبان)، تا بەر لەم خولەو بەپشتبەستن بە ماددەی١١٥ی دەستووری هەمیشەیی کە تێیدا هاتووە" دەبێ سەرۆک کۆمار لەنێو رجالی مەزهەبی و سیاسی" دا بێت، بەو ماددەیە بەریان لە کاندیدکردنی ژنان، دەگرت.

چالاکوانانی مافی ژن و زۆرێک لە کەسایەتییە سیاسییەکانی ئێران، لەو بڕوایەدان کە مەبەست لە"رجال" لەم ماددەیەدا تەنیا پیاوان نییە، " رجل سیاسی- مەزهەبی" دەبێت وەک" کەسایەتی سیاسی و مەزهەبی" شرۆڤە بکرێت و ئەنجوومەنی پارێزڤانانیش، پێویستە لە هەلومەرجێکی یەکساندا پاڵاوتنی پاڵێوراوە ژن و پیاوەکان هەڵسەنگێنێت. رەنگە هەر ئەم هۆکارە وایکردبێت کە لە دەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماردا ئەنجوومەنی پارێزڤانان، بۆ رەتکردنەوەی پاڵێوراوانی ژن، پشتی بە ماددەی ١١٥ی دەستوور نەبەست.

بەڵام لە بواری دادوەریدا، دەستووری هەمیشەیی ئێران، بەپێی رێوشوێنەکانی ئایینی، تایبەتمەندی و مەرجەکانی دادوەریی، پێناسە کردووە. فیقهی شیعە، هەڵبژاردنی ژنان وەک قازی و بۆ حوکمدان بەباش نازانێت و ئەو هۆکارەش وای کردووە، تا ئێستاش ژنێک لە کۆماری ئیسلامییدا نەتوانێت قازی دادگا، بێت.

لەساڵانی کۆتایی دەوڵەتی پەهلەویدا. دەرفەتی دادوەریی و کارکردن لەو پیشەیەدا بۆ ژنان فەراهەم کرا، بەڵام پاش شۆڕشی ئێران قازییە ژنەکان، لەسەر کار لادران، یان پلە دادوەرییەکانیان، بۆ پلەی ئیداریی بواری دادوەریی گۆڕدرا.



شیرین عیبادی بەر لە شۆڕش بۆ ماوەیەک قازی بوو

هاوکات ئەنجوومەنی پارێزڤانان، (شۆرای نگهبان)، تا بەر لەم خولەو بەپشتبەستن بە ماددەی١١٥ی دەستووری هەمیشەیی کە تێیدا هاتووە" دەبێ سەرۆککۆمار لەنێو رجالی مەزهەبی و سیاسی" دا بێت، بەو ماددەیە بەریان لە کاندیدکردنی ژنان، دەگرت.
چالاکوانانی مافی ژن و زۆرێک لە کەسایەتییە سیاسییەکانی ئێران، لەو بڕوایەدان کە مەبەست لە"رجال" لەم ماددەیەدا تەنیا پیاوان نییە، " رجل سیاسی- مەزهەبی" دەبێت وەک" کەسایەتی سیاسی و مەزهەبی" شرۆڤە بکرێت و ئەنجوومەنی پا رێز ڤا نیش، پێویستە لە هەلومەرجێکی یەکساندا پاڵاوتنی پاڵێوراوە ژن و پیاوەکان هەڵسەنگێنێت.

# ژنان لەئەڵمانیا چۆن مافەکانیان دەستەبەر دەکەن؟

## کونسوڵی گشتی ئەڵمانیا لەهەولێر:

# هەڵبژاردنەوەی مێرکل دەرگای بۆ سەرکەوتنی ژنان کردەوە

هەولێر

نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم مێژوویەکی پڕ لە گۆڕانکاریی بوو، شۆڕشی پیشەسازی پەرەی دەستاند و بەردەوام بوو، شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیش خەریکبوو دەکەوتە گەڕ، ئافرەتانیش لە ئەڵمانیادا کەوتنە هەوڵی ئەوەی هەمان ئەو مافە سیاسییانە بەدەست بێنن کە پیاوان هەیان بوو. بۆ ئەوەی سەنگێک بەو داوا سەرەکییەیان لە وەدەستهێنانی یەکسانیدا ببەخشن، ئافرەتانی چالاک ساڵی ١٩٠٢ دەستیان دایە دامەزراندنی "کۆمەڵەی مافی دەنگدانی ئافرەتان". ئەمانە زیاتر خەباتگێڕی تاکە تاکە بوون کە رێگەیان بۆ وەدەستهێنانی مافی دەنگدان بۆ ژنان و یەکسانی کۆمەڵایەتی خۆشکرد.

کونسوڵی گشتی ئەڵمانیا لەهەولێر دکتۆر ئۆلیڤەر شناکنبێرگ، لەوبارەیەوە دەڵێت:" لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی دووەم چەرخەکە کەوتە گەڕ. ئەودەم نەخشەی سیاسی لە ئاڵوگۆڕدا بوو و ئەمەش رێگای بەرووی بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی ژناندا کردەوە. لەنۆڤێمبەری ساڵی ١٩١٨ ئەنجوومەنی ناسراو بە ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵک بڕیاریدا دەرفەتی بەشداری تەواو بە ئافرەتان لەژیانی سیاسیدا بدات. بەمشێوەیە ئافرەتانی ئەڵمان توانییان بۆ یەکەمجار لە کانوونی دووەمی ١٩١٩ بەشداری لەهەڵبژاردندا بکەن و بچنە پەرلەمان.

بەمەش مافی دەنگدانی ئەکتیڤ و پاسیڤ بۆ ئافرەتان لە هەڵبژاردنە یەکسان و ئازاد و نهێنییەکاندا بوو بە واقیع".

### سیاسەتی نازییەکان سەبارەت بە ئافرەت

پارتی ناسیۆنال سۆسیالیستی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٢٠دا بەیاننامەیەکی ٢٥ خاڵی بڵاوکردەوە کە تێیدا کارکردنی ژنانی لەدەرەوەی ماڵ بە نەرێنی لەقەڵەمدابوو. ئادۆلف هیتلەر رایگەیاندبوو کە رزگاری ژن دروشمێکە و لەلایەن رۆشنبیرانی جوولەکەوە دروست کراوە. بەبۆچوونی هیتلەر "جیهانی ژنی ئەڵمانی بریتی لە مێرد، خێزان، منداڵ و ماڵەکەی" بوو. روانگەی هێشتنەوەی ژنان لەماڵ لەساڵی١٩٣٠، لەکاتێکدا پشتگیری لێدەکرا کە یەک لەسەر ٣ی پیاوانی ئەڵمانی لەبەر بێکاری روویان لەماڵەوە کردبوو و ئەو بێکارییە و گوشارەش کاریگەری نەرێنی لەسەر دانابوون، بۆیە نازییەکان بیریان لەوە کردەوە ژنان شوێنی کرێکارانی پیاو بگرنەوەو بەشێوەی مامناوەندیش تەنیا ٦٦٪ی مووچەی پیاوانیان بدەنێ.

لەمیانەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا لـە١٩٣٢، ئادۆلف هیتلەر بەڵێنی بە ژنانی وڵاتەکەی دا کە ئەگەر لەو هەڵبژاردنەدا سەربکەوێت و دەسەڵات بگرێتە دەست لەماوەی٤ ساڵدا ٨٠٠٠٠٠ ژنی بێکار دادەمەزرێنێت. لەئۆگۆستی ١٩٣٣دا یاسایەک پەسەند کرا کە پشتگیری لە هاوسەرگیری دەکرد و سولفەی دروستکردنی خانووبەرە و دەستپێکردنی ژیانی هاوبەشی بۆ هاووڵاتیانی ئەڵمانی بەباش دەزانی. هەروەها بەپێی ئەو یاسایە کەسانێک کە زەواجیان نەدەکرد و بەتەنیا دەژیان ناچار بەوەدەکران کە باجێکی قورس بدەن. دابەزینی بێکاری دوای بەدەسەڵات گەیشتنی نازییەکان، بەو واتایە بوو کە ئەوان هیچ گوشارێکیان لە ژن نەدەکرد، بۆ ئەوەی لە دەرەوەی ماڵ کار بکات. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی، ژمارەی ئەو ژنانەی کە لەپیشە تایبەتییەکاندا کاریان دەکرد کەم ببێتەوە.

لـە ١٩٣٤ و لەمانگی جونی ١٩٣٦دا ئەو پزیشکە ژنانەی کە زەواجیان کردبوو و هەروەها خزمەتگوزارە مەدەنییەکان لە کارکردن بەخشران و بەشێوەیەکی گشتی رێگە بەژنان نـەدرا کە پیشەگەلێکی وەک دادوەری و داواکاری گشتی ئەنجام بدەن. دوژمنایەتی هیتلەر لەگەڵ ژنان لەکاتێکدا ئاشکرا بـوو کە بڕیاریدا لەبەشی دادوەری و دادگا دووریان بخاتەوە. هیتلەر لەو بڕوایەدا بوو کە ژنان ناتوانن" بەشێوەیەکی لۆژیکی یان واقعییانە بیر بکەنەوە، بەڵکو ئەوان تەنیا لەرێگەی هەستەوە دەجووڵێنەوە".



ئەنجێلا مێرکل

کاتێک لەساڵی١٩٣٣دا هیتلەر دەسەڵاتی بەدەست هێنا، خانمی (گێرترود شوڵتز کلینک)ی وەک رێبەری ژنانی رایش و سەرۆکی گرووپی ژنانی نازی دەستنیشان کرد. ئەرکی سەرەکی شوڵتز ئەوە بوو کە پاڵپشتی لە زاڵبوونی نێرینە بکات و جەخت لەگرنگی منداڵبوون بکاتەوە.

دواتر لە مانگی جولای١٩٣٤دا شوڵتز بەسەرۆکی بەرەی کرێکارانی ئەڵمان هەڵبژێردرا، ئەو دەیزانی کە بەرپرسیارێتییەکەی ئەوەیە ژنان رازی بکات تا لەپێناو باشەی دەوڵەتی نازیدا هەنگاو هەڵبگرن. شوڵتز، لە١٩٣٨دا رایگەیاند" ژنی ئەڵمانی دەبێ بەجەستە و مێشک کار بکات و دەست لەچێژ و خۆشگوزەرانی هەڵبگرێت".

کونسوڵی گشتی ئەڵمانیا لەهەولێر لەوبارەیەوە گوتی:" تێڕوانینی ناسیۆنال-سۆسیالیستەکان (نـازی) بۆ ئافرەت لە راستییدا تێڕوانین بۆ ئافرەت نەبوو، بەڵکو بۆ دایک بـوو. مرۆڤێکی مێیینە هەرگیز وەک "ئافرەتێک" تەماشای نەدەکرا بەڵکو هەمیشە وەک "دایک" دەبینرا. لە

www.netewe.com



# "بەبۆچوونی هیتلەر جیهانی ژنی ئەڵمانی بریتی لە مێرد. فێران. منداڵ و ماڵەکەی" بوو

گوتەیەکی ئادۆلف لە ١٩٣٤دا هاتووە "ئەگەر زوو لە بەرنامەی بزاڤەکانی ژناندا خاڵگەلێکی یەکجار زۆر هەبووبن، کە ئافرەتییان لە جەوهەری خۆی دوور دەخستەوە، ئەوا لە بەرنامەی بزاڤی ژنانی ناسیۆنالسۆسیالیستدا تەنها یەک خاڵ هەیە، ئەویش بریتییە لە منداڵ" لەسەروبەری کۆتاییهاتنی جەنگدا بوو کە "ئافرەتی کرێکار" و یاخود "ئافرەتی کۆمەککار" هاتە نێو گۆڕەپانەوە، کە بێگومان دەبوایە لابەلایش چەند منداڵێکی بهێنانە سەر دونیاوە. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٤٥-١٩٣٣ دەیانهەزار ئافرەت بەهۆی کاری سیاسییەوە دەستگیرکراون و یاخود لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا گیانیان لەدەستداوە".

لەسەردەمی دەسەڵاتی هیتلەردا هەر کچێک بگەیشتایەتە تەمەن١٠ ساڵ دەبوایە رووی لە (یونگ مێدل)، باڵی مێیینەی "گەنجانی هیتلەر" کردبایە و کە دەگەیشتە ١٤ ساڵیش دەچووە (بوند دۆیچە مێدل)، واتە یانەی کچانی ئەڵمانی. لەو یانانەدا کچان بۆ کارکردن لەمەزرا یان کاروباری ماڵەوە رادەهێنران.

بەر لەوەی نازییەکان لەئەڵمانیا بگەنە دەسەڵات، ١٨٣١٥ ژن لە زانکۆکانی ئەڵمانیادا دەیانخوێند، بەڵام تا١٩٣٩ ژمارەی خوێندکارانی ژنی زانکۆکان بۆ٥٤٤٧ کەس دابەزی. دواتر لەماوەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا پیاوەکان ناچاربوون روو لەهێزە سەربازییەکان بکەن، بۆیە ئەو ژمارەیە بۆ ٢٨٣٧٨ کەس بەرز بووەوە. گوتاری توندی دژە فیمینیزمی هیتلەر بووە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانی ئەڵمانیا روو لە گرووپە سیاسییەکانی دیکە بکەن. لەئۆکتۆبەری ١٩٣٣دا لە مورینگەن، نازییەکان یەکەمین زیندان یان کەمپی کاری زۆرەملەی بۆ ژنان کردەوەو لە ١٩٣٨دا بەهۆی بەرزبوونەوەی رێژەی زیندانیانی ژن ناچاربوون دووهەمین ئۆردوگای زیندانی لەشاری لیختنبورگ بکەنەوە.

## ئەڵمانیای پاش شەڕی جیهانی دووهەم و مافەکانی ژن

دوای جەنگی جیهانی دووەمیش گەشەکردنەکە لەهەردوو ئەڵمانیای دیموکرات (رۆژهەڵات) و ئەڵمانیای فیدراڵی (رۆژئاوا) لەیەک جیاواز بوون. لە پەنجاکان و شەستەکاندا لە رۆژهەڵات وەک نیشانەیەکی ئاوێتەبوون ژمارەیەکی زۆری ئافرەتان خزانە نێو دونیای کارەوە. لێرەشدا ئامانجە ئایدیۆلۆژی و هەلومەرجە ئابوورییەکان بەیەک گەیشتبوون. دکتۆر ئۆلیڤەر لەوبارەیەوە دەڵێت:" ئەو داخوازییەی مارکسیستە کلاسیکەکان بۆ ئازادکردنی رەگەزی مێیینە لە رێگەی بەشدارپێکردنی لە پرۆسەکانی بەرهەمهێناندا، لەگەڵ پێداویستیی بەهێزی کار لەڕووی ئابوورییەوە دەهاتەوە. لە رۆژئاوادا بارەکە پێچەوانەی ئەمە بوو، لای حکوومەتی کۆنزێرڤاتیڤ زیاتر دید و بۆچوونێکی کلاسیکی سەبارەت بەهاوسەرگیری و خێزان باو بوو. دواتر وردە وردە دەست کرا بەکارکردن بۆ مافی تاکەکەسیی و کاری پیشەیی ئافرەتان. ئەمەش تا حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوو درێژەی کێشا تاوەکوو ئەم رەوتە لە یاساکان و دەستووردا رەنگی دایەوە. لە ساڵی ١٩٤٩وە لە دەستووردا هاتووە کە "ژنان و پیاوان یەکسانن"، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٣دا ئەوەی خرایە سەر کە دەوڵەت کار بۆ جێبەجێکردنی کردەیی یەکسانیی ژنان و پیاوان دەکات و کار لەسەر نەهێشتنی خاڵە سەلبییە بۆماوەکان دەکات".

## ژنانی ئەڵمانیا و سیستەمی کۆتا

لەهەندێک وڵاتانی ئەورووپادا بۆ دەستبەرکردنی

www.netewe.com

مافەکانی ژنان و نزیککردنەوەیان لە ناوەندەکانی بڕیار سیستەمی کۆتا و ڕێژە دیاریکراوە. ئایا ژنانی ئەڵمانیاش بەو قۆناغەدا تێپەڕیون؟ دکتۆر ئۆلیڤەر شناکنبێرگ، دەڵێت:" ماوەیەکی درێژە مەسەلەی کۆتادانان بۆ ئافرەتان وەک هاندانێکی کردەیی بە ئاراستەی یەکسانی ژن و پیاو لەئەڵمانیادا باسێکی جێگەی مشتومڕە. لە یاسای یەکسانکردن لەکاری دەوڵەتیدا جۆرێک لە ڕێکخستنی کۆتای ڕێژەیی دیاریکراوە، واتە لەو نووسینانەی دامەزراندن لەکاری دەوڵەتیدا ڕستەیەک دەنووسرێت کە لەگەڵ یەکسانی لە لێهاتووییاندا، ژنان وەپێشدەخرێن. بەڵام لەڕێی کۆمەڵێک بڕیاری دادگاوە بەردەوام ڕێنمایی دیکە لادەبرێن (بۆ نموونە، وەپێشخستنی ئافرەتان تا دەگاتە ڕێژەیەکی دیاریکراو).

لە ساڵی ١٩٩٥یشدا دادگای ئەورووپا بڕیاریدا کە وەپێشخستنی ئۆتۆماتیکی ژنان دەبێتە مایەی جیاکردنەوەی ڕەگەزیی لە دژی پیاوان".



هیتلەر بەڵێنی بە ژنانی وڵاتەکەی دا کە ئەگەر لەو هەڵبژاردنەدا سەربکەوێت و لەماوەی ٤ ساڵدا ٨٠٠٠٠٠ ژنی بێکار دادەمەزێنێت

نازییەکان: "ژنان شوێنی کرێکارانی پیاو بگرنەوەو بەشێوەی ماماوەندیش تەنیا ٦٦٪ی مووچەی پیاوانیان بدەنێ"

## ڕوانگەی پارتە سیاسییەکانی ئەڵمانیا بۆ پرسی ژن

بەپێی قسەی دکتۆر ئۆلیڤەر شناکنبێرگ "سەوزەکان" لە کاتی دامەزراندنی پارتەکەیاندا ڕێژەیەکیان بۆ ئافرەتان دیاریکرد کە دەبێ لانیکەم نیوەی پۆستەکان بە ئافرەتان بدرێت، پارتی سۆسیال دیموکراتیش ڕێژەی ٤٠٪ی پۆست و نوێنەرایەتییەکانی بۆ ئافرەتان دیاری کردووە. هەروەها پارتی دیموکرات مەسیحیش بەرنامەی هەبوو ڕێژەیەکی دیاریکراو بۆ ئافرەتان دەستنیشان بکات، بەڵام هەوڵەکەیان سەری نەگرت. لە جیاتی ئەوە ساڵی ١٩٩٦ بڕیاری ناسراو بە نیسابی ئافرەتان Frauenqourum دەرکرا کە یارمەتی ئافرەتان دەدات ڕێژەیەکی تایبەتیان لەپۆستە حیزبییەکان و لیستەکاندا هەبێت. ئەو گوتی:"بەرنامەی پارتە سیاسییەکانی ئەڵمانیا سەبارەت بە پرسی ژنان ئەمڕۆ تارادەیەکی زۆر لەیەک نزیک بوونەتەوە، بۆتە شتێکی ئاسایی کە ئافرەتان نەک هەر لەکاری سیاسییدا، بەڵکو لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا هاتوونەتە مەیدان و کاریگەریشیان بەسەر بڕیاردانەوە هەیە".

## کاریگەری هەڵبژاردنی ئەنگێلا مێرکل


لەبارەی هەڵبژاردنی ئەنگێلا مێرکل بۆ پۆستی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا دکتۆر ئۆلیڤەر شناکنبێرگ گوتی:" ئەوە هەر تەنیا هەڵبژاردنی ئەنگێلا مێرکل وەک ڕاوێژکاری ئەڵمانیا نەبوو کە بە دەرەوەشی نیشاندا دوای یەکەسانکردنی یاسایی، یەکسانیی کردەیی ژنان و پیاوان لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینییەوە. بەڵام دیارە بۆ دوا قۆناغی ئەو ئامانجەش لە ئەڵمانیا هێشتا ماویەتی. ڕاوێژکارێکی ئافرەت لەوانەیە ژمارەیەکی زۆری ژنان و کچان هان بدات شانسی دیکە لە گشت بوارە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بۆخۆیان وەدەست بێنن".




www.netewe.com

# " بە تەلەفۆن پیلانی کوشتنی مێردەکەم دارشت"

هەولێر




سێ ساڵ لەمەوپێش شوفێری تەکسییەک، دوای پێنج مانگ لەهاوسەرگیری، لەلایەن چەند کەسێکەوە دەکوژرێ و هەفتەی رابردوویش بەدواداچوونەکانی پۆلیس گەیشتنە ئەنجام و هۆکاری کوشتنەکەی و بکوژانی ئاشکرا بوون.

لە٣١ی ١ی٢٠٠٧ شوفێرێکی تەکسی بەناوی (ز.ع)، تەمەن ٢٩ ساڵ، کە ماوەی ٥ مانگ بوو ژیانی هاوسەری پێکهێنابوو، کاتژمێر ٣٠, ٨ بەیانی لەنزیک چوارییانی عەدالە، لەلایەن دوو پیاو، لەناو تەکسییەکەیدا دەکوژرێت، وێڕای لێکۆڵینەوەی پۆلیس لەرووداوەکە، هیچ زانیارییەکیان دەست ناکەوێت. بەڵام دۆسیەکەی لەلایەن پۆلیسەوە داناخرێت و بەدواداچوونی بەردەوامی بۆ دەکرێت. هەفتەی رابردوو پۆلیس، توانی چەند زانیارییەک دەربارەی کوشتنی (ز)، دەستبخات و تۆمەتباران کە سێ کەسن و ژنەکەی (ز)، لەگەڵیاندایە، دەستگیر کران. (ز) تا سێیەمی ناوەندی خوێندبووی و شۆفێری تەکسی بوو چەند ساڵ بوو کە لەو ڕێگەیەوە بژێوی خێزانەکەی دابین دەکرد.

## چیرۆکێکی نهێنی

(چ)، کە ژنی (ز)، بووە لەبارەی دەستپێکی ناسینی (ز)، گوتی:" کاتێک ماڵی (ز)، هاتنە داوام لەبەر ئەوەی دراوسێبووین هەموومان رازیبووین، هەرچەندە ٥ساڵ بەرلەوە پەیوەندی خۆشەویستیم لەگەڵ کوڕێک هەبوو بەناوی (خ)، ئەویش هاتە داوام، چونکە خوشکەکەم رازینەبوو براکەم بەماڵی (خ)،ی گوت، رازی نین و ئەوانیش جارێکیتر نەهاتنەوە داوام". وەک (ل)، دایکی (ز)، دەیگێڕێتەوە، ماڵی (چ) ٢٠ ساڵ دراوسێیان بوون و کە چوونەتە داوای یەکسەر رازی بوون و ئەوانیش دوای هەفتەیەک



گواستوویانەتەوە. (چ) کە چیرۆکی نهێنی خۆی لەگەڵ (خ)، دا پاراستووە، گوتی، دوای ماوەیەک لەمێردکردنم بە (ز)، ڕۆژێک (خ)، تەلەفۆنی بۆکردم و گوتی بژێوی ماددیم باش نییە، ئەگەر وەک دز بێمە سەرماڵتان زێڕەکانم دەدەیتێ، منیش رازیبووم و پیلانەکەمان دانا.

## پیلانی دزی

بەپێی پیلانەکە، دەبوایە دوای کاتژمێر ١٢ی شەو (چ) پەنجەرەی ماڵەکەیان دانەخات، تا (خ) لەوێوە بێتە ژوورەوە،" شەوێکی ساردی زستان بوو، (خ)، وەک دز بەپێی نەخشەکە هاتەژوورەوەوە دەمانچەی لەسەر سنگی مێردەکەم دانا و داوای پارەی لێکرد، (ز)، یش بەمنی گوت برۆ بۆی بهێنە. منیش لەسەر قەرەوێڵەکە هەستام و زێڕەکانم و برێک پارەیشم پێدا".

(ز)، پاش ڕووداوەکە پۆلیس لەهاتنی دز بۆ سەرماڵیان ئاگادار دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی ناتوانن بگەنە هیچ ئەنجامێک، دۆسیەکە لەلایەن پۆلیسەوە دادەخرێت.

دایکی (ز)، وەها باس لەو شەوە دەکات:" دوای سێ مانگ لەگواستنەوەی (چ)، خانووەکەمان بە١٠ دەفتەر دۆلار فرۆشت، پێنج ڕۆژ دوای فرۆشتنی دز هاتەسەرمان و شەوێکی درەنگ بووکەکەم بەزریکەزریک هاتەخواری و گوتی، دز هاتووەتەسەرمان و بە (ز)،ی گوتووە برادەری خۆتم و پێنج دەفتەرم بۆ بهێنە، تا چووینە سەرەوە زێڕەکانی (چ)، و برێک پارەیشی بردبوو". دوای ئەو ڕووداوە ماڵی (ز)، لەو گەڕەکە بار دەکەن و لەگەڕەکی عەدالە خانوویەک دەکڕن، بەڵام زۆری پێناچێت کە کوشتنی (ز)ی، بەسەردا دێت.



## پیلانێکی تر

بەقسەی (چ)، پاش تێپەڕبوونی سێ مانگی هاوسەری لەگەڵ (ز)، ڕۆژێک (خ)، تەلەفۆنی بۆ کردووەو پێی گوتووە:" لەوەزیاتر ئۆقرەم نەماوە تۆ رازیت، (ز)، بکوژم؟ منیش گوتم پێدەکرێت، گوتی بەڵێ".

(چ و خ) بەتەلەفۆن پیلانی کوشتنی (ز)، دادەڕێژن و دوای ٦ ڕۆژ جێبەجێی دەکەن.

(چ)، لەوبارەیەوە دەڵێت:" ڕاستە هیچ کێشەیەکم لەگەڵ مێردەکەم نەبوو، بەڵام هەر دڵم لای (خ) بوو، بۆیە هەموو زانیارییەکم پێدا بۆ ئەوەی (ز)، بکوژێت. بەتەلەفۆن پێمگوت بەیانیان، کاتژمێر ٨ لەماڵ دەچێتەدەرەوەوە ئەویش چاوەڕێی کرد و لەگەڵ خزمێکی خۆی سواری تەکسییەکەی بوون و کوشتیان".

## گەڕان بۆ چارەسەر

(خ)، دەڵێت" زۆر هەوڵمدا (چ)، خۆی بەتەڵاقدان بدات یان هەڵیبگرم، بەڵام رازینەبوو، دەیگوت لەبەر کەسوکارەکەم ناتوانم ئەگەر دەتوانی بیکوژە، ئەوەبوو داوام لەئامۆزاکەم کرد یارمەتیم بدات و بۆ کوشتنی (ز)، پیلانمان دارشت". (ع)، بکوژی (ز) و ئامۆزای (خ)، سەبارەت بەچۆنیەتی کوشتنی (ز) دەڵێت:" ئێوارەیەک (خ) باسی کێشەی خۆی و (چ)ی بۆ کردم، داوای لێکرد کە (ز) بکوژم منیش زۆر هەوڵمدا کێشەکە بەشێوەیەکیتر چارەسەربکەم، بەڵام بێسوود بوو چونکە کە تەلەفونم بۆ (چ) کرد ئەویش سووربوو لەسەر ئەوەی کە بیکوژین". (ع) لەسەر پێداگری (خ)، و ڕەزامەندی (چ) رازی دەبێت لەپیلانەکەیاندا بەشدار بێت و کۆتایی بە ژیانی (ز)، بێنێت.

www.netewe.com



دایکی کوژراو

## چرکەساتی کوشتنەکە

بکوژ (ع)، دەڵێت:" من (ز)م نەدەناسی، بەڵام (چ و خ) پێکەوە پیلانەکەیان دارشتبوو، بەپێی پیلانەکە، ئێمە سەعات ٨ لەتەیراوە بەڕێکەوتین، پاش چارەکێک چاوەڕوانی لەجۆتسایدی گەڕەکی عەداله (ز)، کە تەکسییەکی جۆری سەنی پێبوو، هات. پاشان (خ)، کە دەمانچەیەکی تورکی پێبوو یەکسەر دایە دەستم. دەستمان لێی راگرت و سوار بووین، من چوومەدواوەوە (خ) چووە پێشەوەو گوتمان، دەچینە گەڕەکی شۆڕش، بەرلەوەی بجووڵێتەوە فیشەکێکم لێداو کوشتم و یەکسەر شوێنی رووداوەکەمان بەجێهێشت".

## هەواڵی کوشتنی مێردەکەی دەبیستێت

(چ)، دەڵێ:" کە هەواڵی کوژرانی (ز)، یان بۆ هێنام و چوومەسەر تەرمەکەی یەکسەر پەشیمان بوومەوەو ئێستاش کە دووساڵ و هەشت مانگ بەسەر رووداوەکەدا تێپەڕیوە، ئەو مەسەلەیەم لای کەس نەدرکاندووە". دایکی (ز)، وەها رۆژی کوژرانی کوڕەکەی دەگێڕێتەوە:" بەیانییەک پاش ماوەیەکی کورت لەدەرچوونی لەماڵەوە هەواڵمان بۆهات کە (ز) لەخەستەخانەیەو کوژراوە. گومانمان لەکەس نەبوو، هەژاری ماڵی خۆمان بووین".

(م)، برای (ز)، کە ساڵانێک لەدەرەوەی کوردستان ژیاوە، گوتی:"

> " دوای هەر رووداوێک ئەگەر بکەرانی دەستگیر نەکرێن و زانیاری ئەوتۆیان لەبارەوە دەستنەکەوێت، دۆسیەکە داناخرێت و بەردەوام بەدواداچوونی، بۆدەکرێت تا دەگەینە راستییەکان"

بەیانی رۆژی٣١ی١ی٢٠٠٧، بوو کە لەکوژرانی براکەم ئاگادار کراینەوە، بەڵام گومانمان لەکەس نەبوو و پێمانوابوو پۆلیس لێکۆڵینەوەی باشیان نەکردووە، بۆیە بکوژان ئاشکرا نەبوون".

## "گومانم لە بووکەکەم نەبوو"

دایکی (ز)، کە ژنێکی ٦٦ ساڵانەو چوارکچ و سێ کوڕی هەیە، بەدەم گریانەوە دەیگوت:" (چ) بەرەزامەندی خۆی مێردی بەکوڕەکەم کرد، نازانم بۆ جەرگی منی سووتاند، داوا لەحکوومەت دەکەم چۆن کوڕەکەیان بەگوللە کوشت، ئەوانیش وەها بکوژرێنەوە".

دایکی (ز)، قەت گومانی لەبووکەکەی نەکردووە، لەبەرئەوەی کاتێک تەرمی کوڕەکەیان هێناوەتەوە لەئەوان زیاتر" شین"ی کردووەو لەپرسەکەدا" قورئانی بەرزکردووەتەوەو گوتوویەتی خوایە حەقمان بستێنی".

## پەشیمانن

پاش رووداوەکە (ع)، ماوەیەک باری دەروونی خراپ دەبێت و چەند جارێک سەفەر دەکات بۆ ئەوەی رووداوەکەی لەبیربچێتەوە. دوای کوشتنی (ز)یش پەیوەندی (چ) و (خ) هەر بەردەوام دەبێت، بەڵام وەک (خ) باسیدەکات (چ) پێی باش بووە جارێ شووی پێنەکات.

(ع،خ و چ) کە هەر سێکیان لەکوشتنی (ز)دا دەستیان هەبووە، پەشیمانی خۆیان لەوکارە دەدەبڕن و دان بەوەدا دەنێن کە هەڵەیان کردووەو داوا لە گەنجان دەکەن کە زۆر وریا بن و نەکەونە نێو هەڵەی وەهاوە.

## دۆسیەکان لای پۆلیس داناخرێن

بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەولێر عەمید عەبدولخالق تەلعەت، لەلێدوانێکی تایبەتدا بەوارڤینی راگەیاند:" زۆرجار دەگوترێت لەکاتی خۆیدا تۆمەتبارانی رووداوەکان دەستگیر ناکرێن و پۆلیس لەو پرسەدا بەکەمتەرخەم دەزانن و پێیانوایە کە دۆسیەکان دادەخرێن، بەڵام بەپێچەوانەوە ئێمە بەردەوام دەبین لەلێکۆڵینەوەوە تا زانیاری تەواومان دەستنەکەوێت، کەس دەستگیر ناکەین".

عەمیدی مافپەروەر عەبدولخالق تەلعەت، باس لەچۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ رووداوەکان دەکات و دەڵێت:" دوای هەر رووداوێک ئەگەر بکەرانی دەستگیر نەکرێن و زانیاری ئەوتۆیان لەبارەوە دەستنەکەوێت، دۆسیەکە داناخرێت و بەردەوام بەدواداچوونی، بۆدەکرێت تا دەگەینە راستییەکان".

تۆمەتباران پاش لێکۆڵینەوەی وردی پۆلیس دانیان، بەتاوانەکەیاندا ناوەو چاوەڕوان دەکرێت کە بەپێی ماددەی ٤٠٦، لەیاسای سزادانی عێراقی سزادەبدرێن. لەوبارەیەوە دادوەرێک کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکات بەوراڤینی راگەیاند، ئەو تاوانبارانە بەپێی مادەی ٤٠٦ لەیاسای سزادانی عێراقی سزادەدرێن و بەپێی هەردوو برگەی (ا،ج) دوور نییە بریاری لەسێدارەدانیان بەسەردا بسەپێت.



www.netewe.com

# بەهۆی خیانەتی هاوسەرییەوە

# کوڕێک تۆڵە لەخاڵی دەکاتەوە

هەولێر



ئەو هەرکاتێک ژنەکەی و خاڵی لەماڵ نابێت، لەگەڵ خەسووی دەخەوێت. دوای ئەوەی کە، ڕۆژێک هەموو قسەیەک بۆ ژنەکەی ئاشکرادەکات، ژنەکەی تەڵاق دەدات، هەروەها بە ژنی یەکەمی خاڵیشی دەڵێت کە خاڵی ژنی هێناوە و بەسەرهاتی خۆی بۆ خاڵۆژنی دەگێڕێتەوە.

ئەمە بەسەرهاتی ئاسۆیە کە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ خەسووی کە هاوکات خاڵۆژنی بووە، داناوە. ئاسۆ، کوڕێکی باڵابەرزی ئەسمەری تەمەن ٢٣ ساڵانە، ئەو خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی دەورووبەری شاری هەولێرە. ئاسۆ کاتێک دایکی کوژراوە تەمەنی چوار ساڵان بووە. بەگوتەی ئاسۆ، لەساڵی ١٩٩٢ لەبەر ئەوەی دایکی ئامادە نابێت پارە بداتە براکەی کە خاڵی ئاسۆیە و پێشترش چەند جارێک بەزۆر پارەی لە خوشکەکەی سەندووە، بۆیە دەبێتە شەڕیان و لەسەر ئەوەش بەچەند فیشەکێک دایکی ئاسۆ دەکوژێت و دواتر دەڵێت:" مەسەلەکە ناموس بووە"، بۆیە کەس لێی ناپرسێتەوە. وەک ئاسۆ، باسی لێوەدەکات، باوکی دوای کوژرانی ژنەکەی سەری خۆی هەڵدەگرێت و هەولێر بەرەو شوێنێکی نادیار بەجێدەهێڵێت.

پاشان ئاسۆ، دەکەوێتە لای خاڵی کە لەهەمانکاتدا بکوژی دایکیشیەتی، ئەودەڵێت:" ماوەی منداڵیم زۆر دژوار بەسەر بردووە، چونکە خاڵم هەموو کارێکی پێدەکردم و دوای گەڕانەوەشم بۆ ماڵ پارەکەی لێدەسەندم". وەک خۆی گوتی، لە ساڵی١٩٩٧، لەیەکێک لەبارەگاکانی حکوومەت پاسەوان دەبێت، بەڵام لەو ماوەیەدا خاڵی لەگەڵ ئەوەدا کە، خاوەن ژن و منداڵ بووە، لەگەڵ ژنێکی تەمەن ٣٢ساڵ پەیوەندی سێکسی دادەنێت. ژنەکەش کچێکی تەمەن ١٣ساڵانی هەبووە. وەک ئاسۆ، باس دەکات، خاڵی ئەوی کردووەتە ئامرازێک بۆ نزیکبوونەوە لە ژنەکە، بۆیە کچە سیانزە ساڵانەکەی ژنەکە لە ئاسۆ مارە دەکات.

بەپێی قسەی ئاسۆ، ئەو ژنە خەڵکی مووسڵ بووە و هاوسەر و منداڵیشی هەبووە. خاڵی، لەبەر ماڵ و سامانەکەی داوای لێدەکات، کە تەڵاق لە مێردەکەی وەربگرێت، تا ئەو مارەی بکات، کە لە هەمان کاتدا خەسووی ئاسۆش بووە، ژنەکە بەقسەی دەکات و خاڵی، بەدزی ژنەکەی دیکەیەوە لە گەڕەکێکی شاری هەلێر، خانوو بۆ خەسووی ئاسۆ دەگرێت و ئاسۆ و ژنەکەشی لەوێ دادەنیشن و لەوماوەیەدا دەبنە خاوەنی منداڵێک.

ئاسۆ، باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە دەزانێت خاڵی بۆ جارێکی تر ناپاکی لەگەڵ دەکات، و بەبێ ئاگاداری ئاسۆ و ژنی یەکەمی، "پەیوەندی سێکسی" لەگەڵ ژنی ئاسۆش دادەنێت و هەر کاتێک ئەو لەماڵ نەبووە چووەتە لایی و لەگەڵی خەوتووە. ئاسۆ دەڵێت:" ماوەیەک بوو هەستم دەکرد پەیوەندی خاڵم لەگەڵ ژنەکەم کە زڕکچیەتی نائاساییە، بۆیە بەنهێنی چاودێریم دەکردن، ڕۆژێک زووتر لەدەوام گەڕامەوە خاڵم و ژنەکەمم لەسەر جێگای نووستنی خۆم بینی کەپێکەوەبوون"، بەڵام خاڵی، هەڕەشەی کوشتنی لێدەکات، ئەگەر قسە بکات هەموویان دەکوژێت، بۆیە ئەو بێدەنگ دەبێت و لەماڵ دەڕوات.

ئاسۆ دەڵێت:" هەمیشە لەبیری ئەوەدابووم چۆن تۆڵەی خۆم لە خاڵم بکەمەوە". ڕۆژێک تەلەفۆن بۆ خەسووی دەکات و داوای لێ دەکات، بیبینێت و چەند جارێک پێکەوە دادەنیشن، نێوانی لەگەڵ خەسووی خۆش دەکات، تا ڕۆژێک داوای پەیوەندی سێکسی لێ دەکات، ئەویش بە مەرجێک رازی دەبێت کە ئاسۆ بۆ ناو ماڵی خۆیان بگەڕێتەوە.

ئاسۆ، باسی گەڕانەوەی بۆلای ژن و منداڵەکەی دەکات و ئاماژە بە پەیوەندی خۆی لەگەڵ خەسووی دەکات کە خاڵۆژنیشی بووە. وەک ئاسۆ باسی کرد، کە هەمان هەڵەی خاڵی، دووبارەکردووەتەوە بەوەی هەرکاتێک ژنەکەی و خاڵی لەماڵ نابێت، لەگەڵ خەسووی دەخەوێت.

دوای ئەوەش ئاسۆ، ڕۆژێک هەموو قسەیەک بۆ ژنەکەی ئاشکرادەکات و ژنەکەی تەڵاق دەدات، هەروەها بە ژنی یەکەمی خاڵیشی دەڵێت کە خاڵی ژنی هێناوە و بەسەرهاتی خۆی بۆ خاڵۆژنی، دەگێڕێتەوە.

ئاسۆ، ئەوەشی گوت کە هەرچەندە خاڵۆژنی چارەی ئەوی نەویستووە، بەڵام باوەڕی بەقسەکانی کردووە و براکانی ئاگادارکردووەتەوە و تەڵاقی لە خاڵی وەرگرتووە. ئاسۆ، ئێستا لەموسڵ دەژیت و بڕیاریشیداوە بۆ نێو کەسووکاری نەگەڕێتەوە.

توێژەری کۆمەڵایەتی ساکار عەبدولموتەلیب، لەبارەی پیگەی کۆمەڵایەتی و جۆری کەسایەتی ئاسۆ و خاڵی و حاڵەتی هاوشێوەی ئەوان، گوتی:" ئاسۆ، مەبەستی ئارەزووی سێکسی نەبووە، چونکە ئەگەر پرسەکە ئارەزووی سێکسی بوایە دەیتوانی لەگەڵ ئافرەتێکی دیکەدا بەتاڵی بکاتەوە، نەک کەسێکی نزیکی وەک خەسووی، بەڵام هەرکات مرۆڤێک تووشی "شۆک" ببێت و حاڵەتە ئاساییەکانی خۆی نەبڕێت و چارەسەری بۆ نەکرێت، ئەوا کێشەکە لەدەروونیدا دەمێنێتەوە و لەگەڵ گەورەبوونیدا گەورەتر دەبێت، بۆیە دواجار هەوڵدەدات لەنزیکترین کەسەوە تۆڵەی خۆی لەو کەسەی کە هەم دایکی کوشتووە و هەمیش ناپاکی لەگەڵ کردووە، بکاتەوە".

لەوبارەیەوە پسپۆڕ لەبواری نەخۆشیە دەروونییەکان د.توانا عەبدولڕەحمان، بەوارڤینی راگەیاند کە پێدەچێت ئەو حاڵەتە پەیوەندی بەپێگەی کۆمەڵایەتی ئەوانەوە هەبێت و مەرجیش نییە ئەو کەسانەی کە ئەو جۆرە پێوەندییانەیان هەیە هەمیشە کێشەی دەروونییان هەبێت. د. توانا، ئاماژەی بەوەدا کە ٢٠٪ ئەو حاڵەتانە لەناو زۆربەی کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناڤیندا هەن، بەڵام خەڵک باسیان لێوە ناکات. ئەو گوتی:" پەیوەندی سێکسی لەنێوان زاواو خەسوودا کەمترە، بەڵام پەیوەندی سێکسی لە نێوان باوک و کچ، خوشک و برا، بەپلە سێ لە نێوان دایک و کوڕە. ئەمانە بە نەخۆشی ناژمێردرێن، رەنگە لەوکاتەدا باری دەرونییان تەواو نەبێت، بەڵام لە راستیدا ئەو پرسە بۆ داخراوی کۆمەڵگە و خێزان دەگەڕێتەوە، زۆرجار ئەم حاڵەتانە لە متمانە بەخۆنەبوون و هەستکردن بە کەمی و لاوازی کەسایەتی دەگەڕێتەوە".



بەهرە حەمەڕەش

www.metewe.com

# به تاوانی خیانەتی هاوسەری

## ژن و پیاوێک لەدهۆک سزای لەسێدارەدانیان بۆ بڕاوەتەوە

دهۆک

بەتاوانی خیانەتی هاوسەری و کوشتنی مێردەکەی (ە، و، ب) سزای لە سێدارەدانیان بۆبڕایەوە و تا ئێستاش لە زینداندان. هاوکات سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی دهۆک، لەوبارەیەوە بە وارڤینی رایگەیاند، لەبەر ئەوەی تا ئێستا بڕیاری لەسێدارەدان جێبەجێ ناکرێت، بۆیە بڕیاری ئەو ژن و پیاوەش وەک خۆی ماوەتەوە و جێبەجێ نەکراوە.

(ە.س)، ژنێکی تەمەن ٣٠ ساڵە و خاوەنی دوومنداڵە، خەڵکی شارۆچکەی ئاکرێی سەر بە پارێزگای دهۆکە. ئەو، دوای ٢ساڵ هاوسەرگیری لەگەڵ (ع) پەیوەندیی ناشەرعی لەگەڵ (ب)، دروست دەکات. کێشەی "ە.س " بۆ ساڵی ٢٠٠٨ دەگەڕێتەوە و بەپێی گوتەکانی "ە"، پاش تێپەڕبوونی ساڵێک لە هاوسەرگیری، بەڕێکەوت (ب) لە بازاڕ دەناسێت، کە ئەوکاتە (ب)ـیش بۆ ماوەی ٣ مانگ بوو هاوسەرگیری کردبوو.

بە تێپەڕبوونی کات پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوان "ە.س.ت" و "ب. م.ع"، دا زیاتر دەبێت و چەندینجار پێکەوە دەچنە دەرەوە. لەگەڵ بەردەوامی پەیوەندییەکەیان و بۆئەوەی بتوانن زیاتر لەیەکتر نزیکبن، "ە" و "ب" بڕیاردەدەن "ع" ی مێردی بکوژن و لەگەڵ دوو هاوڕییاندا نەخشەی کوشتنی دادەڕێژن. بەپێی دانپێدانانی"ە.س"، دوای داڕشتنی پیلانی کوشتنەکە لەگەڵ خۆشەویستەکەی و دوو هاوڕێکەیاندا، "ە"، بەبیانووی چارەسەری نەخۆشی، مێردەکەی بۆ "موسڵ" دەبات و لە کۆڵانێکدا یەکێک لە دوو "تاوانبارەکە" خۆی لێیان نزیک دەکاتەوە و "گوللەیەک لەدڵی مێردەکەی دەدەن" و دەیکوژن و دەستبەجێ لەگەڵ ژنەکەدا لەشوێنی رووداوەکە دوور دەکەونەوە. دوای تێپەڕبوونی چەند هەفتەیەک لە کوژرانی "ع"، "ە"، شوو بە "ب" دەکات، بەڵام لێکۆڵینەوەی پۆلیس بەردەوام دەبێت. دوای ئەوەی بەڵگەی تەواو لەسەر رووداوەکە بەدەست دەهێنن، "ە" و"ب" کە ئەوکات ژن ومێردبوون دەستگیر دەکرێن و دوای ئەوەی دان بەتاوانەکە دادەنێن، پۆلیس کەیسەکە رەوانەی دادگا دەکات.

لە سەرەتای ئەم مانگەدا، لەدادگای تاوانەکانی دهۆک، سزای لەسێدارەدانیان بۆ بڕایەوە. لە دانپێدانانەکانی یەکێک لە تۆمەتباران هاتووە کە "بەرلەوەی گوللە لە "ع" بدەن، "ە"، بە جانتاکەی دووچاوی خۆی داپۆشیووە".

بەپێی زانیارییەکان، کاتێ لێپێچینەوە لەگەڵ تاوانباران کراوە هەریەکێکیان تاوانەکەی داوەتە




دادوەر محەممەد ئەمین شەرەفانی

پاڵ ئەویتریان، بۆیە دادگا داوای لێکۆڵینەوەی وردی کردووە و"بەپێی بەڵگە" هەر چوار کەسەکەی لەکوشتنی "ع" دا بە بەرپرسیار زانیوە، هەروەها سزای بۆ بڕیونەتەوە، بەشێوەیەک کە " سزای لەسێدارەدانی بۆ "ە" و "ب" دەرکردووە و زیندانی هەتاهەتاییشی بۆ دوو هاوڕێکەیان، بڕیوەتەوە.

سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی دهۆک، دادوەر محەممەد ئەمین شەرەفانی، بە وارڤینی راگەیاند کە لە دەستپێکی دادگاییکردنەکەدا، هەر دوو منداڵی "ع" کە تەمەنیان لەژێر ١٨ ساڵییە، لە دانیشتنی یەکەمی دادگادا ئامادەبوون و گەواهی ئەوەیانداوە کە "دایکیان حەزی لەو گەنجە کردووە و ئەوان ئاگاداربوونە کە چەندینجار "ب" هاتووەتە ماڵیان و سێکسی لەگەڵ دایکیان کردووە". بۆیە گەواهی منداڵەکان، ئەوەی دەرخستووە کە ئەوان وێنەی "ب" یان لەلای دایکیان بینیوە.

محەممەد ئەمین گوتی:" لەبەر ئەوەی دادگا، بەڵگەی تەواوی لەلا بوو، تاوانباران، بەپێی ماددەی ٤٠٦ لە یاسای سزادانی عێراقی، سزای بەسەردا سەپاندن و هەروەها سزای لەسێدارەدانی بۆ ە و ب، بڕیەوە".

منداڵی "ع" کە تەمەنیان لەژێر ١٨ ساڵییە، لە دانیشتنی یەکەمی دادگادا ئامادەبوون و گەواهی ئەوەیانداوە کە "دایکیان حەزی لەو گەنجە کردووە و ئەوان ئاگاداربوونە کە چەندینجار "ب" هاتووەتە ماڵیان و سێکسی لەگەڵ دایکیان کردووە

**هێژا شێخ مەمی**

www.metewe.com

## خیانەتی هاوسەریی:

# هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی خێزانە

دهۆک

خێزان بنچینەی کۆمەڵگەیەو زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش لـەو دامـەزراوەیـەوە سەرچاوە دەگرن، ژن و پیاو دوو کۆڵەکەی بنچینەیی خێزان و ژیـانی هـاوسـەری و پەیوەندی نێوان دوو رەگەز بە قۆناغگەلی هەستیاردا تێپەردەبێت. یەکێک لەو کێشانەی کە رووبەرووی خێزان دەبێتەوە، بە" خەیانەتی هاوسەری"ناسراوە کە هەردوو رەگەزی نێر و مێ دەگرێتەوە. لە کۆمەڵگەی کوردستاندا زۆرجـار ژنـان دووچـاری ئەوکێشەیەدەبن و پیاوانیش وەک بەرزی بانان، بۆی دەردەچن.

### خیانەتی هاوسەری چییە؟

خەیانەتی هاوسەری، رووداوێکی کۆمەڵایەتی نەرێنییەو بەپێی دابوونەریتی کۆمەڵایەتیی و بیر و بـڕوا و سیستەمی کۆمەڵگە، لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە. خەیانەتکردن، زۆرجار بۆ نەبوونی پەیوەندییەکی دروست لە نێوان هاوسەرەکان و کاریگەری دەرەکی بەسەریانەوە، دەگەڕێتەوە کە ئەمەیش دەبێتە هۆی تێکدانی سیستەمی خێزان و لە هەمانکاتدا ناکۆکی قووڵی لێ دەکەوێتەوە.

### هۆکارەکانی خیانەتی هاوسەری

توێژەری کۆمەڵایەتی عەلی سەعید، لەو بارەیەوە دەڵـێـت:" دووربـوونـی یەکێک لەهاوسەران لەخێزاندا، بەتایبەت پیاو هەروەها گواستنەوە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە و کۆچکردن و نیشتەجێبوون، جیاوازی تەمەن، لاوازی ئاستی رۆشنبیری و لەیەکترنەگەیشتن دەتوانن بوار بۆ ئەو پرسە خۆش بکەن کە نێوان هاوسەرەکان خیانەتی تێبکەوێت".

پسپۆڕی بواری نەخۆشییە دەروونییەکان د. سالم حەکیم، دەڵێت:" دووربوونی پیاو لە خێزان بەتایبەت و گرنگینەدان و ساردبوونەوەو لێکنەگەیشتن و پشتگوێخستنی داواکارییەکانی دوولایەنە زەمینە بۆ خیانەت خۆش دەکات".

گەشین محەمەد، کچێکی تەمەن٣٠ ساڵە. پێیوایە کە زۆرجار لەیەکنەگەیشتنی هاوسەران و فـرەخـوازی پـیـاوان، هـۆکـاری سەرەکی خیانەتی هاوسەرین. بەرای گەشین:" پیاوان، کاتێ ژن دەهێنن، دەبێ چاوپۆشی لەو هەستە فرەخوازەی خۆیان بکەن و زیاتر گرنگی بە خێزان و هاوسەرەکەیان بدەن، تا شیرازەی خێزانەکەیان تێک نەچێت".

ئـەحـمـەد حـەسـەن، پیاوێکی تـەمـەن٤٥ ساڵە. ئەو وەکو پیاوێک هۆکاری خەیانەتی هاوسەری بۆ نەبوونی رۆشنبیری پێویست و لەیەکنەگەیشتن لە ئەرکی هاوسەرێتی نێوان ژن ومێرد دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت:" لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کچ و کوڕ بەر لەوەی پەیوەندی هاوسەرێتی گرێبدەن، هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بە رۆڵ و ئەرکەکانی ژیانی نوێیان نییە، بۆیە پاش زەواج کێشەیان بۆ دروست دەبێت و زۆرجـار ئەمەیش بە خەیانەتی هاوسەری کۆتایی پێ دێت".

### پیاو تاوانبارە یان ژن

(س.د) کە ژنێکی تەمەن ٤٠ ساڵە. لە کێشەی خیانەتی هاوسەرێتیدا پیاوان بە تاوانبار دەزانێت و پێیوایە، ئەگەر پیاو رێز لە ژن و خوشکی خۆی نەگرێت و خۆی بە کاری خراپەوە سەرقاڵ بکات، رەنگە ژنەکەشی چاوی لێ بکات و وەک تۆڵەسەندنەوەیەک پەنا بۆ کاری خراپ بەرێت. بەرای (س.د.): "سەرهەڵدانی خیانەت زۆرتـر بۆ پیاوان دەگەڕێتەوە و لەو نێوەندەشدا ژن زۆرترین زیانی پێ دەگـات". دلۆڤان، کە گەنجێکی بالابەرزی ٢٥ ساڵە. پێیوایە ئەگەر پیاو چاوی لەسەر خێزانەکەی خۆی بێت وچاوی لەدەرەوە نەبێت، هیچ کێشەیەک دروست نابێت.

بەرپرسی یەکێتی ژنـان لەدهۆک بێریڤان خورشید، ئەو پرسە بۆ کەمتەرخەمی پیاو و ژن دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت:" بەداخەوە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا ژنان زیاتر باجی خیانەت دەدەن و زیاتریش لـەو پرسەدا تاوانبار دەکرێن، چونکە پیاو لە کۆمەڵگەی کوردستاندا زاڵەو کەس، هیچی پێ ناڵێت".

پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونـیـیـەکـان و سەرۆکی بەشی نەخۆشییە دەروونییەکان لە نەخۆشخانەی ئازادی دهۆک، د. سالم حەکیم، پێیوایە کە خیانەتی هاوسەرێتی لە لایەن ژنەوە بکرێت یان پیاو، هیچ جیاوازییەکی نییەو کاریگەری نەرێنی لەسەر شیرازەی خێزان و تاکە کەس و ئەندامانی خێزان دادەنێت.

بەقسەی توێژەری کۆمەڵایەتی عەلی سەعید، "کۆمەڵگەی کوردستان، هەمیشە ژن لەو بـوارەدا بە تاوانبار دەزانـێـت، لەکاتێکدا کە هەردوولایەنی ژنی و پیاو لەو پرسەدا تاوانبارن".

### قوربانیانی خیانەتی هاوسەری

سەبارەت بە قوربانیانی خیانەتی هاوسەری د. سالم حەکیم، دەڵـێـت" قوربانیان بە پلەی یەکەم خـودی ژن وپیاون و پاشان منداڵەکانیان، لەبەر ئەوەی راستەوخۆ منداڵ لە خێزانەکەیان دادەبڕێن و ئەوەش کاریگەری نەرێنی لـەسـەر تەندروستی دەروونـیـان دادەنێت. منداڵ لەوکاتەدا هەمیشە لەترسی ئەوەدا دەبێت کە خێزانەکەیان هەڵوەشێتەوە و هیچ متمانەیەکی بەخۆی نامێنێت".

### رێگەچارە

سەبارەت بە چارەسەری ئەو پرسە، توێژەری کۆمەڵایەتی عەلی سەعید، یـەکـڕووی و راستگۆیی لە هەڵسووکەوتی هاوسەراندا بە بنەمای سەرەکی دەزانێت و دەڵێت:" ژن و پیاو، دەبێ لە هەڵسووکەوت لەگەڵ یەکتردا راست بن و هیچ پرسیارێک لە لای یەکتری نەهێڵنەوە. ئەگەر حاڵەتی خیانەتیش روویدا، دەبـێ لە ئەگەرەکان بکۆڵنەوە و بـەدوای چارەسەرییەکی گونجاودا بگەڕێن نەک پەنا بۆ توندووتیژی و کوشتن بەرن.



هەڵز عەلی

www.netewe.com

# کچانی سکرتێر رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە"

هەولێر - سلێمانی:

کاتێ رووده‌کەیتە نووسینگەی کۆمپانیایەک یان ناوەندێکی حکوومی، بۆت دەردەکەوێت کە زۆرینەی ئەو کچانەی لەوێدا وەک سکرتێر دانراون، رووخسارێکی جوانیان هەیەو بەبەراوورد لەگەڵ فەرمانبەرەکانی دیکەدا جیاوازن. بۆیە هەندێک لە ئافرەتان بۆچونیان وایە کە دانانیان وەک سکرتێر لە نووسینگەکاندا بۆ جوانییان دەگەڕێتەوە.

ئارەزوو، کچێکی جوانی تەمەن ٢٩ ساڵانە و لە نووسینگەیەکی گەشتیاری وەک کچێکی سکرتێر کار دەکات، پێیوایە کە هەموو خاوەن نووسینگەکان ئارەزوو دەکەن، سکرتێرەکانیان جوان بێت. ئارەزوو، باس لەوە دەکات کە زۆربەی کچە سکرتێرەکان، لە لایەن خاوەنکار، یان ئەوانەی هاتووچۆی نووسینگە دەکەن،"رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە". ئەو سکرتێرە، هۆکاری هەڵبژاردنی کاری سکرتێری لەلایەن هەندێ لەو ئافرەتانەی کە جوانن، بۆ زۆری مووچە دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت بەبەراورد لەگەڵ کاری فەرمانبەری، مووچەی سکرتێری زیاترە. هەندێکی دیکە لە ئافرەتانی سکرتێر، هۆکاری هەڵبژاردنی کارەکەیان بۆ زۆری مووچە ناگەڕێننەوە، وەک جیهان، کە کچێکی جوانە و پێیوایە کە بەڕێوەبەرەکەی زۆر ڕێزی لێ دەگرێت و دەڵێت:" لەبەر مووچە کاری سکرتێریم هەڵنەبژاردووە، چونکە مووچەی سکرتێری کەمێک لە هی فەرمانبەر زیاترە".

هاوکات جیهان، هەموو ئەو دەنگۆیانەی کە هەواڵی ناشیاو بۆ کچانی سکرتێر، دروست دەکەن بە ناراست دەزانێت. لەلایەکی دیکەوە شەنگە، کە دەرچووی کۆلیژی دارایی و کارگێڕیەو بەپێی ئەزموونی خۆی دەڵێت:" ئەو کچانەی دەیانەوێت ببنە سکرتێر، دەبێت جوانبن، زمان بزانن و ئەزمونی کاریان هەبێت".

رۆزا، ژنێکی تەمەن ٢٣ ساڵ و بەرپرسی بەشی فرۆشتنی سوپەرمارکێتێکە و پێشتریش لە کۆمپانیایەک کاری سکرتێری کردووە، گوتی کە لەلایەن بەرپرسی کارەکەیەوە رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بووەتەوە و دواتر داوای لێکردووە بەنهێنی مارەی بکات. رۆزا گوتی:" من ئەم کارەم قبووڵ نەکرد، بۆیە لەسەرکار لادرام".

چالاکڤانی بواری ژنان کنێر عەبدوڵڵا، لەوبارەیەوە گوتی:" گێچەڵکردنی سێکسی دژ بە ژنان لەشوێنی کاردا، هەموو ڕەفتارێکی زۆردارانە دەگرێتەخۆ و کارێکی هۆشمەندانەی مەبەستدارە کە بەشێوەیەکی تایبەت، خۆی لە هەڵسووکەوت و قسە و هێما و جووڵەدا دەبینێتەوەو بەشێوازگەلێکی وەک دەست بۆ بردن، نزیکبونەوەی جەستە، تانە و تەشەر و داخوازییە زارەکییە جنسییەکان ئەنجامدەدرێت، کە مەبەست لەو کارانە لێدانە لە کەسایەتی، کەرامەت و سەلامەتی جەستەیی یان دەروونیی کچەکە. بەوەش ئەرکی کەسی بەرامبەر دەکەوێتە مەترسییەوە، یان دەبێتە هۆی تێکچوون و خراپبوونی ژینگەی کارکردن.

کنێرهۆکارەکانی وەها دەستنیشانکرد "پەروەردەی جیاکاری خێزان و ئاستی رۆشنبیری کۆمەڵگە و رۆڵی خراپی راگەیاندن و هەندێجاریش شێوازی قسەکردن و سەرنجڕاکێشی و ئیرەیی لای ژنان دەبێتە هۆکارێک بۆ خۆبەدەستەوەدانی ژنان لەبەر ئەوەی بەبەراوورد لەگەڵ رکابەرەکەیاندا خۆیان لە بەڕێوەبەرەکەیان نزیکتر بکەنەوە یا دەوڵەمەندتر بن".

کنێر عەبدوڵڵا، ئاماژە بەراپرسیەکی مەیدانی خۆی دەکات کە ساڵی ٢٠٠٧ لە هەردوو شاری سلێمانی و هەولێر، کردوویەتی و لەئەنجامدا بەوە گەیشتووە کە پاش کێشەی جەستەیی و دەروونی، گێچەڵی سێکسی دژ بە ژنانی فەرمانبەر لە دامودەزگاکاندا بە پلەی دووهەمی توندووتیژییەکان دێت".

کنێر، ئەوە بەمانای ڕەنگدانەوەی پیاوسالاری لەو ناوەندانەدا دەزانێت. ئەو دەڵێت:" ژنان لەو ناوەندانەدا، ئەوەندەی وەک مێینەیەک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و لە جەستەدا کورت کراونەتەوە، نیو ئەوەندە وەک فەرمانبەرێکی کارا حسابیان بۆ ناکرێت". لە ئەنجامی راپرسیەکەی کنێردا هەروەها ئاماژە بەوە کراوە، کە ئەنجامدەری یەکەمی توندووتیژیی لە




www.netewe.com



سكرتێرێک لە كاتی كارەكەیدا

كنێر عەبدوڵڵا:"پەروەردەی جیاكاری خێزان و ئاستی رۆشنبیری كۆمەڵگە و رۆڵی خراپی راگەیاندن و هەندێجاریش شێوازی قسەكردن و سەرنجڕاكێشی و ئیرەیی لای ژنان دەبێتە هۆكارێک بۆ خۆبەدەستەوەدانی ژنان لەبەر ئەوەی بەبەراوورد لەگەڵ ركابەرەكەیاندا خۆیان لە بەڕێوەبەرەكەیان نزیكتر بكەنەوە یا دەوڵەمەندتر بن، ئاماژە بەراپرسیەكی مەیدانی خۆی دەكات كە ساڵی ٢٠٠٧ لە هەردوو شاری سلێمانی و هەولێر، كردوویەتی و لەئەنجامدا بەوە گەیشتووە كە پاش كێشەی جەستەیی و دەروونی، گێچەڵی سێكسی دژ بە ژنانی فەرمانبەر لە دامودەزگاكاندا بە پلەی دووهەمی توندووتیژییەكان دێت"

ناوەندەكاندا لەلایەن كەسی یەكەمی فەرمانگەكەوە دێت كە بەڕێوەبەرەكەیەتی و لەهەمانكاتیشدا ٨١٪ پیاوان بەڕێوەبەری فەرمانگەكان پێكدەهێنن. بەگشتیی٨٦ ٪ی ژنانیش گوتوویانە كە لە شوێنی كارەكانیاندا توندووتیژیان بەرامبەر كراوە.

كنێر، گوتی كە بێدەنگبوونی ژنان بەپلەی یەک دێت، بەرامبەر بەو گێچەڵەی پێیاندەكرێت و هۆكارەكەشی بۆ عەیبەو تانەوتەشەر و نەبوونی لێپرسینەوەو سزا بۆ ئەو پیاوانەی كە توندووتیژی سێكسی بەرامبەر ژنان، دەكەن، دەگەڕێنێتەوە.

شادی، ناوی خوازراوی كچێكی جوانە، ئەو كچە لە یەكێک لە وەزارەتەكانی حكوومەت كاری سكرتێری دەكات، گوتی كە بەهۆی هەژارییەوە ئەم كارەی قبوڵ كردووە. شادی، كە خاوەن ئۆتۆمبیل و خانووی خۆیەتی قبوڵی نەبوو كە لێی بپرسن، موچەی مانگانەت چەندە، چونكە بەقسەی خۆی یەكسەر پێیدەگوترێت، لەماوەیەكی كەمدا چۆن بوویتە خاوەنی ئەم هەموو شتە. بەقسەی شادی، لە هەموو شوێنێكی ئەم وڵاتەدا ژنان رووبەڕووی گرفت دەبنەوە، بەڵام كەس ئەو راستییە نادركێنێت". شادی، تێڕوانین و مامەڵەی هەندێ لە پیاوەكانی ئەم وڵاتە، وەک یەكتر هەڵدەسەنگێنێت و، دەڵێت:" ئەو پیاوانەی باسی مافی ژن دەكەن، تێڕوانینیان لە بەڕێوەبەرەكەی من و وەزیرەكەی ئەو بۆ رەگەزی مێیینە باشتر نییەو زۆربەیان ژن، بە ئامرازی خۆشگوزەرانی خۆیان دەزانن".

ئەو نایشارێتەوە كە رووبەڕووی زۆر شت بووەتەوە، بەڵام قەت ئامادەنییە رۆژێک ناوی ئەو كەسانە ئاشكرا بكات،" لەبەر ئەوەی كەس خەمخۆری راستەقینەی گرفتەكانی ژن نییە. " شادی پێیوایە ئەگەر پەردە لەسەر نهێنیەكانی هەڵگرێت، عەقڵیەتی كۆمەڵگە سزای پیاو نادات و جارێكیتر خودی ژن، دەبێتە قوربانی و ئەوكاتیش لە پیرۆزی پیاو كەم ناكرێتەوە.

بەرێوەبەڕی گشتی وەزارەتی رۆشنبیری حكوومەتی هەرێمی كوردستان شاكر رۆژبەیانی، دەڵێت:" لەكاری رۆژانـەدا مـەرج نییە هەموو بەڕێوەبەرایەتییەكان پێچەوانەی رەگـەزی خۆیان، سكرتێر دەستنیشان بكەن". بەبۆچوونی ئەو پێویستە لە دانانی سكرتێردا دەبێت وردبین بن، چونكە سكرتێر رووی بەرپرسەكە پیشان دەدات.

رۆژبەیانی، ئەوە دەخاتەڕوو كە سكرتێر، رۆڵی ئەوە دەگێرێت كە بەزوویی پەیامی ئەو كەسانەی سەردانی بەرپرسەكە دەكەن بگەیەنێت و كەسایەتی سكرتێر، دەتوانێت لە راپەڕاندنی كارەكاندا رۆڵێكی ئەرێنی بگێڕێت. ئەو هۆكاری دیاریكردنی سكرتێری ئافرەت، بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە كە ئافرەت مرونەتی لەپیاو زیاترەو لە مامەڵەكردن لەگەڵ خەڵكیشدا نەرمونیانترە.

وەک گوتی، كاتێ كەسێک سەردانی شوێنی بەرپرسێک دەكـات، رەنگە توڕەبێت، بەڵام ئافرەتی سكرتێر، دەتوانێت بە ئاسانی باوەڕی پێ بهێنێت و توڕەییەكەی خاو بكاتەوە. بەلای شاكر رۆژبەیانییەوە جوانی روخسار بۆ ئافرەتی سكرتێر مەرج نییە، بەڵام لەهەرحاڵێكدا" سكرتێری ئافرەت لە پیاو، بەباشتر دەزانم".

# زاخۆ پێویستی بە سەنتەری
# دالّدەدانی ژنان و بنکەی نەهێشتنی توندووتیژی هەیە

زاخۆ

ژنان لە شارۆچکەی زاخۆ، هاوشێوەی زۆربەی ژنانی شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان رووبەرووی توندوتیژی دەبنەوە، بەڵام تاکو ئێستا سەنتەری دالّدەدانی ژنان و بنکەی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی توندوتیژی لەو شارۆچکەیەدا نییە.

بەرپرسانی یەکێتی ئافرەتان و ژنانی زاخۆ، رایانگەیاند، کاتێک ژنێکی هەڕەشەلێکراو پەنایان بۆ دەهێنێت، تا دەیگوازنەوە بۆ دهۆک ڕوو بەرووی گرفتێکی زۆر دەبنەوە و هەندێکجاریش بووەتە هۆی گیان لەدەستدانی ژنەکەو کێشەکە گەورەتربووە.

زاخۆ، دەکەوێتە سەر سنووری باکووری کوردستان (تورکیا) و رۆژئاوای کوردستان (سوریا) و لەساڵی ١٨٦٤ بووەتە شارۆچکەو لە سێ شارەدێ پێکدێت و بەپێی ئامارە فەرمییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، نزیکەی ١٨٠٠٠٠ خێزان تێیدا دەژین.

بەرپرسی ئەنجوومەنی ئافرەتانی زاخۆ نازدار عارف، باس لە پێویستی کردنەوەی سەنتەرێکی دالّدەدان و بەڕێوەبەرایەتی توندووتیژی دەکات و دەڵێت "ژمارەی دانیشتووانی زاخۆ و ئەو کێشەو رووداوانەی کە لەوێ روودەدەن، هەروەها ئەو پەیوەندییە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییانەی کە لە



فەخری ئەحمەد

زاخۆدا هەن، پێویستی بە کردنەوەی سەنتەری دالّدەدان و بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی توندووتیژی هەیە".

هاوکات فەوزییە، بەرپرسی یەکێتی ژنانی زاخۆ، هەمان بۆچوونی نازداری هەبوو لەو بارەیەوە گوتی: " بوونی ئەو سەنتەرە لە زاخۆ زۆر پێویستە، چونکە لێرە کێشەی ژنانمان زۆرە".

بەهۆی نەبوونی سەنتەر و بەڕێوەبەرایەتی رووبەرووبوونەوەی توندووتیژی دژ بە ژنان لە شارۆچکەی زاخۆ، ئەو ژنانەی کە لەلایەن



شیرین سالّح

کەسووکار و بنەماڵەکانیانەوە هەڕەشەیان لێ کراوە، یان ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە بۆ شاری دهۆک کە ٥٠ کیلۆمەتر لە زاخۆ دوورە، دەگوازرێنەوە.


نازدار عارف، رەوانەکردنی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراوی بۆ دهۆک بە کارێکی سەخت وەسفکردو گوتی: "زۆرجار بۆ گواستنەوەی ئەو ژنانە داوا لە پۆلیس و هێزەکانی ئاسایش دەکەین و ناچاریش دەبین کە هەڤاڵێکی ئەنجوومەنی ئافرەتانیان لەگەڵ بنێرین".

لەلایەکی دیکەوە توێژەری کۆمەڵایەتی بەیار باڤێ،



سکرتێرێک لە کاتی کارەکەیدا- هەولێر

پردی دەلال




قایمقامی زاخۆ حوسێن خالید



نازدار عارف

پێیوایە کە گرنگ نییە سەنتەر و بەڕێوەبەرایەتی لە شارۆچکەکان هەبن و دووپاتی کردەوە" تەنیا لەگەڵ ئەوەم کە لە ناوەندی پارێزگاکاندا هەبن". بەیار، جەختی لەوە کردەوە کە بەبوونی ئەو سەنتەر و بنکانە لەناوەندی پارێزگاکاندا زیاتر چاودێری ڕەوشی ژنان دەکرێت.

ئەو توێژەرە پێیوابوو، لەناو سەنتەرەکاندا کادیری شارەزاتر و بە ئەزموون و بەدوور لەکاریگەری دەرەکی وەک "بەکارهێنانی هێزی ناڕەوای عەشایەری" پەروەردە دەکرێت، هەروەها ژنان، زیاتر لەوێدا هەست بە ئاسایش و ئارامی دەکەن تا لە شارۆچکەکان کە بەردەوام هەست بە هەڕەشە دەکەن.

چالاکڤانی مافی مرۆڤ و بەرپرسی ڕێکخراوی ئاڤا بۆ پاراستنی مافی ژنان و منداڵان، شیرین ساڵح، لەبارەی دانانی پەناگەی ژنان لەزاخۆ، ڕایگەیاند "بێگومان ژنانی زاخۆ، لەوبارەیەوە کێشەیان هەیەو پێویستە بیر لەکردنەوەی ئەو سەنتەرانە بکرێتەوە".

> ئەگەر زاخۆ، لەگەڵ شوێنەکانی دیکەدا بەراوورد بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو شارۆچکەیە بێ خاوەنە و لە زۆر بواردا فەرامۆش کراوە"

لەلایەکی دیکەوە بەڕێوەبەری پۆلیسی زاخۆ، موقەدەم فەخری ئەحمەد، ڕایگەیاند کە ئەوان لە ڕەوانەکردنی ئەو ژنانەی کە هەڕەشەیان لەسەرە بەرپرسیارن و" بۆ پاراستنی ئەو ژنانە ڕێوشوێنی خۆمان هەیەو بە نووسینێکی فەرمی ڕەوانەیان دەکەین و تائێستاش هیچ کێشەیەک لەو بوارەدا ڕووی نەداوە".

لەگەڵ ئەوەی بنکەی بەڕێوەبەرایەتی توندووتیژی لە شارۆچکەی ئاکرێ و سۆران هەیە، بەڵام زاخۆ کە لەو دوو شارۆچکەیە گەورەترە تا ئێستا هیچ بنکە و سەنتەرێکی داڵدەدانی تێدا نییە.

موقەدەم فەخری ئەحمەد، گوتی" ژمارەیەک لە ژنانی زاخۆ هەن کە لەبەر ئەوەی مەترسی لەسەر ژیانیان هەبووە بۆ سەنتەری داڵدەدانی ئافرەتان لەدهۆک گواستراونەتەوە. فەخری ئەحمەد، هەبوونی سەنتەری داڵدەدانی ژنانی لەدهۆک بە ئەرێنی وەسف کرد، بەڵام پێشیوابوو ئەگەر "سەنتەرێکی واش لەزاخۆ هەبوایە" ئاسانکارییەکی باشدەبوو.

نازدار عارف، کە هاوکات بەرپرسی سەنتەری (ڕەوشەن)ی ئافرەتانیشە، باسی لەو هەوڵانەی خۆیان کرد بۆ کردنەوەی سەنتەری داڵدەدان و بنکە نەهێشتنی توندووتیژی و گوتی: "لەگەڵ بەڕێوەبەری نەهێشتنی توندووتیژی لەدهۆک، قسەم کردووە و هەروەها لەگەڵ پۆلیسی زاخۆیش گفتوگۆمان کردووە کە سەنتەرێکی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، لە زاخۆ بکرێتەوە، بەڵام تا ئێستا نەکراوەتەوە".

بەپێی ئامارەکانی یەکێتی ئافرەتان، لەماوەی ٧ مانگی سەرەتایی ساڵی ٢٠٠٩دا لەزاخۆ ٢٣ ژن سووتاون و ٢١ ژنیش بەخواردنی حەب، هەوڵی خۆکوشتنیان داوە و ژنێکیش بریندار بووە و ٢ دیکەیش ڕفێندراون. ئەو ئامارانە تەنیا ئەو حاڵەتانە بوون کە تۆمارکرابوون و لەلای لایەنی پەیوەندیدارەوە وەرگیرابوون.

هەردوو بەرپرسی ڕێکخراوی ژنان لەشاری زاخۆ، ئاماژەیان بەوەدا کە زاخۆ لە بیرکراوە، نازدار، گلەیی لە بەرپرسانی حکوومەت کرد و گوتی:" ئەگەر زاخۆ، لەگەڵ ئەو شوێنانەدا بەراوورد بکەین کە سەنتەری داڵدەدانی ئافرەتان و بنکەی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژییان تێدایە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو شارۆچکەیە بێ خاوەنە و لە زۆر بواردا فەرامۆش کراوە".

لەوبارەیەوە قایمقامی زاخۆ حسێن خالد، ڕاگەیاند "لەگەڵ ئەوەداین کە ئەو بنکەیە لەزاخۆ بکرێتەوە و بودجەو ئیمکانیاتیشی بۆ دابین بکرێت". بەیار باقێ، جەختی لەسەرکردنەوەی بەشی تایبەت لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس، بەمەبەستی بەدواداچوون لەسەرکێشەکانی ژنان کردووە.



بەرەڤان ئەحمەد

www.netewe.com




پەیامنێریکی وارڤین لە ئیمێرجنسی

# ژن دەسووتێندرێت یان خۆی دەسوتێنێت

## ٩٠٪ی ژنانی سووتاو هۆکاری سووتانەکەیان دیارنییە"

هەولێر

ئامارەکانی دەستپێکی ساڵی ٢٠٠٩، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی توندووتیژی دژ بە ژنان بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەکەمبوونەوەی رێژەی کوشتنی ژنان دەدات لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام بەپێچەوانەوە رێژەی سووتانی ئافرەتان تا دێت روو لە زیادبوون دەکات و سەرچاوەیەکیش زانیاری ئەوە دەخاتەڕوو ئەو حاڵەتانەی کە سوتاون لەلایەن کەسووکاریانەوە سوتێنراون، نەوەک ژنەکە، خۆی سوتاندبێت.

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندووتیژی دژ بەژنان ژیلەمۆ قادر، ئاماری چوار مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٩ی سووتانی ژنانی لە پارێزگای هەولێر خستەڕوو کە تێیدا ٥٥ ژن، بەشێوازی" ئەنقەست و رێکەوت" سووتاون، ئەم ڕێژەیەش بەبۆچوونی ئەو، بە بەراوورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو" کەمبووەتەوە.

ئەم بەڕێوەبەرە، رایگەیاند، کە" ٪٨٠ی حاڵەتی سووتانی ژنان، لە کوردستان، "خۆسووتاندنە" بەڵام لەلایەن ئەو ژنانەی کە خۆیان سووتاندووە، دانی پێدانانرێت. ژیلەمۆ، باس لە ماددەی سزادانی ئەو پیاوانەی کە ژن، دەسوتێنن دەکات و دەڵێت، بەپێی" ماددەی ٤٠٦"، ئەو پیاوانەی رێگە بۆ خۆسووتاندنی ژن، خۆشدەکەن بە مادەی" ٤٠٨" سزادەدرێن. بەڵام پزشیکی پسپۆڕ لەنەخۆشیەدەرونییەکان.

د. توانا عەبدولڕەحمان، لەبارەی بەرزبوونەوەی ریژەی خۆسووتاندن دەڵێت:" رێژەیەکی بەرچاوی ئەو ژنانەی سووتاون، خۆیان نەسووتاندووە، بەڵکوو سووتێندراون". بەپێی قسەی د.توانا، ئەگەر لایەنی زانستی باری دەروونیی ژنان، رەچاو بکەین، زۆر لەو ئافرەتانەی خۆیان سووتاندووە نەخۆشی دەروونییان نەبووەو فایلی پزیشکی دەروونیشی، نەبووە. بەپێی ئامارە جیهانییەکانیش رێژەی ئەو ژنانەی خۆیان دەکوژن، لەهی پیاوان کەمترە. ئەم پزیشکە دەروونییە، ئاماژە بە " چەندین کەیسی ژنان، دەکات کە تێیدا دەرکەوتووە ئەو ژنانەی سووتاون، لەلایەن پیاوانی بنەماڵەکەیانەوە سووتێندراون".

لای خۆیەوە ژیلەمۆ، رەتی دەکاتەوە کە پیاو هەبێت ژنی سووتاندبێت، بەڵام نەیشاردەوە کە زۆرجار روویداوە، پیاو هۆکاری سووتاندنەکەی خستووەتە بەردەم ژن و پێیگوتووە خۆت بسووتێنە". لێکۆڵەرێکی دادی کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکات، بە وارڤینی راگەیاند:" بەشێکی زۆر لەو ژنانەی کە



www.retewe.com

خۆیان دەسووتێنن، بەهۆی ئەو توندووتیژییەیە کە لەلایەن پیاوانەوە بەرامبەریان دەکرێت"، بەڵام ئەو لێکۆڵەرە پێیوابوو حاڵەتی لەو جۆرە زۆر کەمە کە "پیاوێک ژنەکەی یان خوشکەکەی، سووتاندبێت".

هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە ڕێژەیەکی زۆری سووتانی ژنان، بەهۆی پەیوەندی خۆشەویستی، مۆبایل و پرۆسەی هاوسەرگیری لە تەمەنێکی بچووکەوە یە". لەبارەی هۆکاری دیارینەکردنی چۆنیەتی سووتانی ژنان، ئەو لیکۆڵەرەی داد، روونیدەکاتەوە کە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا٩٠٪ی ئەو ژنانەی سووتاون، بەهۆی ترسان و هەڕەشەلێکردنیان لەلایەن کەسووکاریانەوە، ئامادە نین هۆکاری راستەقینەی سووتانەکەیان، دیاری بکەن. هەروەها گوتی:"هەندێ لە ژنان، ئەگەر بڵێن خۆی خۆیی سووتاندووە، ئەوا کەسایەتی لەکەدار دەبێت". ئەو لێکۆڵەرەی داد، ئەوەیشی خستەڕوو کە کاری ئەوان تۆمارکردنی زانیاری تەواوە لەسەر کەسی سووتاو و دیاریکردنی هۆکاری سووتانەکەیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا کەناڵەکانی راگەیاندنیشی بەهۆکارێکی پاڵنەر بۆ سووتاندنی ژنان، زانی کە ناتوانن وەک پێویست، کار لەسەر کەیسەکان بکەن.

بەهار، کچێکی تەمەن٢٥ ساڵە وەک باسیدەکات ٥ ساڵ، بەر لە ئێستا خۆی سووتاندووە، بەڵام سووتانەکەی نەبووەتە هۆی گیان لەدەستدانی، وەک گوتی:"بەردەوام لەگەڵ دایکم، کێشەم هەبوو. باوکیشم بەقسەی ئەو، مامەڵەی لەگەڵ دەکردم. زۆر بێزاربووم تا وایلێهات رۆژێک چوومە گەرماوەکەو دەبەیەک نەوتم بەسەر خۆمدا کرد"

ئەو وەک باسیدەکات کاتێک بیری لەخۆسووتاندن کردۆتەوە ئارەزووی مردنی نەکردوە، بەڵام وەک خۆی گوتی:" ئەگەر بیرم لە خۆکوشتن نەکردایە شێت دەبووم".

بەهار وەک باسیدەکات ئەو هیچ کێشەیەکی دەروونی نەبووە بەڵام بەهۆی کێشەی خێزانەکەیەوە ناچار بووە پەنا بۆ ئەم کارە ببات.

پزیشکی داد، لەنەخۆشخانەی رزگاری د.یاسین، لەبارەی دەستنیشانکردنی ئەو حاڵەتەی ئایا دەتوانێت دەستنیشان بکرێت کە ئەو ژنە، خۆی سووتاندووە یان سووتاوە گوتی:" پێموانییە ڕێژەی ٧٠٪ی ژنان، بسووتێندرێن. ئەوانەی دەسووتێندرێن بۆ شاردنەوەی شێوازی کوشتنەکەیە، تا بەو هۆیەوە لە رێکارە یاساییەکانەوە کوشتنەکە حەشاربدرێت، بەڵام بەهەر جۆرێک بێت دەتواندرێت دەستنیشان بکرێت".

ئەم پزیشکە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەوان دەتوانن زانستییانە هۆکاری سووتانەکە ئاشکرا بکەن و چۆنیەتی سووتانەکەیش، لەسەر پێوەرو بنچینەی زانستی، بۆ دادگا بنێرن.

د. رەوەند مشیر حەوێزی، پزیشکی پسپۆڕی سووتان و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ئێمیرجێنسی لەهەولێر گوتی:" بەرزی ڕێژەی مردنی ژنان بە سووتان، بە بەراورد لەگەڵ جۆرەکانی تری مردن، بۆ دەستکەوتنی هۆیەکانی سووتان دەگەڕێتەوە کە لەهەموو ماڵێکدا هەیە. هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و چاولێکەریش دوو پاڵنەری بەهێزی بەرزبوونەوەی ئەو ڕێژەیەن". وەک باسی لێوە دەکات کە هەموو سووتانێک بەمەبەستی خۆکوشتن ئەنجامنادرێت، بەڵکو زۆرحاڵەتی سووتان هەیە، بەهۆی ئامێرەکانی چێشتلێنان و ئاو گەرمکردن دەبێت، لێرەدا ژنان، قوربانی یەکەمن، چونکە ئەو ئامێرانە لە ایەن ژنان بەکاردێت، ئێستاش زۆر حاڵەتی سووتان"بە هۆی کارەباوە" روودەدات.

لەبارەی دەستنیشانکردنی جۆری سووتانەکان کە ئایا ئەو ژنانە سوتێندراون، یان خۆیان سووتاندوە ئەم پزیشکە گوتی:" ئەوە کاری لێکۆڵەری دادییە کە ئەو حاڵەتە دیاری بکات، بەڵام گرنگترین شت بۆ ئێمە ئەوەیە کە ئایا" ئەو ژنە بە ئاو سووتاوە، یان بە ئاگر؟" چونکە سووتان بە ئاو، کەمتر دەبێتە هۆی مردن، یان تێکدانی جەستەی کەسی سووتاو، ئەمەش پێچەوانەی سووتان بە ئاگرە، کە زۆرجار دەبێتە هۆی سووتانی ئەندامەکانی ناوەوەی مرۆڤ.

هاوکات د.توانا عەبدولڕەحمان، ئەوە دەخاتەڕوو کە بۆیە هەوڵدەدرێت لەجیاتی کوشتن، ژن بەسووتاندن بکوژرێت، چونکە بەهیچ جۆرێک پزیشکی داد ناتوانێت ئەو کەسەی خۆی سووتاندووە دەستنیشانی بکات، یان دیاری بکات کە سوتێندراوە".

بەپێی قسەی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی،"ڕێژەی سووتان، بەپێی وەرزەکانی ساڵ دەگۆڕێت". وەک باسی لێوەدەکات کە سووتان لە وەرزی زستان، بە بەراورد لەگەڵ وەرزی هاوین زیاترە، چونکە لەو وەرزەدا زیاتر ئامێرەکانی گەرم کردنەوە بەکاردێت و گوتیشی:" لەرۆژگاری ئەمڕۆدا کارەباش، هۆکارێکە بۆ سووتان و بەو هۆیەوەشەوە ژمارەی سووتان، زیادی کردووە. رۆژانە ژمارەی ئەو کەسانەی کە سووتاون و سەردانمان دەکەن، ٧کەس دەبن". توێژەری کۆمەڵایەتی فەرهاد عوسمان، خۆسووتاندنی ژنانی، بەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وەسف کرد کە" باکگراوندێکی درێژی هەیەو بەردەوامیش لە هەڵکشاندایە".

ئەم توێژەرە" کێشەکانی ناو خێزان" و بیرکردنەوە لە" تۆڵە"ی بەهۆکاری زۆربوونی ڕێژەی سووتان، لێکدایەوە.

فەرهاد عوسمان، باس لە باوەڕی زانایانی سۆسیۆلۆژیا دەکات،" هەر کەسێک خۆی بسووتێنیت، خۆی لە کێشەکان دەدۆزێتەوەو بەوهۆیەوە دەیەوێت تۆڵە لە کۆمەڵگە بکاتەوە. پێشیوابوو تێرنەکردنی لایەنی رۆحی مرۆڤیش ئەوکارەساتانەی لێدەکەوێتەوە. ئەم توێژەرە وڵاتی "سویدی" بەنموونە وەرگرت کە بەپێی قسەی ئەو، ڕێژەی خۆسووتاندن لە بەرزترین ئاستدایە، لەگەڵ ئەوەی لەڕووی خۆشگوزەرانییەوە وڵاتێکی زۆر پێشکەوتووە، بەڵام ئەوان تەنیا بایەخیان بە لایەنی ماددی داوەو لایەنە رۆحییەکەیان فەرامۆش کردووە.

بۆچارەسەری ئەم دیاردەیە، فەرهاد،" هوشیارکردنەوەی ژنان" بەخاڵێکی چارەسەری گرنگ وەسف کرد و گوتی:" ئەرکی رێکخراوەکانی داکۆکیکارە لە مافی ژنان، کە تا ئێستا نەیانتوانیوە وەک پێویست رۆڵی خۆیان بگێڕن، هەروەها خێزان و دەزگا راگەیاندنەکان و پەروەردە و مزگەوتەکانیش دەبێت رۆڵێکی گرنگیان لە کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیەدا هەبێت".

پسپۆری دەروونی زیاد حوسێن قادر، هۆکاری پەنابردنی ژنان بۆ خۆسووتاندن، بۆ نەبوونی "ئیرادە"ی ژنان دەگەڕێنێتەوە کە ناتوانن گرفتەکانیان چارەسەربکەن و هیوایان بە ژیان نامێنێت، دەڵێت:" ئەگەر چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو ژنانە بکەیت کە خۆیان سووتاندووەو نەمردوون، بۆت دەردەکەوێت کە چەند خولەکێک دوای خۆسووتاندنەکەیان پەشیمانن".

ئەم پسپۆڕە پێیوایە ئەو ژنەی خۆی دەسووتێنێت باوەری بەوکارەنییە کە دەیکات، بەڵام چەند پاڵنەرێکی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی وایلێکردووە کە خۆی بسوتێنێت. د. زیاد، دەڵێت: "سروشتی ژن، بە شێوەیەکە، کە زوو هەڵدەچێت، بۆیە ئەگەر بەشێوەیەکی مەنتقی مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت، ئەوا رێگای هەڵەی وەک سووتاندنی خۆی دەگرێتەبەر و پیاوانیش توندووتیژن و نازانن بەنەرمونیانی مامەڵە لەگەڵ ژن و حاڵەتەکانیان بکەن. ئەم پزیشکە، جەختی لەوەش کردەوە کە ژن، خۆسووتاندن بە" تۆڵە کردنەوە" لە کەسووکاری دەزانێت و ئەم کارەیشی بەهەڵە لە قەڵەم دا. لە وەڵامی ئەوەی کە ئایا ئەو ژنانەی خۆیان دەسووتێنن نەخۆشی دەرونییان هەیە، گوتی:" مەرج نییە هەر ژنێک خۆی سووتاند نەخۆشی دەروونی هەبێت، زۆرجار بەهۆی گوشاری دەورووبەریەوە سووتانەکە ئەنجام دەدرێت".

**بۆکان هیوا**

# بازاڕی فاڵچییەکان گەرمە

## بەرپرسێکی وەزارەتی ناوخۆ:

# هیچ یاسایەک نییە کە ڕێیان لێ بگرێت

شەقڵاوە

له ژوورێکی بچووکی ماڵەکەیان چەند ژنێک دانیشتبوون، بەچەند زمانێکی جیاواز قسەیان دەکرد، چاوەڕێی خواردنەوەی قاوەکەیان بوون بۆ ئەوەی ئەو ژنەپیرە نەخشی ناو فنجانەکەیان بۆ شیبکاتەوە، چونکە ئەوان پێیانوایە نهێنییەکانی ژیانیان لەقووڵایی ئەو فنجانە حەشاردراوە.

دیاردەی فاڵگرتنەوە له کۆمەڵگەی کوردیدا مێژوویەکی دووریی هەیە. ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان بەتایبەت ژنان ڕوودەکەنە لای فاڵچییەکان. لەگەڵ ئەوەی فاڵچییەکان ئەم کارە بە زانستێکی گرنگ دادەنێن، بەڵام پسپۆران ئەو کەسانەی کە ڕوو دەکەنە ئەم دیاردەیە بەکەسانی ناهۆشیارو نەخوێندەوار وەسف دەکەن.

مێژووی فاڵ گرتنەوە بۆیەکەمجار لەلایەن مێژوونوسی یۆنانی "ئاسترابۆ" لەساڵی٦٣ی پێش زایین باسکراوە. بەپێی قسەی مێژوونوسان بەردەوام فاڵچی و جادووگەر لەکۆشکی پاشایەکاندا هەبوون بەمەبەستی پێشبینی و زانینی ئەگەری ڕووداوەکان. کتێب وبڵاوکراوەکانیش بەشێوەیەکی بەرچاو باسیان لەدیاردەی فاڵگرتنەوە کردووەو تازەترینیان چیرۆکە بەناوبانگەکانی هاری پۆتەرن. کوردستانیش لەو شوێنانەیە کە ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵک پەنا بۆ فاڵگرتنەوە دەبەن.

ماڵی پورە کەتێ، ڕۆژانە شوێنی ئەو ژنانەیە کەدەیانەوێت چارەنووسیان لەناو فنجانە قاوەکەی ئەودا بدۆزنەوە. ئەویش بەدەم ڕۆکردنی فنجانە قاوەکەی ڕوودەکاتە کچەکان و مژدەی حاسڵبوونی مرازەکانیان پێدەڵێت. پورە کەتێ، ژنێکی تەمەن هەشتا ساڵەو دانیشتووی شارۆچکەی شەقڵاوەیە، بەقسەی خۆی خەڵکی لەدەوروبەری شەقڵاوەشەوە بەمەبەستی قاوە خوێندنەوە دێن بۆلای، چونکە زۆرجار ئەوقسانەی بە موشتەریەکانی گوتووە" ڕاست" دەرچووە. ئەودەڵێت:" زۆرترین موشتەریم هەیەو من لەتەمەنی منداڵییەوە قاوە خوێندنەوە لە پیرێژنەکانی کەرکوک فێربووم".

وەردە، ژنێکیترە لەو ژنانەی قاوە بۆ خەڵک دەخوێنێتەوە. زۆر لەئیشەکەی خۆی ڕازییە لەبەرئەوەی" قازانجی زۆر دەکات"، هەروەها بەقسەی خۆی دڵی کچە گەنجەکانیش خۆشدەکات. بۆیە ئەو کارە بەنایاسایی و لەڕووی ئایینیشەوە "بەحەرام نازانێت". هاوکات مەلا محەمەد عەلی، پێشنوێژو وتار خوێنی مزگەوتی شەهید نەجمەددین لەشاری هەولێر، دەڵێت:" هەموو زانایانی ئایینی کۆکن لەسەرئەوەی فاڵچی جادووگەرن و کوشتنیان حەڵاڵە و ئیمانیان نییە، ئەوانەش دەڕۆنە لایان و باوەڕ بەقسەکانیان دەکەن کافردەبن". هەروەها مەلا محەمەد، پێیوایە کە تەنیا خودا بەنهێنیەکانی مرۆڤ دەزانێت، بۆیە"فاڵچییەکان" دواڕۆژیان دۆزەخە.



پورە کەتێ

بورهان حەمەد، کە خۆی کاری فاڵگرتنەوە دەکات، پێچەوانەی مەلا موحەممەد، قسەدەکات و ئەو کارە بە" زانست" وەسف دەکات و پێیوایە ئەوەی دەیخوێنێتەوە٩٠٪ی ڕاستەو ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە ئەوکارە سیحرو جادوو بێت". ئەو گوتی:" من لەخۆمەوە قسە ناکەم و هێڵەکانی ناو لەپی دەستی شێوەی دەستی وشەو دەربڕینەکانم دەدرکێنێ، کێشەی سەرەکیشم ئەوەیە کەوا هیچ سەرچاوەیەکی کوردی وەرگێڕاومان نییە تایبەت بێ بەم زانستەو هەموو سەرچاوەکان عەرەبین".

بورهان حەمەد، سەرەتای دەستپێکردنی کارەکەی بۆ ساڵانی هەشتاکان دەگێڕێتەوە و وەک خۆی گوتی سەرەتا بە" ئاوێنە گرتنەوە" دەسپێکردووە و سوودی لە کتێبی ئیبن سینای زانای عەرەبی وەرگرتووە. ئەو باسی لە چوونی هەردوو ڕەگەزی ژن وپیاو کرد بۆلای کە دەیانەوێت" داهاتووی خۆیان بزانن، بەڵام ژنان بەڕێژەی زیاتر سەردانی دەکەن.

جوان حەسەن، تەمەن ٢٥ ساڵ، باس لەوە دەکات کە کاتێ فاڵیان بەرێگەی فینجان بۆ گرتووەتەوە، پێشبینییەکان ڕاست دەرچووە، بۆیە ئەو باوەڕی



> لەسەردەمی میسرییە کۆنەکانیشدا فیرعەونەکان، بۆ رزگاربوونیان لە ئێش و ئازار، پەنایان بۆ ئەمجۆرە" خورافاتانە" بردووە، تا بەو هۆیەوە باری دەروونیان ئارام بێتەوە

بەفاڵگرتنەوە هەیەو بەردەوام سەردانی ئەو کەسانەیش دەکات کە ئەو کارە دەکەن. بەڵام خوناو وەسمان، لە شەقڵاوە، بەپێچەوانەی فاڵگرەوەکان، ئەو کارە بەپێویست نازانێت و ئاماژە بەوە دەکات کە"پێویستە ژنان، لەم کارانە دوور بکەونەوەو ئیرادەی خۆیان رادەستی فاڵچییەکان، نەکەن، ئەو کەسانەی کە فاڵدەگرنەوە جادووگەرن".

پسپۆڕی دەروونی یوسف عوسمان، لەرووی سایکۆلۆژییەوە کاری فاڵگرتنەوە بەدوور لە هزرو فەلسەفەی ژیان دەزانێت و تەنیا وەک" خوویەکی کۆمەڵایەتی" لێکی دەداتەوە.

ئەو دەڵێت، لەسەردەمی میسرییە کۆنەکانیشدا فیرعەونەکان، بۆ رزگاربوونیان لە ئێش و ئازار، پەنایان بۆ ئەمجۆرە" خورافاتانە" بردووە، تا بەو هۆیەوە باری دەروونیان ئارام بێت.

پسپۆڕی دەروونزانی یوسف عوسمان، گیروگرفت بەهۆکارێکیتری پەنا بردن بۆ فاڵگرتنەوە دەزانێت و قوتابیانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بەنموونەی ئەو حاڵەتە دەهێنێتەوە کە پەنا بۆ هەر شتێک دەبەن، تا لەدڵەراوکێیی تاقیکردنەوەکانیان رزگاریان بێت،"جاری وا هەیە لە کەلوەکان نووسراوە ئەمساڵ بۆتۆ نەهاتییە، ئەمەیش وا لەو کەسە دەکات کە دەیخوێنێتەوە باری دەروونی تێکبچێت و نمرەیەکی کەم بهێنێت، یان ئەمساڵ لەتاقیکردنەوەکان، دەرنەچێت".

ئەو دەروونناسە، دەڵێت:" دیاردەی فاڵگرتنەوە




پورە کەتێ لە کاتی گرتنەوەی فاڵ لە فنجانی قاوەدا

لەسەرانسەری جیهان هەیەو بووەتە کولتوور و لای "قەرەجەکانی" ئەورووپایش باوە.

داواش لەخەڵک دەکات کە سەردانی فاڵچییەکان نەکەن، چونکە ئەوانە ئەگەر شتێکیان پێبکرێت،سەرەتا بۆ خۆیانی دەکەن".

بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیەش یوسف عوسمان، گوتی:" پێویستە میدیاو مامۆستایانی ئایینی رۆڵیان لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە هەبێت، تا ئەو دیاردەیە نەمێنێتەوە".

توێژەری کۆمەڵایەتی عەباس قاسم، فاڵگرتنەوە بە"فێڵ" وەسف دەکات و پەیوەندی فاڵ و مرۆڤ بۆ لەدەستدانی چییەتی (ماهیەتی) مرۆڤەکە دەگێڕێتەوە کە کاتێک مرۆڤ خۆی نادۆزێتەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەو دیاردەیەو کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر دەبات. عەباس قاسم، هۆیەکیتری بۆ نەبوونی هۆشیاری تاک و جیانەکردنەوەی شتە مەنتقی و نامەنتقیەکان دەزانێت و دەڵێت:" فاڵگرتنەوە لەرووی زانستیەوە هیچ بنەمایەکی نییەو کەسانێک بۆ دەوڵەمەندبوونی خۆیان ئەو کارەدەکەن". ئەم توێژەرە گوتیشی پێویستە "دیراسەی" وردی ئەو مەسەلەیە بکەن.

پزیشکی دەروونی سامان هەڵەبجەیی لەوبارەیەوە گوتی:" فاڵگرتنەوە وەک هەموو دیاردەیەکی تری (غەیبی) بریتیە لەحەزی مرۆڤ بۆ زانین و فێربوونی شتە شاراوەکان، ئەگەر مرۆڤ توانای ئەوەی نەبوبێت کە ئەو شتانە بزانێت، ئەوا پەنای بردۆتە بەر کۆمەڵێک شت بۆ زانینی داهاتوو چونکە سروشتی مرۆڤ بەشێوەیەکە داهاتووی پێ گرنگترە لەئێستاو رابردوو".

د.سامان، لەگەڵ ئەوەی پێیوایەکە ئایین و فاڵ دوو شتی دژبە یەکن، بەڵام"ئایین" کارێکی وایکردووە کە ئەو شتانەی داهاتووی کەسەکان ئاشکرا دەکەن ببنە شتێکی گرنگ "فاڵ"یش یەکێکە لەوانە، بۆیە ئایین بە نائاگاییەوە برەوی بە فاڵ داوە، چونکە لە ئاییندا گرنگییەکی زۆر بە داهاتوو دەدرێت. ئەو دەڵێت:" داهاتووی دوای مردن"یش میکانیزمێکە تاکەکان لەو رێگەیەوە داهاتووی خۆیانی پێدەزانن".

د.سامان، ئەوەشی خستەڕوو کە هەرشتێک داهاتووی خوێندەوە گرنگی پەیدا دەکات، زۆرینەی ئەوانەی کە سەردانی فاڵچییەکان دەکەن بڕوایان پێ نییە، بەڵام ئەو حەزی زانینەی لە مرۆڤدا هەیە وایلێدەکات کە بینی هەر شتێک کە پێشبینی داهاتووی دەکات بیکاتە شتێکی گەورە.

ئەم پزیشکە، هۆکاری سەرەکی چوونی رێژەیەکی زۆری ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بۆ لای فاڵچییەکان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ژنی کورد کەمتر داهاتووی بە دەست خۆیەتی و پیاو داهاتووی بۆ دیاریدەکات. لەگەڵ ئەوەشدا گوتی:" نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە تەنیا ئافرەت سەردانی فاڵچی ناکات، بەڵکو زۆر لە پیاوانیش دەچنە لای فاڵچی".

بەرێوەبەری دیوان لە وەزارەتی ناوخۆ حاکم تاریق، لە بارەی هەبوونی یاسایەک بۆ رێگرتن لەو دیاردەیە گوتی:" تائێستا هیچ ماددەیەک یاخود یاسایەک لەوبارەیەوە نییە کە کەسی فاڵچی سزا بدات و رێگەی لێبگرێت. ئەوە نەبێت کە ئەو کەسانە بۆ ماوەیەکی کەم دەگیرێت و پاشان ئازاد دەکرێن".

بۆ کەمکردنەوەی دیاردەکە ئەو بەرێوەبەرە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵکی بەگرنگ زانی، چونکە پێیوابوو " ئەگەر کەس سەردانی نەکردن ئەوانیش واز لەم کارەدەهێنن".



ڕۆشنا عومەر

www.netewe.com



# کاری گریمسبۆی

گۆڵچیی تۆپی دەستی هەڵبژاردەی نەرویژ

# قات و قڕی ئافرەتانە!

ئەرسەلان عەبدوڵڵا

یانە وەرزشییەکانی کوردستان، بە تایبەتی ئەوانەی بەم دواییە لەلایەن لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی یانەکانی کوردستانەوە هەڵبژاردنیان بۆ کرا، زۆربەیان بە دەست نەبوونی ئافرەتێکی وەرزشوانی سەرکەوتوو دەناڵێنن، چونکە یەکێک لە مەرجەکانی ئەو هەڵبژاردنە بۆ یانەکان، ئەوە بوو کە هەر یانەیەک دەبێت ئافرەتێکی لە دەستەی کارگێڕییدا هەبێت. بۆیە کە هەڵبژاردنیش بۆ زۆربەی یانەکانی هەولێر و دهۆک کرا (هێشتا لە سلێمانی نەکراوە) زۆربەی یانەکان بۆ پۆستی ئافرەتەکە، کەسیان نییە دایبنێن و شوێنەکەیان بە بەتاڵی ماوەتەوە.

دەبێت بپرسین، ئایە ژمارەی ئافرەتی وەرزشوان لە کوردستاندا کەمە، یان هۆکاری دیکە بۆ نەهاتنەپێشی ئافرەتان بۆ کاری ئیداریی وەرزشی لە یانەکاندا هەیە. ڕەنگە ئەو قسەیە تۆزێک قورسیش بێت، بەڵام من دەیکەم و ئەویش ئەوەیە کە "لە ڕاستییدا ناوەندی وەرزش لە کوردستاندا بۆ ئافرەتان زۆر گونجاو نییە و کارکردن تێیدا سەختە، چونکە وەکو زۆربەی بوارەکانی دیکە، ئیستغیلال کردنی لە چەند ڕوویێکەوە تێدایە، هەروەها پەراوێزخستنیشی تێدایە".

ئافرەتی بە توانا هەبووە بۆ کارکردن لە یانەکان و بوێریش بووە، بەڵام بە هۆی پەڕاوێزخستن دوورکەوتۆتە، هەروەها دابونەریتی کۆمەڵایەتیش هێشتا لە زۆر شوێندا ڕێگرە بۆ هاتنەپێشی ئافرەتان بۆ کارکردن لە ئیدارەی وەرزشی یانەکاندا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئاگادارم یانەی وەرزشی هەیە کە زۆر گەورەشە، بە دوای ئافرەتێکی چالاک و زیرەکدا دەگەڕێت و خەڵکی بۆ ئەوە تێگەیاندووە، کە ئەگەر ئافرەتێک هەیە و لە خۆی رادەبینێت، با بێتە پێشەوە، بۆ ئەوەی بیکەنە ئەندامی دەستەی کارگێڕی و چەند ئەرکێکی پێ ڕابسپێرن، بەڵام وەکو گوتمان ترس لە "ئیستغلال کردن، پەڕاوێزخستن، دابونەریت" هۆکارگەلێکن وایان کردووە بەشێکی زۆری ئافرەتان ترسیان لە هاتنە نێو کاری ئیدارەی وەرزشیدا هەبێت.

لێرەدا دەبێت چارەسەرێک بۆ نەبوونی پردی پەیوەندیی نێوان یانەکان و ئافرەتانی وەرزشوان و کارزانانی وەرزشی بدۆزرێتەوە، بۆ ئەوەی چیدیکە ئافرەتان دوورەپەرێز نەبن و تەمەنی خۆیان لە نێوان ترس و چاوەڕوانیدا نەبەنەسەر، چونکە بە دڵنیاییەوە زۆر ئافرەتی بەتواناش هەیە و حەز دەکات لە بواری وەرزشدا کار بکات، بەڵام تا ئێستا دەرفەتی کاری بۆ نەڕەخساوە. ئەرکی دامودەزگە وەرزشییەکانی کوردستان و وەزارەتی وەرزش و لاوان و مێدیای وەرزشییە، بە دوای چارەسەری ئەو بابەتە بگەڕێت و دەروازەیەکی بۆ بدۆزێتەوە.

## بۆ جاری حەوتەم لە مێژووی خۆیاندا...

# ئافرەتانی ئەڵمانیا بوونە پاڵەوانی جامی نەتەوەکانی ئەورووپا

هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئافرەتانی ئەڵمانیا بۆ جاری پێنجەم لەسەریەک و بۆ جاری حەوتەم لە مێژووی خۆیدا، نازناوی جامی نەتەوەکانی ئەورووپای بەدەستهێنا.

لە یاریی کۆتایی پاڵەوانیەتیی دەیەمی جامی نەتەوەکانی ئەورووپا لە تۆپی پێ بۆ ئافرەتان، هەڵبژاردەی ئەڵمانیا سەرکەوتنێکی گەورە و یەکلایەنەی بەسەر هەڵبژاردەی ئینگلتەرادا تۆمار کرد و بە ئەنجامی ٦-٢ گۆڵ لێی بردەوە. هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بە سەرکردایەتی راهێنەر سیلڤیا نید توانی ئاستێکی بەرز لە یاریی کۆتایی پاڵەوانیەتییەکە و بە درێژایی پاڵەوانیەتییەکە نیشان بدات. گۆڵەکانی یاریی کۆتایی بۆ ئەڵمانیا، کچەیاریزانان (بێرگیت پرینز ٢ گۆڵ، ئینکا گرینگز ٢ گۆڵ، میلانی پیهەرینگەر و کیم کۆلینگ) تۆماریان کرد. دوو گۆڵەکەی ئافرەتانی ئینگلتەراش، کچەیاریزانان (کارین کارنی و کیلی سمیس) تۆماریان کرد. هەروەها کچە یاریزانی ئەڵمانیا (ئینکا گرینگز) بە تۆمارکردنی ٦ گۆڵ بووە گۆڵکاری پاڵەوانیەتییەکە. بەم دەسکەوتەش، ئافرەتانی ئەڵمانیا بۆ جاری پێنجەم لەسەریەک و بۆ جاری حەوتەم لە مێژووی پاڵەوانیەتییەکەدا، بوونە پاڵەوان و جامەیان بەدەستهێنا.

پاڵەوانیەتیی دەیەمی جامی نەتەوەکانی ئەورووپا لە تۆپی پێ بۆ ئافرەتان لە وڵاتی فینلەندا بەڕێوەچوو، تا ڕۆژی ١٠ی سێبتەمبەری خایاند، کە ١٢ هەڵبژاردەی ئەورووپا بەشدارییان تێدا کردبوو.

پاڵەوانیەتیی تۆپی پێی نەتەوەکانی ئەورووپا لە تۆپی پێ لەوەتەی ساڵی ١٩٨٤ـەوە ساز دەکرێت و تا ئێستا ١٠ پاڵەوانیەتیی ئەنجام دراوە، ئەڵمانیا ٧ جار، نەوریژ ٢ جار و سوێدیش یەک جار نازناوەکەیان بردۆتەوە.








## نۆ ساڵە پاڵەوانی کوردستان و سێ ساڵە پاڵەوانی عێراقە

# (کارمن سلێوا): ئاواتم بوو لە کۆلیژی پەروەردەی وەرزشی بخوێنم، بەڵام وەریان نەگرتم

شەقڵاوە

کارمن سلێوا یەکێکە لە باشترین کچەیاریزانەکانی یاریی تێنسی سەرمێز لە ئاستی کوردستان و عێراقدا. ئەو تەمەنی ٢٣ ساڵە و لەدایکبووی شاری کەرکووکە و ئێستا لە شارۆچکەی شەقڵاوە نیشتەجێیە.

کارمن لە ساڵی ١٩٩٧ دەستی بە یارییکردن کردووە و ئێستایش بەردەوامە، ئەو لە بارەی هۆکاری هەڵبژاردنی یاریی تێنسی سەرمێز، دەڵێت: "یارییەکی تاکە و توانا و بەهرەکانی من دەردەخات، هاوکات یارییەکی خۆشەویستە".

کارمن، کە خوێندنیشی لە شەقڵاوە تەواو کردووە و دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە، لە بارەی یارییکردن و هاندانیشەوە ئاماژە بەوە دەکات کە "تاڕادەیەک ماڵەوە هاندەرم بوونە".

کارمن دەڵێت: "ئاواتم بوو لە وەرزشدا سەرکەوتووبم، لەبەر ئەوەش بە ورەیەکی بەرزەوە دەستم بە یاری کرد و سوپاس بۆ خواش تا ئێستا سەرکەوتووم".

کارمن سلێوا جیا لە وەرزش، فەرمانبەری بانکی شەقڵاوەیە و لە کارەکەیدا جێگەی ڕێزی هاوڕێیەکانییەتی.

ئەو دەربارەی ئاستی پاڵەوانیەتییەکانی یاریی تێنس لە عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، دەبێژێت: "تاڕادەیەک باشە،بەڵام هیوادارم لە کوردستاندا زیاتر بایەخ بە وەرزش بدرێت".

کارمن پێی وایە یاریزانی باش ئەو کاتە دەردەکەوێت، کە لە کاتی یارییدا بە گڕوتینێکی باش وهیواوە یاری بکات".

لە وەڵامی پرسیارێکی (وارڤین)دا، کە ئایە هەستت بە چی کرد، کە یەکەم جار بەرامبەر جەماوەرێکی زۆر یارییت کرد، کارمن گوتی: "هەستم بە خۆشی کرد، بەڵام ترسیشم هەبوو"

ئەوەش دەڵێت کە ئێستا لە ئاستی یارییکردنی خۆیدا رازییە".

ئەو کچەیاریزانە تا ئێستا بەشداری لە چەندین پاڵەوانیەتی لە ئاستی عێراق و کوردستاندا کردووە. ئەو لە ساڵی ٢٠٠٠ تا ئەمساڵ (٢٠٠٩) پاڵەوانی کوردستانە، هەروەها لە ساڵانی ٢٠٠٦، ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ لە ئاستی عێراقدا پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە و بووەتە پاڵەوان.

هەروەها لە بارەی بەشدارییەکانی لە ئاستی



(کارمن سلێوا)

دەرەوەدا، ئاماژەی بەوە دا کە "سێ جار بەشدارییم لە پاڵەوانیەتیی وڵاتانی عەرەبیدا کردووە، لە ساڵی (٢٠٠٦) لە لوبنان و لە (٢٠٠٧) لە ئوردەن و لە ساڵی (٢٠٠٨)یش جارێکی دیکە لە لوبنان، لە هەر سێ پاڵەوانیەتییشدا ئاستێکی تاڕادەیەک باشم پێشکەش کردووە".

کارمن سلێوا لە یەکێک لەو پاڵەوانیەتییانەی دەرەوە لە ئاهەنگی کردنەوەدا بە جلی کوردی بەشداری

www.netewe.com







www.netewe.com

کردووە، هۆکاری ئەمەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە" ویستم کلتوری خۆم نیشانی خەڵکی وڵاتانی دەرەوە بدەم و بیسەلمێنم کە کچی کوردیش دەتوانێت شان بە شانی ئافرەتانی وڵاتانی دیکە یاری بکات".

ئەو کچە یاریزانە نایشارێتەوە کە تا ئێستا لە ئاستی یاریکردنیدا هەندێک کەموکوڕی هەیە و لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ ئەوەی چارەسەریان بکات و ئاستی زیاتر بەرەو پێشەوە ببات.

لە بارەی ئەو گرفت و ئاستەنگانەشی کە تا ئێستا دێنە پێش یاریزانی ئافرەت لە کوردستاندا، کارمن سلێوا گوتی: "کۆمەڵگە و دابونەریت، هەروەها شەرمکردن وای کردووە ئافرەت کەمتر بێنە نێو بواری وەرزش".

ئەوەشمان لێ پرسی کە ئایە تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ئەو، وەکو کچە وەرزشوانێک چییە؟

ئەو گوتی: "تاڕادەیەک هاوکارن بەڵام وەک پێویست نییە".

هەروەها ئەوەشمان لێ پرسی ئایە هیچ ڕێگرییەک لە بەردەم پێشکەوتنتدا هەیە، شتێک هەبووە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە یاریکردن ساردی کردبێتەوە؟

ئەو لە وەڵامدا دەڵێت: "بەڵێ ڕێگریی هەبووە، بەڵام خۆم توانیومە ئەو بەربەستانە لابەرم، کە هاتوونەتە پێش ڕێگەی پێشکەوتنم".

کارمن ئاشکرای دەکات کە ئەگەر وەرزشوان نەبووایە، ئەوا بواری هونەری هەڵدەبژارد و دەشڵێت: "حەزم لە گۆرانیگوتنە و پێشم دەڵێن دەنگیشت خۆشە".

زۆربەی کچانی وەرزشوانی کوردستان، زیاتر لە یارییەک ئەنجام دەدەن، ئایە کارمن جگە لە تێنسی سەرمێز، هیچ یارییەکی دیکە دەزانێت، یان ئامادەیە بیکات، ئەمە پرسیارێکی دیکە بوو بۆ کارمن، وەڵامەکەشی بەو جۆرە دایەوە: "بەڵێ دوو یاریی دیکە ئەنجام دەدەم، ئەوانیش تۆپی باڵە و تۆپی ریشە".

کارمن لە یانەی شەقڵاوە یاری دەکات و هەر لەوێشدا دەرکەوتووە، ئەوەمان لێ پرسی کە ئایە لە یانەی شەقڵاوەدا تا چەند گرنگی بە وەرزش و تیپەکانی ئافرەتان دەدرێت؟

کارمن گوتی: "تارادەیەکی باش گرنگی بۆ وەرزشی ئافرەتان لە یانەکەماندا هەیە".

لە پرسیارێکی دیکەدا ئەوەمان خستەڕوو کە چۆنە تا ئێستا رووی لە یانەی شارەکان نەکردووە، ئایە ئەگەر یانەیەکی گەورەی وەکو هەولێر یان دهۆک داوای لێ بکەن یارییان بۆ بکات و پارەیەکی باشی پێ بدەن، ئامادەیە شەقڵاوە جێ بهێڵێت، کارمن گوتی: "زۆر یانە داوایان لێ کردووم بە پارەیەکی زۆر یارییان بۆ بکەم، بەڵام من شاری خۆم بە پارە ناگۆڕمەوە.


ئەو کچەوەرزشوانە پێی وایە ئاستی یاریی تێنسی سەرمێز لە کوردستان و عێراقدا، بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە لە ئاستێکی باشدایە لە چاو ساڵانی پێشوودا.

کارمن سلێوا تۆزێک کێشی زۆرە (قەڵەوە)، بەڵام ئەو دەڵێت" قەڵەوی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئاستم نەبووە، بەڵام هەوڵیش دەدەم کێشم کەم بکەمەوە و کەمیشم کردۆتەوە.

دواقسەی کارمن سلێوا، کچەیاریزانی یانەی شەقڵاوە و پاڵەوانی عێراق و کوردستان بۆ (وارڤین) بەم شێوەیە بوو "بە داخەوە بۆ حکوومەت و لایەنی بەرپرسەکان، لەبەر ئەوەی هیچ هاوکارییان نەکردووم، من ژیانم بۆ وەرزش تەرخان کردووە و سوودێکی وام لێ نەبینیوە، کە سەربەرزبم لەلایان ماڵەوەمان، یەک ئاواتم هەبوو کە لە کۆلیژی پەروەردەی وەرزشی وەربگیرێم و بخوێنم، بەڵام وەریان نەگرتم، کە حەزم دەکرد لەو ڕێگەیەشدا زیاتر خزمەت بە بواری وەرزشی کوردستان بکەم.



ڕۆشنا عومەر





## منداڵانی قامیشلۆ رۆژانە ١٢ کاتژمێر کار دەکەن

# "لەبەر هەژاری ناتوانین بخوێنین"

قامیشلۆ:

زۆرێک لە منداڵانی کورد، لەبەر رەوشی نائاسایی هەرێمی کوردنشین و ئەو هەژارییەی کە لەوێدا هەیە روو لە کارگەلێک دەکەن کە هەم بەپێی یاسای نێودەوڵەتی و هەمیش بەپێی یاسای سوریا، قەدەغەیە، وەک بۆیاخکردنی پێڵاو و هەندێکی تریان دەبنە قوربانی کاری خراپی، وەک کڕین و فرۆشتنی مادده بێهۆشکەرەکان و دەستدرێژی سێکسی، بەو هۆیەشەوە واز لە خوێندن، دەهێنن و خۆیان بە بازاڕی کار دەسپێرن. سوریا کە وک دەوڵەتێکی جیهانی سێهەم دەناسرێت، لەساڵی ١٩٩٣دا رێککەوتننامەی پێشێلنەکردنی مافی منداڵانی واژۆ کردووە کە بەپێی ئەو رێککەوتننامەیەو هەروەها بەپێی یاسا نێوخۆییەکانی سوریا، کاری منداڵانی ژێر ١٦ ساڵ قەدەغەیە.

بەڵام سەرەڕای هەبوونی ئەو یاسایانەش لە سەرانسەری سوریادا رەوشی ژیانی منداڵان بە قۆناغێکی زۆر خراپدا تێپەڕ دەبێت. بەپێی راپۆرتی فەرمی مەکتەبی ناوەندی سەرژمێری سوریا، لەساڵی٢٠٠٣، ژمارەی ئەو منداڵانەی کە کار دەکەن دەگاتە ٦٢١٠٠٠ منداڵ. ئەو ژمارەیەش دەکاتە ١٨٪ی منداڵانی سوریا.

Photo

www.netewe.com










## منداڵانی کورد و کار

سیاسەتمەدار و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لەسوریا، مامۆستا سەلمان حەسۆ، دەڵێت:" لەبەر سیاسەتی جیاکاری دەوڵەت کە لەساڵی ١٩٦٢ دەستی پێکردووە، کورد بێ ناسنامە بوونە و هەروەها پرۆژەی (پشتێنەی عەرەبی) مافی موڵکداریتی لە کورد سەندەوەو ئەوەش هەرێمی کوردنشینی لەگەشەپێدانی ئابووری دوورخستووەتەوەو هەژاری دەستی پێکردووە. هەمیشە ئەگەر رێژەی هەژاری لە سەرانسەری سوریادا ٣٠٪ بووبێت، لە هەرێمی کوردنشیندا گەیشتووەتە ٧٠٪تا٨٥٪، ئەوەش هۆکارێکی سەرەکییە کە بنەماڵە ناچار دەکات منداڵەکانیان بنێرنە کار و مافی خوێندن و پەروەردەیان، لێ وەربگرنەوە".

مامۆستای قوتابخانە عوسمان محەممەد، لەوبارەیەوە گوتی:" بەپێی راپۆرتی نیشتیمانی گەشەپێدان ژمارەی ئەو منداڵانەی کە ساڵانە لە قوتابخانەکان دادەبڕێن گەیشتووەتە٧٪.، بەڵام ئەم ژمارەیە لەم ساڵانەی دواییدا بۆ ئاستی ٩٪ و١٠٪ بەرز بووەتەوە".

ژمارەی منداڵانی ژێر١٨ ساڵ لە سوریا، دەگاتە ١٠ ملیۆن منداڵ کە ئەم رێژەیەش ٤٨٪ دانیشتوانی سوریا پێکدەهێنێت، کە لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەی ئەو منداڵانەی کە لە هەرێمی کوردی، لە خوێندن دادەبڕێن، بەرزترین رێژەی هەبووە.

### منداڵانی١٢ ساڵ کاری قورس دەکەن

لەکارگەیەکی ئاسنگەریدا منداڵێکی ١٢ ساڵان، بەناوی ئەیاز عەبدوڵڵا کاری دەکرد، ئەیاز، لەکاتێکدا کە ئارەقەی نێوچەوانی بە پەڕۆیەکی چڵکن وشک دەکردەوە، گوتی:" ٢ ساڵە من لێرەم و لەبەردەستی وەستادا کار دەکەم، تا فێری ئاسنگەری ببم، بۆیە ناتوانم بچمە قوتابخانە، وەستاکەم منی خۆش دەوێت، بەڵام من زۆر ماندوو دەبم لەبەر ئەوەی رۆژانە١٣ کاتژمێر کار دەکەم".

ئەندامی کومیتەی پاراستنی ئازادی و دیموکراسی و مافە مرۆڤییەکان، مامۆستا عەبدولکەریم دەعوم، لە راپۆرتێکدا ئاماژەی بەوە کردووە کە لە سوریادا بە هەزاران منداڵی کوردی بێناسنامە هەیە، کە لە مافی خوێندن و پەروەدە بێبەشن. عەبدولکەریم دەعوم، گوتوویەتی:" زۆرێک لە منداڵانی کورد، لەبەر رەوشی نائاسایی هەرێمی کوردنشین و ئەو هەژارییەی کە لەوێدا هەیە روو لە کارگەلێک دەکەن کە هەم بەپێی یاسای نێودەوڵەتی و هەمیش بەپێی یاسای سوریا، قەدەخەیە، وەک بۆیاخکردنی پێڵاو و هەندێکی تریان دەبنە قوربانی کاری خراپی، وەک کڕین و فرۆشتنی ماددە بێهۆشکەرەکان و دەستدرێژی سێکسی.

محەمەد و سامی کە هەردووکیان تەمەنیان ژێر ١٤ ساڵەو رۆژانە خەریکی شوتی فرۆشتنن بە وارڤینیان، راگەیاند کە ئەوان رۆژانە ١٣ کاتژمێر کار دەکەن، بەڵام داهاتێکی ئەوتۆیان نییەو ناتوانن بچنە قوتابخانە. محەممەد، گوتی:" ئێمە لە کاتژمێر ٨ی بەیانییەوە تا٨ی ئێوارە کار دەکەین، بەڵام داهاتەکەمان بەشی کڕینی جلووبەرگمان ناکات، ئێمە زۆر ئارەزوومان لە خوێندنە، بەڵام ناتوانین بخوێنین".

سدیق حسێن، تەمەن١٣ ساڵ کە لە دوکانێکی جلووبەرگ فرۆشیدا کار دەکات، گوتی:" من رۆژانە ١٠ کاتژمێر کار دەکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی بژێوی ژیانی ماڵەوە لەئەستۆی منە، هیچم بۆ نامێنێتەوە".
سدیق هەروەها گوتی:" من تا ئێستا چەندین جار کرێی کارەکەم لەلایەن خاوەنکارەکانمەوە خوراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ شوێنێک نەبووە پەنای بۆ بەرم، ناچار بووم شوێنی کارەکەم بگۆڕم".

قەهرەمان ئەحمەد، کە وەستای بیناسازییە و ٣ کرێکاری تەمەن ١٢تا١٦ ساڵی هەیە لەوبارەیەوە دەڵێت:" من کاری سەختیان پێ ناکەم، ئەوان بەس هاریکاریم دەکەن، خۆم تەمەنم ١٤ ساڵان بوو کە دەستم بەم کارە کرد". وەستا قەهرەمان، سەبارەت بە کرێی ئەو کرێکارە بچووکانە گوتی:" لەراستیدا زۆر نییە، رۆژی١٠٠ لیرەی سورییان پێدەدەم کە کەمتر لە ٢ دۆلارە، بەڵام ئەوان چەندە فێری کاری خۆیان بن، من زیاتر هاریکارییان دەکەم".



سەلمان حەسۆ

لەهەرێمی کوردنشینی سوریا، منداڵانی کچ و کوڕ بۆ بژێوی ژیان روو لە کارکردن دەکەن و بەو هۆیەشەوە لەژێر گوشاری خاوەنکاراندا زۆر دەچەوسێنەوە، کە هیچ دەزگا یان رێکخراوەیەکی کۆمەڵگەی مەدەنی و حکوومی نییە کە ئاوڕێک لەو پرسە بداتەوە و تەنانەت لە وەرگرتنی مافەکانیاندا یارمەتییان بدات. پارێزەر زەکی کورد، لەوبارەیەوە گوتی:" لەبەر ئەوەی زۆربەی رێکخراوەکانی بەناو کۆمەڵگەی مەدەنی لە سێبەری حکوومەتدا کار دەکەن، وەک چۆن حکوومەت چاوپۆشی لە مافی منداڵانی کورد دەکات، ئەوانیش وەها چاوپۆشی لێ دەکەن".

### چارەسەر

پارێزەر زەکی کورد، بۆ نەهێشتنی دیاردەی کارکردنی منداڵانی کورد و عەرەب، رایدەگەیەنێت کە ئەگەر یاسای سوریا، بە تەواوەتی جێبەجێ بکرێت، ئەو کێشەیە چارەسەر دەبێت. بەرای زەکی، ئەگەر رەوشی ئابووریی هەرێمی کوردنشین، چارەسەر بکرێت و سیاسەتی جیاکاری لەدژی کورد پێڕەو نەکرێت، ئەو دیاردەیە کەم دەبێتەوە.



ئیبراهیم خەلیل

www.netewe.com

## "سواڵکردن نەریتە و لای هەندێکیش بژێوی ژیانە"

# سواڵکەرێک: چاوشارکێ لەگەڵ حکوومەتدا دەکەین

سلێمانی

لە دەمەو ئێوارەیەکی سەرەتای مانگی ڕەمەزاندا لەبڕی ئەوەی وەک منداڵەکانی دیکە لەناو خێزانەکەیدا بەربانگ بکاتەوە و نان بخوات، ماڵ بە ماڵ دەگەڕا، تا تیکە نانێکی دەستبکەوێت و برسێتی، ئەو ڕۆژەی لەبیر بەرێتەوە. ئەویش کوێستان جەمیلە و کچە "قەرەجێکی" چواردە ساڵە. ماکسیەکی شین و لەچکێکی ڕەش، بەسەریەوەیە. ئەو لە دەمەو ئێوارەیەکدا لە گەڕەکی چوارچرای شاری سلێمانی، تەق تەق لە دەرگای ماڵانی دەدا و داوای تیکەیەک نانی لێدەکردن، تا نان بۆ ماڵەوەی پەیدابکات. ئەو، بەردەوام دەیگووت "بەخوا وقورئان، بەڕۆژوم و برسیمە".

هەرچەندە حکوومەت بەپێی بڕیارێک لە هەوڵی دەستگیرکردنی ئەو سواڵکەرانەدایە، تا ڕێژەی ئەوان لە پێناو بنبڕکردنی دیاردەکە لە کوردستاندا کەم بکات، بەڵام ڕۆژانە ئەوانەی سواڵ دەکەن بەڕێژەیەکی بەرچاو لە نێو کۆڵان و شەقام و شوێنە گشتییەکاندا دەبینرێن و تائێستایش نەتوانراوە وەک پێویست ئەو دیاردەیە بنبڕبکرێت. هاووڵاتییانیش مایەی بێزاربوونیان لەم دیاردەیە دەردەبڕن و داوا لە حکوومەت دەکەن پلانی یەکجاری بۆ بنبڕکردنیان دابنێت.

کوێستان، لەخێزانێک لەدایکبووە کە خێزانەکەیان لە هەشت کەس پێکدێت و باوکیشیان نەماوە ئەو، یەکێکە لەوانەی ڕۆژانە خەریکی سواڵکردنە. گووتی"من کچە گەورەی ماڵم و بە ناچاری لەگەڵ خوشکە بچووکەکەمدا بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانمان، ناچارین سواڵ بکەین".

کوێستان، وەک زۆربەی خێزانە "قەرەجەکانی" دیکە، ماوەی ساڵانێکی زۆرە بۆ شاری سلێمانی هاتوون و لە زۆربەی گەڕەک و شوێنەکاندا خێمەیان هەڵداوە، وەک ئەو باسیدەکات لە ئێستادا شوێنی سەرەکی نیشتەجێبوونیان گەڕەکی (چوارچرا)یە و ئەم گەڕەکە نوێیەو دەکەوێتە دەرەوەی شەقامی شەست مەتری.

کاتێک بەم گەڕەکەدا تێپەڕ دەبیت، چەندین خێمە دەبینرێن کە "قەرەجەکانی" تێدا نیشتەجێن و زۆربەشیان پیشەیان سواڵکەرییە. ئەوان، باس لەوە دەکەن کە پۆلیس بەردەوام لە هەوڵی گرتنیاندان و دەڵێن ئێشەکەمان وەک چاو شارکێی لەگەڵ حکوومەت لێ هاتووە، ئەوان دەمانگرن و ئێمەش کە ئازادکراین، دەست بە سواڵ دەکەینەوە. جگە لەو شوێنەی لێی نیشتەجێن، زۆرجار ئەو "قەرەجانە" لە بەردەم دەرگای نەخۆشخانە و شوێنە گشتیی و شەقامەکانیشدا دەبینرێن و سواڵ دەکەن.

شەیما جەمیلی تەمەن دە ساڵ، لەگەڵ دایکی لەسەر شەقامی مەولەوی لەسەر پارچە مقەبایەک دانیشتبوون و پارچە پەڕۆیەکیشیان لەبەردەمیاندا دانابوو. شەیما کە گەرماو خۆڵ، تەواوی رووخساری داپۆشیبوو گووتی "ئەو ڕۆژانەیەی لێرە دەستم دەکەوێت جیاوازە، جاری وا هەیە بیست هەزار دینار و ڕۆژیش هەیە تەنیا دە هەزار دینارم دەست دەکەوێت. بەنیازیشم بەو پارەیەی دەستمان دەکەوێت خانوو بکڕین، یان نەشتەرگەری بۆ دایکم بکەین، چونکە دایکم نەخۆشە". ئەم کچە مێردمنداڵە، باسی لەوەکرد کە زۆرجار لە لایەن گەنجانەوە ڕووبەڕووی تانەو توانج بوونەتەوە و لەو بارەوە دەڵێت: "ئەوانەی تانەمان لێدەدەن دەیانەوێت بە پارە هەڵمان بخەڵەتێنن و کاری سێکسیمان لەگەڵدا بکەن، بەڵام ئەگەر لەبرسان بمرین، کاری وا ناکەین".

هەندێکجار، تاکەس نەیانناسێتەوە، "قەرەجەکان" لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر کۆچ دەکەن، ئەوەتا عائیشە محەمەدی ٢٧ ساڵان، لەشاری کەرکووکەوە بۆ شاری سلێمانی هاتووە و کاری سواڵکەریی دەکات.

ئەو ئاماژەی بەوەدا کە لەبەر دەستکورتی و نەخۆشی هاوسەرەکەی ئەو کارە دەکات و ڕۆژانەش لە پێنج هەزار زیاتری دەست ناکەوێت. بەشێکی دیکەی "قەرەجەکان" هۆکاری ئەو پیشەیە بۆ داب و نەریتی تایبەت بەخۆیان دەگەڕێننەوە، لەو ڕووەوە سوهام عەبدوڵڵای ٣٠ ساڵا کە لە بەردەم نەخۆشخانەیەکی شاری سلێمانی لەبەر گەرمای هەتاوەکەدا سەرقاڵی سواڵکردن بوو. ناوبرا و پێیوایە بەردەم نەخۆشخانە شوێنێکی زۆر باشە بۆ سواڵکەرەکان، بەو پێیەی زۆربەی خەڵک ڕوو لەو شوێنە دەکەن و بەو هۆیەشەوە پارە بە وانەی لەو شوێنە سواڵ دەکەن دەدەن.

وەک خۆی گووتی: "من هەرگیز ناتوانم واز لەکاری سواڵکەریی بهێنم، چونکە بەشێکە لە داب و نەریتی خۆمان".

> "من هەرگیز ناتوانە واز لەکاری سواڵکەریی بهێنم، چونکە بەشێکە لە داب و نەریتی خۆمان"




ئامینە محەممەدی ٢٥ ساڵ، ژنی ماڵەوەیە. ئەو، بێزاری خۆی لە دەست ئەوانەی سواڵ دەکەن دەربڕی و گووتی" ڕۆژانە چەند جارێک لەدەرگا دەدەن، هەر جارە و بۆ شتێک، لەگەڵ ئەوەی خەرجی گرانە، بەڵام ئەوانیش وازمان لێناهێنن".

ئامینە، ئەوە دەخاتە ڕوو کە هەندێک لەو "قەرەجانە" ژیانیان باشە گووتی" زۆربەیان ئۆتۆمبێلیان هەیە، لە ژێر خێمەکانیاندا وەستاندویانە، ڕۆژانەش بەسواڵکردن پارەی باشیان دەستدەکەوێت، بەڵام ئەوانە تازە فێری سواڵکردن بوون و هەرگیز وازی لێناهێنن".

بەشێکی تر لەو "قەرەجانە" ئێستا شوێنی نیشتەجێبونیان هەیە و لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانیدا بوونەتە خاوەنی خانوو، بەمەش دانیشتوانی گەڕەکەکان گللەییان لەحکوومەت و لایەنی پەیوەندی دارەکان هەیە کە ڕێگە دەدەن "قەرەجەکان" لەنێو گەڕەکەکاندا نیشتەجێببن.

تاقگە جەمال تەمەنی ٣٥ ساڵە و دانیشتووی گەڕەکی شێخانە. ئەو دەڵێت: " سواڵکەرەکان ئەو گەڕەکەیان بێزار کردووە بە دەنگەدەنگ و شەڕکردنیان جاری وایە لەگەرمای نیوەڕۆدا لە کاتی ئیسراحەتدا لە دەرگا دەدەن و داوای شت دەکەن، خەو خواردنیان لێحەرام کردووین". گووتی" هەق نییە ڕێگە بدەن کە ئەو "قەرەجانە" بێنە نێو کۆڵانەکانەوە و خانوو بکڕن، چونکە ئەوان بەو جۆرە ژیانەی کە پێی ڕاهاتون دەژین و بەردەوام سواڵ دەکەن و خۆڵ و خاشاک بڵاو دەکەنەوە، بەمەش خەڵکی گەڕەکەکەمان بێزاربووە لەتاو بۆن و خۆڵ و خاشاک، باشترە لایەنە پەیوەندیی دارەکان، شوێنێک لە دەرەوەی شار بۆ ئەوانەی سواڵ دەکەن، دروست بکەن. ماوەیەک لەمەوبەر ژمارەیەکی زۆر لەقەرەج و ئەوانەی سواڵدەکەن، لە لایەن بەرپرسانی پارێزگای سلێمانییەوە دەستگیرکراون و دوای وەرگرتنی بەڵێننامە لێیان ئازاد، کران. قایمقامی قەزای مەرکەزی سلێمانی، زانا محەمەد ساڵح، لە لێدوانێکدا بۆ گۆڤاری وارڤین ڕایگەیاند، بەپێی یاسای سزادانی عێراقی پێویستە ئەو "قەرەجانەی" کاری سواڵکەریی دەکەن دەستگیر بکرێن و بدرێنە دادگا، بەڵام لەبەر ئەوەی کەس سکاڵای لەسەریان نییە، بۆیە تەنیا ماوەی ٤٨ تا ٧٢، کاتژمێر دەمێننەوە و دواتر بە کەفالەت ئازاد دەکرێن. قایمقامی قەزای مەرکەزی سلێمانی، ئاماژەی بەوەشدا کە بەشێک لەو "قەرەجانە" نیشتەجێی هەرێمن و بەشێکی دیکەشیان لە دەرەوەی هەرێمەوە هاتوون. ئەو، باسی لەوەشکرد کە "ئەوان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، پێشنیاریان کردووە کە ئەوانەی پیرو پەککەوتەن، لەخەڵوەتگەی پیری جێگایان بکرێتەوە و مانگانەش بەبڕێک پارە یارمەتییان بدرێت. ئەوانەشی منداڵی بێ دایکو باوکن بۆ خانەی نەوجەوانان بەرێ بکرێن. ئەوانەی بێ خێزانیشن بەپێی یاسای چاودێری خێزان مووچەیان پێبدرێت. ئەوانەیش کە کەمئەندامن، مووچەیان بۆ دابین بکرێت. ئەحمەد محێدین کە بەهۆی ڕووداوێکی هاتووچۆوە قاچێکی لەدەستداوە ئێستا توانای کارکردنی نییە، بۆیە پەنای بردووەتەبەر کاری سواڵکردن، چونکە بە گوتەی خۆی هیچ کەسێک لەخزمو کەسوکاری هاوکاری ناکەن، ئامادەشە ئەگەر حکومەت هاوکاری بکات واز لەو پیشەیە بهێنێت".



پەیمان قەرەداغی

www.inetewe.com




www.netewe.com

# خەتەنەکردنی ژنان لە هەرێمی کوردستان درێژەی هەیە




خەتەنەکردنی ژنـان، لە هەرێمی کوردستاندا بەردەوامی هەیە و بە پێی هەندێ لە ئامارەکان، ٣٨٪ـی ژنانی هەرێمی کوردستان، خەتەنەکراون. هاوکات پزیشکێکی دەروونیی هەندێ حاڵەتی جیابوونەوەی هاوسەرگیری، بۆ خەتەنەکردن دەگەڕێنێتەوە کە بـەو هـۆیـەوە ژن، لەگەڵ مێردەکەی پێوەندی سێکسی لاواز دەبێت و ئەمەیش وادەکات پیاوان، پەیوەندی ناشەرعی لەگەڵ ژنانی تر، دروست بکەن.

دایکم لەتێک داری کۆنی شکاند و خستیە نێوان ددانەکانم، تا گازی لێ بگرم. دواتر منی لەسەر بەردێکی پان درێژکرد و خۆی لەسەرم دانیشت و منی خستە نێوان قاچەکانی و دەستەکانمی بە دەوری رانەکانیدا توند قایم کرد، تا نەتوانم بجووڵێم. منیش چاوم بڕیبووە ئەو ژنە قەرەجەی کە لە بەرامبەرم دانیشتبوو و خۆی بۆ خەتەنەکردنم، ئامادە دەکرد. لەتە تیخێکی دەرهێناو بەرزی کردەوە، هێشتا خۆر بە تەواوەتی هەڵنەهاتبوو، من خوێنی رەق هەڵاتوم بەو تیخەوە دی کە دەیویست منی پێ خەتەنە بکات. کاتێک کە بیر لە رابـردوو دەکەمەوە ناتوانم بڕوا بەو رووداوە بکەم. ئەوە چیرۆکی راستەقینەی ( واریس دیری )یە کە منداڵی خۆی لەناو عەشیرەت و خێوەتنشینەکانی سومالیایی، بە قاچی رووت و لەژێر خـۆرەتـاوی گەرمدا بەشوێن دۆزینەوەی ئاو و لەوەڕاندنی ئاژەڵەکاندا تێپەڕکرد و لە تەمەنی پێنج ساڵیدا خەتەنە کرا. هەوڵ و خۆڕاگری، ( واریس)ی گەیاندە مۆدی لەندەن، نیۆیۆرک، میلان و پاریس و ناوبانگی جیهانی پێدا، ئێستا ئەو باڵوێزی رێکخراوی نێونەتەوەییە لە سوماڵ و یەکێک لەوانەیە کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا، دژی خەتەنەکردنی کچانە.

گەورەترین بەشی کتێبی (گوڵی دەشتەکی) چیرۆکی پڕ لەئازاری ژیانی ئەوە. بەگوێرەی ئاماری نەتەوە یەکگرتوەکان، رۆژانە هەزاران و ساڵانەیش زیاتر لە دوومليۆن کچ، لە جیهاندا خەتەنە دەکرێن و ئێستاش ژمـارەی ژنانی خەتەنەکراو خۆی لە (١٣٥) ملیۆن دەدات .

خەتەنەکردنی کچان، ئەشکەنجەدانی جەستەییی ودەروونییە، ئازارێکە لەدوای خۆیەوە برینێک جێدەهێڵێت. کچان هەر لە ( ئەندەنووسیا) و تا (پیرۆ) دووچاری دەبنەوە، لە ٢٨ وڵاتی ئەفریقا، خەتەنەکردنی کچان، یەکێکە لە نەریتە باوەکان. لێکۆڵینەوەیەکی سویدی روونیکردووەتەوە کە خەتەنەکردنی کچان، دەبێتە هۆی (نەزۆکی)، لە کچدا. هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێکی دانەبڕاو لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەراست، بە شێوەیەک لەشێوەکان ئـەو دیـاردەیـەی تێدا بەدیدەکرێت.

بوونی ئەو دیاردەیە لە کوردستان، رەنگە پەیوەندی بە لاوازی پێگەی ژنـەوە لە باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە هەبێت. بەپێی ئامارێک لەساڵی ٢٠٠٥-٢٠٠٦، لە ١١٦ گوندی کوردستاندا نزیکەی ٢٠٤٣ کچ، خەتەنەکراون. بێگومان رێژەی خەتەنەکردن لە گوندەکاندا بە بـەراوورد لە گەڵ شارەکاندا زیاترە. ٧٢٪ـی خەتەنەکردن لە گوندەکاندا ئەنجامدراوە و ئەم دیاردەیە لە دە ساڵی یەکەمی پێش راپەریندا ٩٠ ٪بووە، بەڵام دواتر ئەو رێژەیە دابەزیوە. رێژەکە



www.netewe.com

تا ساڵی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠٠٥ لەپارێزگای سلێمانی و هەولێر بۆ ٦٪ دابەزیووە. لە ناوچەی گەرمیان، لە کۆی ١٥٤٤ خێزان، ٣١٠ کچ و لە رانیە ٢٠٧ کچ، خەتەنەکراون. لە تازەترین ئاماری رێکخراوی وادیدا، کە رێکخراوێکی ئەڵمانییە لە هەرێمی کوردستان و توێژینەوەیەکی لە ٥٠ گوند ئەنجام داوە، دەرکەوتووە لەکۆی ٣٦٠٠ ژن،٢٥٠٠ یان خەتەنەکراون کە رێژەکە ٨٠٪ـی ئافرەتان، پێکدەهێنێت.

بەگوێرەی راپۆرتی هەمان رێکخراو لەگەرمیان، لەکۆی ٣٩٨١ ژن، ٣١٨٨، خەتەنە کراون. لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان و ئافرەتان، لە پەرلەمانی کوردستان ئامارێکی خستووەتەڕوو کە لەشارۆچکەی رانیە ئەنجامیانداوە دەرکەوتووە لە کۆی ١٧٣٣ کچ لە ٢٥ خوێندنگە، ١٦٤٥ کەسیان خەتەنەکراون.

لە ئامارێکی تردا، کە لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە، کە ٦٢٪ی ژنانی کوردستان خەتەنە نەکراون، ئەوەیشی کراوە تەمەنی لە ٥٠ساڵ بەرە و سەرەوەیە، بەڵام ئاماری وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، رێـژەی ٣٨٪ی خەتەنەکردنی کچانی هەرێمی کوردستان، دەخاتەڕوو.

دەرئەنجامی توێژینەوەکەی رێکخراوی وادی کە لە یەکێک لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامیداوە، دەرکەوتووە لە کۆی ٤٠٠ ژن ٢٥٠ یان، خەتەنەکراون.

کەواتە خەتەنەکردنی کچ نەریتێکی زاڵـە و "بەشێک لە کلتووری کۆمەڵگەی کوردستانە" وێڕای ئەو ئازارە سەختەی کە کچان لەئەنجامی خەتەنەکردنەوە پێیان دەگات، دووچاری گوشاری جەستەیی دەبن و دەشێت زێ و میزەڕۆیان تووشی هەوکردن بێت. لەوانەی ببێتە هۆی پەیدابوونی بەردی گورچیلە، سێکسکردنیان ئاسان نەبێت و کاتی منداڵبوونیشیان ئازاریان لە ژنی خەتەنە نەکراو زیاترە. سەرچاوە پزیشکیەکان دەڵێن کە ئەو ژنانەی خەتەنەکراون، دەشێت تووشی نەزۆکی ببن و رێژەی تووشبوونی ئایدزیش لە نێوانیاندا بەرزە .

هەرچەند، خەتەنەکردنی کچان، بەر لەهاتنی ئایینی ئیسلام هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی موسڵمانان ئەو نەریتە رەچاو ناکەن، چونکە لە قورئاندا تێکستێک نییە، بۆ ئەنجامدانی خەتەنە هانیان بدات. هەندێک پێیانوایە خەتەنەکردنی کچ، پەیوەندی بە شوێنپێ و رۆڵی ژنەوە هەیە و پردێکە کچ بەرە و ژنبوون دەپەڕێنێتەوە و دەیکات بە ژنێکی راستەقینە.

پزیشکی دەروونی لەبواری نەخۆشیەکانی ژنان سۆفیا ئەکبەر، بەمجۆرە پێناسەی خەتەنەکردن دەکـات:" خەتەنەکردن، بریتییە لەلابردنی پارچەیەکی دەرەکـی لە کۆئەندامی زاوزێـی ئافرەت". ئەو دەڵێت:" دوو جۆر خەتەنەکردن هەیە، لابردنی پارچەیەکی ئەستور لەبەشی دەرەوەی کۆئەندامی زاوزێیی ئافرەت، جۆرێکی تریش لابردنی ئـەو بەشە دەرەکییە لەگەڵ لابردنی پارچەیەک پێستی تەنک و ناسکترە کـە دەکـەوێـتـە بەشی نـــاوەوەی کۆئەندامی زاوزێ، ئەم دوو بەشەش کۆمەڵێک دەمار لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ بەشێکی زۆر بچووک کە بەناوی (کلیتۆریس) هەیەو کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر هەستی سێکسی ژن هەیە، بەبوونی کەمووکوڕی لە یەکێک لەم بەشانە گرفت لەئارەزووی سێکسی دروست دەبێت". ئەم پزیشکە ئاماژە بەو ئامێرە دەکـات کە خەتەنەی پێ ئەنجامدەدرێت کە پیسەو بۆ زیاتر لە کەسێک بەکاردەهێندرێت، ئەمەش چەندین کاریگەری خراپ لەسەر کەسی خەتەنەکراو دادەنـێت و تـووشـی نەخۆشی دەکات.

د. سۆفیا، مەترسی خـەتـەنـەکردن بـەوە دەخـاتـەڕوو، ئـەو کەسەی ئـەو کـارە دەکـات ئەگەر زۆر شارەزا نەبێت، لەوانەیە دەمارێکی ئەو ئافرەتە ببڕێت و تووشی خوێنبەربوونی بکات. هەروەها ئەگەری تووشبوون بەنەخۆشی ئایدز لەناو کچانی خەتەنەکراودا زیاترە، بەهۆی پیسی بەکارهێنانی ئامێری خەتەنەکردنەوە. ئەم پزیشکە، باس لەگرنگی ئەو پارچەیە دەکات کە لەئەنجامی خەتەنەکردن، لە کۆئەندامی مێینە دەبڕدرێت" ئەو بەشە لەکاتی منداڵبووندا بۆ ئافرەت یارمەتیدەرێکی باشە، چونکە منداڵ بە شێوەیەکی ئاسانتر لەدایکدەبێت و ئافرەتەکە ئازاری کەمتری دەبێت. ئەو پارچە گۆشتەش سودێکی زۆر بەئافرەت دەگەیەنێت، چونکە




**د. سۆفیا، مەترسی خەتەنەکردن بەوە دەخاتەڕوو، ئەو کەسەی ئەو کارە دەکات ئەگەر زۆر شارەزا نەبێت، لەوانەیە دەمارێکی ئەو ئافرەتە ببڕێت و تووشی خوێنبەربوونی بکات. هەروەها ئەگەری تووشبوون بەنەخۆشی ئایدز لەناو کچانی خەتەنەکراودا زیاترە، بەهۆی پیسی بەکارهێنانی ئامێری خەتەنەکردنەوە**



www.netewe.com

ئافرەت لەچەندین جۆر (هەوکردن) دەپارێزێت و رێگە نادات (دەرەچــە)ی ئافرەت کراوە بێت. ناوچەی کۆئەندامی زاوزێش بەخاوێنی دەهێڵێتەوە، گرنگترین سودیشی زیادکردنی ئارەزووی سێکسیە".

د. سۆفیا، باس لەحاڵەتی ئەو ئافرەتانە دەکات کە خەتەنەکراون و لەدوای ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری تووشی گرفت بوون، هەندێجاریش گەیشتوونە رادەی جیابوونەوە.

پزیشکی دەروونـی کامەران رەسـوڵ، لەبارەی خەتەنەکردنی ژنان و دەرئەنجامەکانی گوتی:" خەتەنەکردن بریتییە لە لێکردنەوەی ئەو پارچەیەی مانای لەزەت و خۆشی سێکسی لەلای ئافرەت دەگەیەنێت. کاتێکیش کە ئەو پارچە گرنگە لە لەشی ئافرەت لێکرایەوەو ئەوا لەبەشێکی گەورەی ژیانی بێبەش، دەکرێت". د.کامەران، باس لەکارییگەرییەکانی خەتەنەکردن دەکات، کە ئەو ئافرەتە چێژ لەژیان ناکات. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە تووشی چەندین گرفتی دەروونی وەک خەمۆکی، دڵەراوکێ و چەندین گرفتی دەروونـی ببێتەوە، بیرکرنەوەشی لەو رۆژەی کە خەتەنەکراوە ئازارێکی زۆری دەدات بە تایبەت ئەگەر کاتی خەتەنەکردن، تەمەنی گەورە بووبێت و لەیادکردنی ئەو رۆژەش کارێکی مەحاڵە لە هزری ژناندا". ئەو پزیشکە دەرونییە، خەتەنەکردنی بەیەکێک لە کاریگەرترین جۆرەکانی توندووتیژی وەسف کرد، کە ئافرەت رووبەڕووی دەبێتەوە کە بەهۆیەوە ئافرەت، لەچێژی سێکسی بێبەش دەکرێت. د.کامەران، پیاویش بەهاوبەشی ئەو زیانە دەزانێت کە خێزانەکەی لەگەڵی سارد دەبێت و بەو هۆیە رووبەڕووی گرفت دەبنەوەو دەبێتە هۆی ئەوەی پیاوان، پەیوەندی ناشەرعی لەگەڵ ئافرەتی تر، دروست بکەن.

مامۆستا مەغدید کەریم، هەڵگری بروانامەی ماجستێر و قوتابی دکتۆرا لەزانستە شەرعییەکان، مێژووی خەتەنەکردن بۆ سەردەمی فیرعەونەکان دەگێڕێتەوە، کە تا ئەمڕۆ بەردەوامەو لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانیشدا زۆر باوە. ئەم مامۆستایە دەڵێت، ئەو دیاردەیە لەسەردەمی ئیسلامیشدا هەبووە و بـەڵام نابێ بگوترێت ئیسلام ئەو دیاردەیەی هێنا،" لە ئاینی ئیسلامیشدا هیچ دەقێکی قورئانی یان فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د خ) لەو بارەیەوە نییە کە هانی خەتەنەکردنی ژنان، بدات". مامۆستا کامەران، باس لە دووڕای جیاواز لەناو زانایانی ئایینی ئیسیلامدا دەکات و دەڵێت کە، لەو بارەیەوە دەبنە دوو بەش، بەشێکیان




پێیانوایە"خەتەنە کردن بکرێت باشە" و بەشێکی دیکەش دەڵێن "دەبێت بکرێت"، بەڵگەی بەشی دووەم، فەرموودەیەکی پێغەمبەرە، بەڵام ئەو فەرموودەیە سەحیح نییە.

ئەو کەسەی کە ژن، خەتەنە دەکات ئەوا لە روانگەی کلتوور و دابوونەریتی میللەتەکەی خۆیەوە ئەو کـارە دەکـات، نەک لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە. مامۆستا کامەران، پێیوایە خەتەنەکردن، دەبێتە هۆی ساردبوونی سێکسی و ئیسلامیش دەڵێت، پێویستە ژن ومێرد، پێداویستییەکانی یەکتر تێربکەن، بە پێچەوانەوە ئاییین، ئەوە رەت دەکاتەوە.

وڵاتانی یەکێتیی ئـەورووپـاو ئەمریکا، سزای توندیان بـە زیندانیکردن بـۆ ئـەو کەسانە دەستنیشان کردووە کە کچان، خەتەنە دەکەن. لەسوید، ژنێکی بە رەچەڵەک سۆماڵی، سزای ٣ ساڵ زیندانی و بژاردنی ٧٠ هـەزار دۆلار، قەرەبوو بۆ کچەکەی، بەسەردا سەپێنرا. ئیتالیا و بەریتانیا، ساڵی ٢٠٠٥ یاسای سزادانی ئەو کەسانەی کە کچانیان خەتەنە دەکرد، دەرکرد کە بەپێی یاساکە کەسی تاوانبار٤تا١٤، ساڵ زیندانی دەکرێت. لە هەرێمی کوردستان دوای خوێندنەوەی پـڕۆژە یاسای قەدەغەکردنی خەتەنەی مێیینە و رێگرتن لەو دیاردەیە، تائێستا نەتوانراوە خەتەنەکردن، سنوورداربکرێت. عائیشە بەکر تەمەنی ٦٣ ساڵانە دانیشتووی دەشتی شـارەزوورە، کـاری خەتەنە کردنی ئافرەتان دەکات، خۆی کاتێک کە خەتەنە کراوە تەمەنی ٤ ساڵان بووە. عائیشە دەڵێت:" پێویستە هەموو ئافرەتێکی موسڵمان هەر لە منداڵییەوە خەتەنە بکرێت، چونکە خەتەنەکردنی ئافرەت شەرعییەو هەر ئافرەتێک خەتەنە نەکرا بێت ئەوا نانی دەستی حەرام دەبێت". ئەو دەڵێت رۆژانە چوار تا پێنج منداڵی تەمەن ٣ تا ٤ ساڵ بەبێ هیچ دەسکەوتێکی ماددی خەتەنە دەکات و پێیوایە تەنیا خێرێکە بۆ خوا دەیکات. ئەو پێیوایە پێویستە ئافرەت هەر لە تەمەنی بچووکییەوە خەتەنە بکرێت چونکە تا گەورەتر بێت ئازاری زیاتر دەبێت.

لەبارەی چونیەتی خەتەنە کردن عایشە، دەڵێت بە مووس پارچە گۆشتێک لە میتکەی کچەکە دەبڕدرێت پاشان کچەکە دەخرێتە ناو تەشتی ئاو و بۆماوەی نیو کاتژمێر لەناو ئاو دەمێنێتەوە تا خوێنەکەی لێ دەروات.

" خەتەنەکردن بریتییە لە لێکردنەوەی ئەو پارچەیەی مانای لەزەت و خۆشی سێکسی لەلای ئافرەت دەگەیەنێت

www.netewe.com

# خەتەنەکردن ئەو دیاردەیەی هەڕەشە لە کچان دەکات

سلێمانی

بەردەوامی خەتەنەکردنی مێینە لەکوردستاندا حکوومەت ناچار دەکات هەڵمەتێک بۆ بنبڕکردنی ئەنجام بدات.

هەرچەندە هەوڵەکان بۆ بنبڕکردنی خەتەنەکردنی مێنیە بەردەوامە، بەڵام هێشتا دیاردەکە لەژێر ناوی ئاییني ئیسلامدا لەچەندین ناوچەدا پەیڕەو دەکرێت و بەردەوامی دیاردەکەش سێ وەزارەتی حکوومەتی هەرێمی ناچارکرد، کە هەڵمەتێک بۆ ڕووبەڕووبونەوەی پێک بهێنن.

هەڵمەتەکە بە بەشداری هەرسێ وەزارەتی مافی مرۆڤ، تەندروستی، ئەوقاف و کاروباری ئاييني بەڕێوەدەچێت و ماوەی مانگێک دەخایەنێت و تیایدا نوێنەری هەریەک لەو سێ وەزارەتە، هاووڵاتییان لە زیانەکانی خەتەنەکردن ئاگادار دەکەنەوە بە ئامانجی بنبڕکردنی.

تاڤگە عومەر ڕەشید، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری مافی مرۆڤ گوتی:" دوای ئەو توێژینەوە مەیدانییەی وەزارەتەکەمان دەرکەوت دیاردەکە لە زۆر شوێنی کوردستاندا بوونی هەیە و بەناوی ئاییني ئیسلامەوە پەیڕەو دەکرێت، بۆیە پێویستی بە هەڵمەتێکی سەرتاسەری و بنبڕکردن هەیە". ئەوەیشی گوت کە بەپێی ڕاپۆرتەکانیان دەرکەووتوە دیاردەکە لە هەندێک ناوچەدا بە ڕێژەیەکی زۆر هەیە بەتایبەت ناوچەکانی ڕانیە، پشدەر و گەرمیان.


بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاییني مەریوان نەقشبەندی، کە وەزارەتەکەیان بەشداری هەڵمەتەکە دەکات، گوتی:" ئامانجمان بنبڕکردنی دیاردەکە و ڕاستکردنەوەی ئەو تێگەیشتنە هەڵەیەیە بۆ خەڵکی کە وا تێگەیشتوون خەتەنەکردن لە ئاییني ئیسلامدا هاتووە".

گوتیشی:"دەمانەوێت لەڕێی ئیمام و خەتیبەکانەوە ئەو هەڵەیە ڕاست بکەینەوە، تا چیتر بەناوی ئاییني ئیسلامەوە کچ خەتەنە، نەکرێت".

نەقشبەندی، ئاماژەی بەوەشدا کە دەیانەوێت بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە کە خەتەنەکردن پەیوەندی بە ئاییني ئیسلام و شەرعەوە نییەو لە قورئان و لە هیچ فەرمودەیەکدا نەهاتووە کە داوا بکات کچ خەتەنە بکرێت، ئامانجیشیان ئەوەیە کە خەڵکی لەو دیاردەیە دووربکەونەوە.

دوای ئەوەی لە خولی دووەمی پەرلەماندا یاداشتێک ئاڕاستەی پەرلەمان کرا بە ئامانجی بە یاساییکردنی پڕۆژە یاسای قەدەغەی خەتەنەکردنی مێینە لە کوردستاندا، ١٤ هەزار واژۆ بۆ پاڵپشتی لە پڕۆژە یاساکە درایە حکوومەت و پەرلەمان، بەڵام نەتوانرا باسی لێوە بکرێت. هاوکات ئەندام پەرلەمانێک پەسەندنەکردنی یاساکەی بۆ کەمتەرخەمی پەرلەمان گەڕاندەوە.

هەر لەو بارەیەوە کوێستان محەمەد، دەڵێت:" پەرلەمانی پێشوو لەو مەسەلەیە کەمتەرخەم بوو و هەندێک لە ئەندامانی پەرلەمان، بەبیانوی ئەوەی دیاردەکە لە هەندێک ناوچەی دیاریکراودا هەیەو پێویست بەدەرچوونی یاسا ناکات، ئامادەنەبوون قسەی لەسەر بکرێت". ئەو ئەندام پەرلەمانە باسی لەوەشکرد کە دەرکردنی یاسایەک بۆ قەدەغەکردنی خەتەنەی مێیەنە، لەکوردستاندا کارێکی پێویستە. کوێستان، ئەوەیشی خستە ڕوو کە "خەتەنەکردن نەک توندوتیژییە، بەڵکو کوشتنی ژنە، بۆیە دەبێت بە زوویی یاسایەک بۆ نەهێشتنی دیاردەکە و سزادانی ئەوانەی ئەوکارە ئەنجام دەدەن، دەربکرێت". کوێستان



محەممەد، گوتیشی:"یەکەم کارمان لە پەرلەمان کارکردن لەسەر یاسای قەدەغەکردنی توندووتیژی خێزان دەبێت کە لەناویشیاندا بەچەند ماددەیەک قەدەغەکردنی خەتەنەی مێینەش، لەخۆ دەگرێت".

فەلاح موراد خان، ڕێکخەری پرۆژەکانی وادی لە عێراق کە ڕێکخراوەکەیان ماوەی سێ ساڵە، لە کوردستاندا کار بۆ نەهێشتنی دیاردەکە دەکات، ئاماژەی بەوەکرد کە پەرلەمانی پێشوو لەبارەی پەسەندکردنی یاسایی قەدەغەکردنی خەتەنە، کەمتەرخەم بووە. هەروەها باسی لەوەش کرد کە خەتەنەکردنیش جۆرێکی تری توندووتیژیە بەرامبەر بە ژنان و گەر کوشتنی ئافرەت بەناوی شەرەف لە چوارچێوەی چەند خێزانێکدا بوونی هەبێت، بەڵام خەتەنەکردن لە زۆربەی خێزانەکاندا هەیەو هیچ خێزانێک نییە کەسێکی ڕووبەڕووی دیاردەکە نەبووبێتەوە".

ئاماژەی بەوەشدا لە ئێستادا هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان دەستی پێکردووە بۆ زانینی ئەوەی چ گۆڕانکارییەک بەسەر دیاردەکەدا هاتووە.

هەروەها گوتیشی:" ئەوە دەرکەوتووە تا ئێستاش خەڵکانێک سوورن، لەسەر پەیڕەوکردنی خەتەنەکردن بەناوی ئایینی ئیسلامەوە، بە تایبەت لەناوچەکانی ڕانیە و قەڵادزێ، بەڵام لە هەندێک ناوچەی تردا هەست بەکەمبونەوەی دەکرێت".

بەپێی تازەترین ئاماری ڕێکخراوەکە لەناوچەی گەرمیان ڕێژەکە لە ٦٣ ٪ـەوە بووەتە ٢٣٪، ودیاردەکە ڕووی لەکەمبونەوە کردووە و لە ١١١٣ فۆرم کە پڕکراونەتەوە و دەرکەووتوە کە تیمەکانی هۆشیاری ڕێکخراوەکەو تەلەفزیۆن، کاریگەری لە کەمکردنەوەی دیاردەکەدا هەبووە.

ڕێکخەری پرۆژەکانی وادی لە عێراق، حکوومەت و پەرلەمانی بەکەمتەرخەم زانی لە دەرکردنی یاسایەک بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە، گوتی:" چەندین جار هەوڵماندا بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ حکوومەت و وەزارەتی تەندروستی و مافی مرۆڤ، تا بە هەموو لایەک بتوانین ڕووبەڕووی دیاردەکە ببینەوە، بەڵام هاتنە پێشەوەیان بۆ مەسەلەکە نەبوو".

ئاماژەی بەوەشدا کە کێشەکە لەوە گەورەترە لە ئاستی تێگەیشتنی حکوومەت و ڕێکخراوەکاندا بێت و ژنانێکی زۆر بوونەتە قوربانی دیاردەکە".




پرۆژە یاسای قەدەغەکردنی خەتەنەی مێینە لەکوردستان، لە ئێستادا بەسێ مادە خراوەتەوە ناو یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندووتیژی خێزانی، بە ئامانجی دەرکردنی یاسایەک بۆ سزادانی ئەوانەی ئەو کارە دەکەن.

فەلاح، گوتی:" بەرلە دوو ساڵ یاداشتێکمان دایە پەرلەمان و حکوومەت، لەناو پەرلەماندا پشتگیریمان لێکرا، بەڵام دواتر لەلایەن هەندێک لە ئەندامانی پەرلەمانەوە پرۆژەکە پشتگوێ خرا". فەلاح، هیوای ئەوەی خواست کە پەرلەمانی ئەم جارە، چالاکتر بێت و بتوانێ یاسایەک بۆ نەهێشتنی دیاردەکە دەربکات.

ئاماژەی بەوەشدا کە مەرج نییە لە وڵاتێکدا ئەو کیشەیەی تێدابێت، ئینجا یاسایی بۆ دەربکرێت، پێویستی بەبوونی ئەو یاسایە هەیە لە پێناو پاراستنی مافی ژناندا، چونکە ئەم دیاردەیە تاوانێکی گەورەیە و دژ بە ژنان، ئەنجامدەدرێت.



ئازیز مەحمود

# خەتەنەکردنی مێینە و مانگی ڕەمەزان



سەباح عەلی

وەزارەتی مافی مرۆڤ بۆ ماوەی یەک مانگ هەڵمەتێکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی مێینە لە کوردستان دەست پێ کرد بەشی شێری ئەو هەڵمەتە دەکەوێتە مانگی ڕەمەزانەوە و بەمەیش هەوڵەکانی ئەو هەڵمەتە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، دەستپێکردنی ئەو هەڵمەتە لەلایەن وەزارەتی مافی مرۆڤەوە جێگەی دەست خۆشییە و بێگۆمان بەجۆرێک لەجۆرەکان ئامانجی خۆی دەپێکێت بەڵام ئامانجێک کە زۆر لە بێ ئەنجامییەوە نزیکە.

هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە لە کوردستان باشە بەڵام من دەپرسم ئایا خەتەنەکردنی مێینە لە کوردستان هێندە زەقە یان ئایا وەزارەتی مافی مرۆڤ، پشتی بە کام ئامار و داتا بەستووە یان هەر ئەوەیە کە بگوترێت هەڵمەتێکی لەو چەشنە بەڕێوەچووە.

من پێموایە لە کوردستان خەتەنەکردنی ژنان و کچان بەو قەبارەیە نییە کە هێندە گەورە بکرێتەوەو هەندێک حاڵەتی لەو شێوەیە کاری لەسەر بکرێت زیندوو دەکرێتەوەو جارێکی تر خەڵکی هان دەدات بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو ئاکارە یان هیچ نەبێت چون بەدوای بنج و بنەڕەتیدا کە زۆر جار زیندوو دەبێتەوە بە تایبەت ئەو ئاکارانەی کە ڕوویەکی ئاینی بەبەردا کرابێت.

دەکرا وەزارەتی مافی مرۆڤی حوکمەتی هەرێمی کوردستان هەڵمەتێکی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی توندووتیژی دژی ژنان ئەنجام بدایە بە گشتی چونکە لە ئێستادا ڕەگەزی مێینە، لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بە دەست جۆرەها توندووتیژیەوە دەناڵێنن و دەکرا لەوەها هەڵمەتێکدا بەشێکی بۆ بەگژداچونەوەی خەتەنەکردن تەرخان بکرایە کە بەم شێوە زۆر تر ئامانجی دەپێکا و خزمەتی زۆرتری بە پرس و کێشەکانی ژنان دەکرد.

یەکێکی تر لەو هەڵانەی ئەم هەڵمەتە ئەوەیە کە تەوقیتەکەی کەوتە مانگی ڕەمەزانەوە و باس کردنی لایەنە جۆربەجۆرەکانی خەتەنەکردن لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و بەستنی کۆڕ و سمینار و ورک شۆپەوە زەحمەتەو بگرە وەرگر هیچ ئامادەیی تێدا نییە و ئەمەیش خۆی بۆ خۆی گرفت بۆ هەڵمەتەکە دروست دەکات. دیسان دەڵێم حاڵەتی خەتەنەکردن ئەگەر هەبێت بە دڵنیاییەوە لە گوندەکاندا هەیە، بەڵام ئایا لەمانگی ڕەمەزاندا خەڵکی گوندەکان ئامادەییان تێدایە بەشداری لەم هەڵمەتەدا بکەن بە دڵنیایەوە نەخێر، بەمەیش پێکانی ئامانج لەم هەڵمەتە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

پەلەکردن لە هەڵمەتی ڕووبەڕووبوونەوەی خەتەنەکردنی مێینە لە کوردستان بە بڕوای من ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لە ماوەی تەمەنی ئەو وەزارەتەدا دەبوو کارێکی لەو جۆرە بکرایەوە و تەمەنی ئەو وەزارەتەیش زۆری نەماوەو ئەمەیش وایکردووە کە ماوەی دەستپێکردنی هەڵمەتەکە بکەوێتە مانگی ڕەمەزانەوە، بەو پێیەی کە خەتەنەکردنی مێینە بەرگێکی ئایینی بە بەردا کراوە پێویستە لە ڕێگەی مامۆستایانی ئاینیەوە هاووڵاتیانی لێ هۆشیار بکرێنەوەو لەکاتی ڕەمەزانیشدا پێموانییە هیچ مامۆستایاکی ئایینی بتوانێ بەشداری لەو هەڵمەتەی وەزارەتی مافی مرۆڤ بکات و بەمەیش گەورەترین دەرگای هۆشیاری لەبیر دەکرێت، کە نەک کاریگەری بگرە ڕۆڵی ریشەییان هەیە لە نەمانی خەتەنەکردنی کچاندا.

ئەوەی ماوەتەوە بڵێم ئەوەیە کە ئەم جۆرە هەڵمەتانە جگە لە بەفیڕۆ دانی پارەو کات لە وەها کاتێکدا هیچی تر نییە و باشترە کە وەزارەتەکان بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ هەڵمەتەکاندا بکەن، بۆ ئەوەی زۆرترین ئامانج بپێکێت و تەکان بە کێشەو گرفتی ژنان بدات.

sabahali83@yahoo.com

www.netewe.com

# ئۆرگازمی ئافرەت Female Orgasm

دکتۆر کیسرا

## بەشی چوارەم و کۆتایی

### له ئەنجام ( یان لە دوای ) گەیشتن بە ئۆرگازمەوە :

•گرژی دەمار سوک دەبێت یان نامێنێت .

•لەش تازە دەبێتەوە (شەحن دەبێتەوە) .

•مێشک و هزر زیندووتر و زیاتر وریا دەبێتەوە .

•ئافرەت هەستی تەواو بەبوونی خۆی دەکات و باوڕی زیاتر بەخۆی دەبێت .

•هەستی خۆشەویستی لەلای ئافرەتدا زیاد دەبێت.

گەلێک ئافرەت نارەحەت دەبن بەو ڕایەی کە دەڵێ دوو جۆری ئۆرگازم هەیە، ئۆرگازمی زێ و ئۆرگازمی میتکە. سیگمۆند فرۆید، دەڵێ کە ڕاستە دوو جۆری ئۆرگازم هەیە، بەڵام ئۆرگازمی میتکە هەڵقوڵاوە لە ئۆرگازمێکی قووڵتری پرچێژتر کە ئۆرگازمی زێیە لەکاتی بردنە ژوورەوەی چوکدا، بەڕای فرۆید ئۆرگازمی زێ ڕاستەقینەیەو کاردانەوەیەکی سێکسی پێگەیشتوانەیە، کەچی ئۆرگازمی میتکە ناپێگەیشتوانەیەو بەهای کەمترە. زانای سێکسۆلۆژی کینسی Kinsey، پێیوایە کە تەنها یەک جۆری ئۆرگازم هەیە کە بەرێگای میتکەوە دێتە پێش و گرژبوونەوەی هەموو بەشەکانی تری لەشی ئافرەت دەگرێتەوە، بە (زێ)یشەوە. ئەمەیان زیاتر جێی بڕوایە لە نێوەندە زانستیەکاندا. سێکسۆلۆژیستەکان بەگشتی لەگەڵ ئەوەدان کە ئۆرگازم یەک جۆرە. (هێلین کاپلان) تویژەری سێکسی دەڵێ کە ئۆرگازم هەر ئۆرگازمە بەبێ گوێدان بەچۆنیەتی گەمە لەگەڵ میتکەدا، بەزمان، بەپەنجەکانی هاوسەر یان پەنجەکانی خودی ئافرەتەکە، بەئامێرێک یان بەجووتبوون. ئۆرگازمی ئافرەت (لەوانەیە) کە لە زۆربەی هەرە زۆری حاڵەتەکاندا لە ڕێگای ورووژاندنی یان بزواندنی میتکەوە بێت.

### فرەئۆرگازم و ئۆرگازمی یەک لە دوای یەک

● فرەئۆرگازم واتە ئەو ئۆرگازمانەی کە یەکسەر یەک لەدوای ئەویتر دێت.

•ئۆرگازمە یەک لەدوای یەکەکان ئەوانەن کە لەدوای یەکتری دێن و ماوەی نێوانیان چەند خولەکێکە.

•فرەئۆرگازمی ڕاستەقینە زۆر دەگمەنە، هەر چەندە هەندێک ئافرەت دەتوانن کە چەند ئۆرگازمێکی یەک لەدوای یەک ببینن.

نزیکەی ٩٠٪ ی ئافرەتان هەست بە قەناعەتی تەواوی سێکسی دەکەن، پاش یەک ئۆرگازم. لەهەندێک ئافرەتدا پاش گەیشتن بەئۆرگازم، میتکە بەهەستیاری زۆرەوە دەمینێتەوە، کە بزواندنی زیاتری میتکە ئەنجام بدرێ ئەوا پێیەوە نارەحەت دەبن و هەندێک جاریش بەئازار دەبێت.

### هونەری پێشگەمە Foreplay

ئایا دەزانی کە سێکس تەنها بریتی نییە لە بەیەکگەیشتنی ئەندامە سێکسییەکان (چوک و زێ). ئایا دەزانی کە فاکتەری نهێنی بۆ کارامەییەکی باش لە سێکسدا چییە و چۆن ئافرەت دەگاتە ئۆرگازمێکی تەواو و پرچێژ؟ لە وەڵامدا دەڵێین، کە ئەوەی سێکسکەری باش (خۆشەویستی باش) لە سێکسکەری خراپ یان خۆشەویستی خراپ جیا دەکاتەوە بریتیە لە کارامەیی لەهونەری پێشگەمەدا. تەرخانکردنی کاتێکی باش بۆ پێشگەمە واتە درێژەدان بەچێژی سێکسی هەتا ئەگەر بۆ تەنها چەند خولەکێکیش بێت ئەوا سێکس بەگشتی چرتر و باشتر دەکات.

هێشتا خەڵکانێک هەن کە گاڵتە بەپێشگەمە دەکەن و لەبەهایەکەی کەمدەکەنەوە و بڕوایان پێی نییە! ئەمە باش بزانە کە تا تۆ چێژی پتر بەهاوبەشە سێکسیەکەت ببەخشیت هێندە گوڕوتینی سێکس بۆ هەردوولا چرتر و خۆشتر دەبێت. باوەڕ بکە کە بەژەمێکی پێشگەمەی باش هاوبەشە سێکسیەکەت وا لێدەکەیت کە خۆی دەخیلت بکات تا سێکسی لەگەڵدا بکەیت. جگە لەمانە، بەپێشگەمەی باش هەردووکتان هەست بەوە دەکەن کە لەلایەنی جەستەییەوە ئامادەباشییەکی چاکتان هەیە بۆ سێکس. بۆ ئافرەت ئەم مەسەلەیە یەکجار گرنگە، چونکە بەپێشگەمەی باش زیاتر تەڕ دەبێت و ئەندامە سێکسیەکان باشتر بۆ سێکس و جووتبوون ئامادە دەبن کە ئەمەش چێژ بۆ ئافرەت و پیاوەکە زیاتر دەکات و کرداری جووتبوون ئاسانتر و پرچێژتر دەکات . لەوانەیە کە سێکسکردنێکی بەپەلە و خێرا چێژێکی تایبەتی هەبێت، بەڵام هێشتا هەر برێکی باشی چێژت لێ دەڕوات، کەچی لەسەرەخۆ وروژاندنی یەکتری وات لێدەکات کە بتوانیت تەکنیکی جیا جیا بەکاربێنیت و وردەکاییەکانی چێژی سێکسی بزانیت و شوێنە هەستیارە سێکسیە شاراوەکان بزانیت، بەمەشەوە زیاتر شارەزای وردەکارییەکانی سێکسی خۆت و هاوبەشەکەت دەبیت، ئەوسا زیاتر پێشگەمە چڕدەکرێتەوە لەچەند شوێنێکی دیاریکراوی لەشدا، کە دەرەنجام مەسەلەکە بەتێکڕایی دەگاتە چێژێکی نایاب، نایابتر لەوەی کە خۆت و هاوبەشە سێکسیەکەت پێشبینی دەکەن. سێکسی بەپەلە چێژی کەمترە، دەبێ ئەندامە سێکسیەکان بۆ کۆتایی جێبهێڵرێن، پاش ورووژانی تەواو لەشت پێت دەڵێت کە نۆرەی بەیەکگەیشتنی ئەندامە سێکسیەکان هات و جووتبوون بەڕێوەیە، بەڵام هێشتا هەر کەمێکی تر دوای بخە تا ئەو کاتەی کە هەردووکتان سەبرتان نامێنێ، ئەوسا سێکسێکی بەتێن ئەنجام بدەن.

doctorkisra@yahoo.com

www.meletwe.com

## هاووڵاتیان لەترسی حەبی خۆلاواز کردن

# پەنا بۆ دەرمانە سروشتییەکان دەبەن

کەرکووک

لەم سەردەمەدا خۆلاوازکردن و باڵاریکی بووەتە لایەنی بەهەرمهێن و هەرەگرنگی زۆرینەی ئافرەتان، ئەمەش دوای ئەوەی چەرخی بەجیهانیبوون گشت بوارەکانی ژیان، بەتایبەت جوانی و تەندروستیشی داگیرکردووە.

ئـەم گرنگیپێدانەیش دوای چەندین هەڵمەتی ریکلامی و ئەو بانگەشانە زیادیکرد کە کۆمپانیاو لایەنە بەرهەمهێنەرەکان، شانبەشانی گیا دەرمانی و پزیشکییە میللییەکان بۆ ئەو دەرمانانە دەیانکرد کە کاری دابەزاندن و کەمکردنەوەی کێشی لەشی دەکرد.

گرنگترین هـۆکـارە ورووژێـنـەرەکـانـی پەنابردنی ئافرەتان بۆ خۆلاوازکردن و کەمکردنەوەی کێشی لەشیان راگەیاندنەکانن، کە لەرێگەی شاشەی تەلەفزیۆنەکان و کەناڵە ئاسمانیەکان پیشاندەدرێت.

ئەویش بەپیشاندانی کچە ریکلامکارو بەژن زراڤ و جەستە رێکەکان کە هانی ئافرەتی کێشبەرز دەدەن پێڕەوی رژێمی خۆراک بکەن و ئەمجۆرە دەرمانانە بەکاربهێنن.

ئافرەت بەقوربانی یەکەمی ئەمجۆرە هەڵمەتە ریکلامییانە دادەنرێت و پێدەچێ بەکارهێنەری یەکەمی دەرمانەکان و هۆکارەکانی لاوازکردنی بێت.

رەنگە زۆرجار بەهۆی نەبوونی زانیاری تەواو لەشێوازی بەکارهێنانی ئەم دەرمانانە، تەندروستی ئەو ئافرەتانە دووچاری چەندین نەخۆشی چاوەڕواننەکراو بێت.

چیمەن عەلی، تەمەن ٣٠ ساڵ، ئافرەتێکی گەنجەو دایکی ٢ منداڵە، هۆکاری تووشبوونی بەپاڵەپەستۆی خوێن و کەمی رێژەی شەکر و خوێن گەڕاندەوە بۆ پێڕەوکردنی رژێمێکی خۆراکی توند و بەکارهێنانی حەبی خۆلاوازکردن بۆ ماوەی ٤ مانگ.

چیمەن، دەڵێت:" مێردەکەم لەشێوەو کێشی لەشم بێزاربوو هەرجارەی ئەو کچانەی دەبینی کە لەسەر تەلەفزیۆنەکان دەردەکەوتن، کەمووکوڕی لەجەستەم دەدۆزییەوەو ئەوانی لەمن جوانتر وەسفدەکرد، بۆیە بڕیارمدا کێشی لەشم دابەزێنم و باڵام رێک بکەم، کەچی نەمزانی ئەو دەرمانانە زیانبەخشن و بەکەوتنم لەنەخۆشخانە کۆتایی دێت".

چیمەن، دوای ئەوەی چارەسەرییەکی چڕوپڕی بۆ کراو خوێن و خۆراکی گیراوەی پێدرا بۆ ماوەی دوو هەفتە لەنەخۆشخانەدا مایەوە. کێشی چیمەن بەر لە پەیڕەوکردنی ئەم سیستەمە٦٧ کیلۆگرام بووە، بەڵام لەکاتی هاتنی بۆ نەخۆشخانە بۆتە ٥٥ کیلۆگرام، واتە لەو ماوەیەدا ١٢ کیلۆی لەدەستداوە.

سەرەڕای خراپی باری تەندروستی، چیمەن، لەلایەن خزمە نزیکەکانییەوە سەرزەنشتکراوەو تەنانەت مێردەکەشی بەهەڵخەڵەتاو و گێل باسیدەکات، چونکە بـەهـۆی لاساییکردنەوەی کچانی شۆخ و شەنگی سـەر تەلەفزیۆنەکانەوە ژیانی خۆی خستووەتە مەترسییەوە.

پسپۆری نەشتەرگەری و جوانکاری دکتۆر نیهاد عومەر، دەڵێت:" زۆربـەی ئافرەتان دەکەونە ژێر کاریگەری مۆدێل و کچە هونەرمەندە جوانەکان کە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەردەکـەون، ئیتر هەوڵدەدەن شێوەو جەستەی خۆیان هاوشێوەی ئەوان لێبکەن، بۆیە هانا بۆ نەشتەرگەری دەبەن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو زیانانەی لەداهاتوودا بەرەورووی دەبنەوە".

ئەو پزیشکە دەڵێت:" زۆرینەی ئەو ئافرەتانەی هەوڵی گۆڕینی شێوەیان دەدەن، لایەنی تەندروستی و پزیشکی و کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانیان پشگوێ دەخەن، هەشیانە لەترسی نەشتەرگەری پەنا بۆ ئـەو حـەب و گیا دەرمانانە دەبـەن کە ئێستا لەنێو خەڵکیدا بڵاون، ئەمەش بۆ دابەزاندنی چەندکیلۆگرامێک لەکێشی لەشیان یان گەیشتن بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش و هەستبزوێن. دیاردەی بڵاوبوونەوەی گیا دەرمانە پزیشکییەکان و پزیشکی خۆماڵی لەنێو خەڵکدا پشتگوێخستن ونەمانی متمانەی خەڵکە بەدەرمانە پزیشکیەکان و گەڕانەوەیە بۆ سروشت، چونکە دەرمانە سروشتییەکان لەدەرمانە کیمیاییەکان سوودیان زیاترەو زیانیشیان کەمترە.

چەند پسپۆرێک ئاشکرایان کـردووە کە چەند کۆمپانیایەک کە لەم بوارەدا کاردەکەن و بانگەشە دەکـەن، گوایە دەرمانەکانیان سروشتییە کەچی لەراستییدا لە ماددەی کیمیایی پێکهاتوون، ئەمە جگە لەوەی زۆرجار ئەو ماددەیەی کە دەیفرۆشن ئەسڵی نییەو تەقلیدەکەی دەهێننە بازارەکان.

لەبارەی راستی وەبەرهێنانی ئەمجۆرە دەرمانە گیاییانە دکتۆر نیهاد، ئاشکرای دەکات کەوا هەندێ کۆمپانیای بەرهەمهێنی دەرمانە گیاییەکانی لاوازکردن ئەگەرچی لەسەر بەرگەکانیان نوسراوە کە لەگیای سروشتی پێکهاتووەو کاریگەری خراپی نییە، کەچی ئەمە دوورە لەراستی، بەڵکو مـاددەی کیمیاییان تێکەڵ کراوە. هەرچەندە ئەمە لەسەر بەرگەکانیان نەنوسراوە، بـەڵام لەئەنجامی شیکردنەوەدا ئەم ماددانە دەردەکەون.

هـەروەهـا هەندێک لـەو گیادەرمانانە پێکهاتەی زیانبەخشیان تێدایە کە کاریگەری خراپیان لەسەر جەستەی مرۆڤ هەیەو دەبنە هۆی دروستبوونی چەندین گرفتی هۆرمۆنی و ئاڵودەبوون بەهەندێکیان






www.netewe.com




و توشبوون بەجەڵتەی مێشک و دڵیشی لێدەکەوێتەوە. باوکی ئەیاد، تەمەن ٥٦ ساڵە، کە خاوەن فرۆشگایەکی گیادەرمانییەو ١٥ ساڵە ئەم کارە دەکات، ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەم ماوەیە بازاڕی گیادەرمانەکان زۆر بەهەرمێن بووە، لەبەر ئەوەی خەڵک لەئاستی ترسناکی دەرمانە پزیشکییەکان تێگەیشتوون کە ماددەی زیانبەخشی کیمیایی تێدایە. هەروەها دەڵێت:" زۆربەی کڕیارەکانم ئافرەتن و داواکارییەکانیش لەسەر ئەو گیاو دەرمانانەن کە بۆ لاوازکردنەوەو جوانکاری تایبەت بەپێست و جەستەیانن".

هۆکاری ئەمەش بۆ نەمانی دڵنیایی ئافرەتان بەکەلوپەلی پزیشکی و جوانکارییەکان دەگەڕێتەوە کە لەبازاڕەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێن و نرخی زۆر بەرزیان بۆ دانراوە هەرچەندە هیچ سوودیان نییە حەزو ئارەزووی ئافرەتانیش بەشێوەیەکی دروست ناپێکێت، بۆیە ئافرەتان پەنا بۆ کڕینی دەرمانی گیایی دەبەن چونکە هیچ زیانێکی نییە ئەگەر بەدروستی بەکاربێت.

سەلوا، ژنێکی تەمەن ٤٠ ساڵانەو یەکێک بوو لەوانەی لەبەردەم دوکانی باوکی ئەیاد، وەستابوو بۆ کڕینی هەندێ دەرمانی گیایی، گوتی کە من زۆر لەدەرمانەکانی جوانکاری بەتایبەتیش ئەوانەی لەریکلامەکان بڵاو دەبوونەوە، بەکارم دەهێنا هەرچەندە بەنرخێکی بەرزیش دەمکڕین، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو ئەوەبوو جارێکیان دەرمانێکی سافکردنی پێستم بەکارهێنا دوای بەکارهێنانی چەند خاڵ و پەڵەیەک لەسەر پێستم دروست بوو ئەمەش وایکرد واز لەبەکارهێنانی ئەم دەرمانانە بێنم و روو بکەمە گیای سروشتی.

پزیشکێکی دەرمانساز نورا عادل، لەوبارەیەوە دەڵێت:" بەردەوامبوون لە بەکارهێنانی حەبی کێشدابەزین وادەکات هەندێک لەڤیتامینە گرنگەکانی جەستەی مرۆڤ لەگەڵ ئەم رۆنانە بێتەدەرەوە، بۆیە سەرپەرشتی پزیشک لەکاتی بەکارهێنانی ئەم دەرمانانە شتێکی پێویستە، تا پزیشکەکە قەرەبووی ئەم ڤیتامینانە بکاتەوە کە نەخۆش لەدەستیان دەدات، ئەمەش بەئامۆژگاریکردنی نەخۆشەکە دەبێت بەدانانی سیستەمێکی خۆراکی و پێدانی ڤیتامینگەلێک کە جێگای ڤیتامینە فەوتاوەکان بگرێتەوە".

ئەگەر ئەو هەموو زیان و تێکچوونە تەندروستیانە دەرەنجامی چەند حەبێکی کێشدابەزاندن و گیاو دەرمانە میللییەکان بێت، ئەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ دەربازبوون لەقەڵەوی چییە؟

پزیشکی دەرمانساز نورا، وەڵامی ئەم پرسیارە بەپێدانی چەند ئامۆژگاری کرداریی و تاقیکراوە دەداتەوە، یەکەم ئامۆژگاریش ئەوەیە کە پێویستە چارەسەرکردنی قەڵەوی لە ژێر سەرپەرشتیکردنی پزیشکی تایبەتمەند بێت، چونکە جۆرەکانی قەڵەوی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکیتر جیاوازە، هەندێک کەس قەڵەوییەکەیان لەئەنجامی چڕبوونەوەی ئاوە، هەندێکی دیکە لە ئەنجامی چەورییەوەیە، لەبەر ئەمە زانینی جۆری قەڵەوی لای پسپۆران مەرجە بۆ زانینی رێگەچارەی سەرکەوتوو.

باشترین رێگە بۆ دەربازبوون لەقەڵەوی و گەیشتن بەجەستەیەکی رێکوپێک و بەدەستهێنانی تەندروستییەکی باش، پێویستە گرنگی بەچەند لایەنێک بدرێت، لەوانەش ئەنجامدانی شیکارییەکی پزیشکی تەواو بۆ زانینی جۆری قەڵەوییەکەو باری تەندروستی جەستە، هەروەها گۆڕینی سیستەمی خۆراک بە تەواوی ئەمەش بەکەمکردنەوەی بڕی خۆراک بەچەند قۆناغێک و گرنگیدان بەجۆری خۆراک و بڕی گەرمۆکەکان تێیاندا، زیادکردنی شلەمەنییەکان بەتایبەتیش ئاو، چا، سەوزە و زەنجەفیل، پیاسەکردن و دانیشتنی رێکوپێک بەدەست دێت. چونکە سەلمێنراوە، دانیشتن بەشێوەیەکی دروست ١٠٠ گەرمۆکە دەسووتێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی ٢ کیلۆگرام لەهەفتەیەکدا، بەکارهێنانی هۆکارەکانی دابەزاندنی کێش، کە بەتایبەت لەو کەسانەی بەدەست قەڵەوییەوە دەناڵێنن، بەراوێژی پزیشکی.




هەموومان گرنگی ریکلام و راگەیاندن دەزانین، کە زۆرجار کاریگەری مەترسیداری لەسەر بزواندنی خەڵک هەیە، بۆیە هەرکاتێک راگەیاندن پەیامێکی مینرێژکراو دەخاتەروو، بێگومان قوربانیشی لێدەکەوێتەوە. ئەمجۆرە راگەیاندنە خاوەنەکەی تا پلەی وەلییەکان و موعجیزە بەدەستەکان بەرزدەکاتەوە، ئالێرەشدا مرۆڤ دەکەوێتە داوی ئەمجۆرە پیاهەڵگوتنانەی کە پەرە بەخەیاڵ دەدەن لەپێناو بەدەستهێنانی دەستکەوتی ماددی خێرا بۆ خاوەنەکانیان، کەچی زیاتر لە سەدانکەس بەتایبەتیش ئافرەتان لەئەنجامی ئەمجۆرە راگەیاندنانەوە ژیانیان دەکەوێتە مەترسیەوە.

"زۆربەی ئافرەتان دەکەونە ژێر کاریگەری مۆدێل و کچە هونەرمەندە جوانەکان کە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەردەکەون، ئیتر هەوڵدەدەن شێوەی جەستەی خۆیان هاوشێوەی ئەوان لێبکەن، بۆیە هانا بۆ نەشتەرگەری دەبەن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو زیانانەی لەداهاتوودا بەرەورووی دەبنەوە"



سەماح سەمەد






www.netewe.com

# شیفۆن

ئامادەکردنی:
قوسەی دانیاڵ







## چۆنیەتی ئامادەکردنی

سەرەتا گۆشتەکە دەشۆردرێت و دەخرێتە ناو مەنجەڵێکەوە تا بکوڵێت. دواى ئەو هەنگاوە، گۆشتەکە لە ناو ڕۆنی زەیت، سوور دەکەینەوە و پاشان دەست بە ئامادەکردنی تێکەڵاوەکە دەکەین، سەرەتا پیاز و بیبەرەکان ورد دەکەین و لەنێو تاوەکەدا کە ڕۆنی زەیتی تێکراوە لەسەر ئاگرێکی کز دادەنرێت، تا بە هێواشی سوور دەبێتەوە.

لەو کاتەی کە وردە پیاز و بیبەرەکە لەسەر ئاگر دانراوون، دەست دەکەین بە وردکردنی تەماتەکە و لەگەڵ پیاز و بیبەرەکە تێکەڵاوی دەکەین و تا ٢ چرکە جێی دەهێڵین.

پاشان کەچەپ و کاری و بیبەری ڕەش و خوێی تێدەکەین و تێکەڵاوەکە بەسەر دەکەینە سەر گۆشتەکە، کە پێشتر گۆشتەکە لەناو قاپێکدا بە نان و خەیار و لیمو ڕازاوە بێت. بەمشێوەیە خواردنەکە ئامادەدەبێت.

تێبینی

بۆ ڕازاندنەوەی قاپەکە ناکرێت پیاز و بیبەر و تەماتە بەکار بهێنین، چونکە لەناو تێکەڵاوەکەدا هەیە.

## کەرەستەکان

١/٢ کیلۆ، گۆشتی بەرخ

٢سەلک، پیاز

٣ بیبەری سەوز

١/٤ کیلۆ، تەماتەی شل

٣ کەوچکی خواردن کەچەپ


بیبەری ڕەش + خوێ + کاری + ڕۆن بەپێی پێویست.



# ماریژۆک



ناوی کوردی: ماریژۆک، گیامارانە.
ناوی زانستی: asparagus officinalis
خیزانی زانستی: Oliliaceae



## تایبەتمەندی فیزیکی

بۆن: نییە
تام: گونجاو
پلەی گەرمی بەرگەگر: پلەی گەرمی بەرگەگر: ((+١٥ بۆ +٣٨)) س°
بەرزی رووەکەکە: ( ١٠ – ٦٠ ) سم

ناوبانگی کوردەواری: وەک کەنگر، تۆڵکەو کاردو لەسەرەتای هاتنی وەرزی بەهار خەڵکی لەدووی دەگەڕێن. ئەم گیایە لەناو رۆندا سوور دەکرێتەوەو دەخورێت. ماریژۆک تاساڵانی پەنجاکان و هاتنی فەرمانڕەوایی عەبدولکەریم قاسم گیایەکی بەناوبانگ و زۆر بووە، بەڵام دواتر بەهۆی زیادبوونی کەرەستەی کشتووکاڵی و بەرفراوانبوونی زەوی کێڵان بەرەو نەمان چووە. خەڵکی ئێستا باش نایناسن و ناسین و تامە خۆشەکەی وەکو چیرۆکێک لای بەساڵاچوان ماوەتەوە. ناونانی بە ماریژۆک یان گیامارانە لەبەر ئەوە بووە کە لەشێوەی ماردا لەزەوەی هاتۆتە دەرەوەو هیچ گەڵایەکی پێوە نەبووە!

## گیایی ماریژۆک

ناوبانگی پزیشکی گیایی: Asparaguse زیاتر وەکو خۆراک بەکاردێت تا دەرمان. کە ئەم مادده گرنگانەی تێدایە: K+، Pb، folic acid β-carotene، Vitamin; K، G ، هەروەها asparagines ی تێدایە کە فرمانی گورچیلە چالاک دەکات Asparaguse .

لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ناسراوەو رۆژانە خەڵکی بە شێوەی جۆربەجۆر وەک خواردن بەکاری دەبەن. بەشەبەکارهاتووەکەی بریتییە لە قەدێک کە تیرەکەی لەنێوان (( ٠,٥ – ٢ )) سم دایە و درێژەیەکەشی لە نێوان : (( ١٠ – ٥٠ )) سم دایە .




## شێوەی روانی

**وەرزی روان:** بەهار: مانگی ((٣ – ٤))، هاوین: مانگی ((٦ – ٩)) .
**شوێنی روان:** دەم جۆگە و شوێنە نەکێڵراوەکانی دەشت.



شێوەی روانی لە وەرزی (بەهار)دا



سیراجەددین مەحموود

## کاری ئێستات و پێناسەیەکی کورتی کارەکەت؟

ئێستا لە ستۆدیۆی هەواڵ و ئۆپراتۆری کۆمپیوتەر لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی، کاردەکەم کە ئەمەش تایبەت بە بێژەرانی دەنگوباسە و پەیوەندی بە کاری تەکنیکیی هەواڵەوە هەیە.

## چۆن بوو کاری بێژەریت هەڵبژارد:

پێشتر پێشکەش کاری بەرنامەی منداڵان بووم کە بەشیوەی راستەوخۆ بەرنامەکەم پەخش دەکرا و ئەمەش وای کرد کە لە کارێکی دیکە خۆم بدۆزمەوە، تا بووم بە بێژەری دەنگوباسی وەرزشی.

ناو: شادان ئەبوبەکر ئەحمەد
رەگەزنامە: ( کورد) کوردستانی عیراق
باری خێزانی: خێزاندارم کورێکی جوانیشم بە ناوی هێڤار، هەیە.
ئاستی خوێندەواری: سێیەمی ناوەندی
شوێنی نیشتەجێبوون: پیرمام




## خۆشترین ١٠ گۆرانی بە ڕای تۆ:

١-جارێ دڵ ئەدەی _زەکەریا
٢-گوڵێکی سوور_زەکەریا
٣-گوڵێ_زەکەریا
٤-گیانە من بۆ یەکەم جار بۆ عشقت
بە گریەو زار_ بڵند عەبدوڵڵا
٥- پێ مەکەنە_ بڵند عەبوڵڵا
٦-تۆ گوڵکت دایە دەستم من دڵێکم
نایە ژێر پێت_ شێرکۆ تالیب
٧-گرفتارم _بڵند ئیبراهیم
٨-قسم بە عشقمون _موعین
٩- پس از ان غروب رفتن _موعین
١٠_ سلام من بە تو یاری _هایدە

## نزیکترین یان خۆشەویستترین کەست!

خۆشەویسترین و نزکترین کەسم نەجمەدینی هاوسەرمە و هەموو ژیانم لە ماڵ و کارکردن بە یەکەوەیە، لەماڵ هاوسەرمە و لەدەروەیشدا هاوڕێمە.



# ئەستێرەکان دەدوێن

## کاوڕ



٣-٣٠-٣/٢١

لەم مانگەدا هەوڵی چارەسەرکردنی کۆمەڵێک کێشەدەدەیت، کە هەندێکیان دەمێکە سەرقاڵیان کردوویت، پەیوەندیت لەگەڵ دەوروبەرت ئاسایی بکەرەوە هەوڵبدە سوود لەتواناو ئەزموونی کەسانی دیکەش وەربگریت.

## گا



٥-٢٠-٤/٢١

بیر لەداهاتوو بکەرەوە، رابردووەکانت تەنیا وەک ئەزموون دەتوانی سوودیان لێوەرگریت، نەوەک دووبارەیان بکەیتەوە . لەداهاتوودا، چاوەڕوانی هەوڵێکی دڵخۆشکەربە، کە ڕەنگە کەسانی دەوروبەریشت هاوبەشی پێشهاتەکانت بن.

## دوانە



٦/٢١-٥/٢١

ئەوەی ناتوانیت خۆت ئەنجامی بدەیت بەکەسانی دیکەی مەسپێرە، ڕەنگە ئەوان نەتوانن ئەو ئامانجانە بێننە دی کە خۆت دەتەوێت، سوود لەئامۆژگاری کەسانی شارەزا وەرگرەو بەهیچ پێشهاتێک بێزار مەبە، داهاتوو لەبەرژەوەندی تۆدایە .

## قرژاڵ



٧/٢٢-٦/٢٢

هەوڵی خۆدەرخستن مەدە لەو کارانەی لەتوانای تۆدا نیین. ئەوەی دەتەوێ بۆت سەربگرێت بەو ساناییە نییە کە خۆت بیری لێدەکەیتەوە، ڕەنگە هەندێک ماندووبیت بەدوای ئەو شتانەی دەتەوێت بەدەستیان بهێنیت.

## شێر



٨/٢٢-٧/٢٣

هەندێک لەو کەسانەی بەهاوڕێیان دەزانیت بەردەوام دژ بەو ئاراستەیە هەنگاو دەنێن کە مەبەستی تۆیە، باشتر وایە خۆت لەو کەسانە بپارێزیت و ئیدی کێشەکان بۆ بەدبەختی خۆت مەگەڕێنەوە، بەپێی لۆژیک دەتوانیت ڕەفتار بکەیت.

## گوڵەگەنم



٩/٢٢-٨/٢٣

بەپێی توانا هەوڵبدە گرفتە کۆنەکانت چارەسەربکەیت، داهاتوو هی تۆیەو پێویستە لەپێناو گەیشتن بەئامانجەکانت هەنگاوی چالاکانە بهاوێژیت، باری ئابووریت لەباشیدایەو لەڕووی سۆزدارییەوە پێویستت بەکەسێکی زیرەک هەیە کە بتوانێت وەک پێویست لێت تێبگات.

## تەرازوو



١٠/٢٢-٩/٢٣

سەرەتای ئەم مانگە کێشەو گرفتەکان بەرەو چارەسەر دەڕۆن، تەندروستی خۆت بپارێزەو هەموو هەوڵێک لەپێناو ئەو کەسانە بدە، کە هاوکارو یارمەتیدەرت بوون، پێشنیارێکی گرنگ دەخرێتە بەردەم کە بەسوودی تۆ تەواو دەبێت.

## دووپشک



١١/٢١-١٠/٢٣

هەموو ئەو کەسانەی تۆ بەهاوڕێیان دەزانیت وەهانین، هەندێکیان تەنیا مەبەست و بەرژەوەندیان لەهاوڕێییەتی تۆ هەیە، هەوڵبدە ئەو هاوڕێیە هەڵبژێریت، کە بەخستنەڕووی ڕاستییەکان ئازارت دەدات.


## کەوان



١٢-٢١-١١/٢٢

گرنگی بەباری تەندروستیت بدە، ئەم مانگە پێویستت بەحەسانەوە هەیە، ئەگەر دەتوانیت خۆت بەو شتانە سەرقاڵ بکە کە سوودی بۆت هەیەو شتە لاوەکییەکان وەلابنێ.

## گیسک



١/١٩-١٢/٢٢

گەشەسەندنێکی بەرچاو لەباری داراییت ڕوودەدات و هەوڵبدە سوودی لێوەرگرێت، دەرفەت زۆرە بۆ ڕەخساندنی ئەو هەلەو گەیشتن بەو ئاواتانەی دەمێکە بیریان لێدەکەیتەوە، زۆر گرنگی بەلایەنی سۆزداریت بدە.

## سەتڵ



٢/١٨-١/٢٠

سەرەتای ئەم مانگە دوایین کاتی ناخۆشی و بێزارییەکانتەو بەختەوەرییەکی زیاترتان دێنە ڕێگە، هەوڵبدە بەهێمنی ڕووبەڕووی بەرامبەرەکانت ببیتەوەو لەوەدا سەرکەوتن بەدەست دێنیت.

## نەهەنگ



نەهەنگ ٣/٢٠-٢/١٩

بەڵێنەکانت ببەسەرو ئەوەی لەتوانات هەیە بیکە، بۆ ئەوەی بتوانیت دڵی کەسووکارت ڕازی بکەیت، ئەوانەی بەرەقی و توندی مامەڵەت لەگەڵ دەکەن، تۆ پێچەوانەکەیان نیشان بدەو هەوڵی لەیەکتر نزیککردنەوەی ئاراستە پێچەوانەکان بدە.

www.netewe.com



## بۆ وارڤین

شیعر دارێکی
نێو باخی دڵە
لە سەر هەر چڵی
هەزاران گوڵە
خانوی سیحراوی
هەزار ڕەمز و
ڕاز لە یەک
چرکەدا لێ ئەدا
سەد ساز

# هونەرمەند کەژاڵ ئادەمی:
# کوڕێکم دەوێت خەڵکی وڵاتی دڵ بێت

# هونەری ئێستای کوردی له قەیراندایه

سوید

وارڤین: شیعر لای تۆ چۆن پێناسه دەکرێت؟

کەژاڵ: پێناسەی خۆم له شیعر بەم وشانه بەیان دەکەم،

شیعر دارێکی نێو باخی دڵه له سەر هەر چڵی هەزاران گوڵه

خانوی سیحراوی هەزار ڕەمز و ڕاز له یەک چرکەدا لێ ئەدا سەد ساز

وارڤین: چۆن کاری موزیکت هەڵبژارد و کێ یەکەم هاندەرت بوو؟

کەژاڵ: له تەمەنی ١٦ ساڵیدا . له مەکتەبی میوزیکی سەبا، دەستم به ژەنینی ئامێری کەمان کرد و ئەمه ش یەکەم هەنگاوی نێو دنیای میوزیکم بوو. هاوکات له ژێر چاودێری مامۆستا عەلی شەکوری، خەریکی فێربوونی تێوری میوزیک و پەروەردەکردنی دەنگم بووم. لەم چەند ساڵەشدا کە سەرقاڵی چالاکی هونەری بووم جگه له بنەماڵەکەم، مامۆستا شەکوری، هەردەم هاندەرم بووه و پشتیوانی و ڕێنوێنی کردووم.

وارڤین: ژن له ئەورووپا کار ئاسانی بۆ دەکرێت، تا بتوانێت توانای خۆی دەربخات، ئایا تۆ ئەگەر له کوردستان بوای هونەرمەند دەبووی؟

کەژاڵ: ئەگەر ئێستا له کوردستانی ڕۆژهەڵات ژیابام، بێگومان له بواری نووسینی شیعردا چالاک دەبووم، بەڵام پێم وانییه له بواری گۆرانیدا سەرکەوتنم بەدەست هێنابا. لەرۆژهەڵات حکوومەت ئەو بواره به ژنان نادات کە به ئازادی گۆرانی بڵێت. کەواته هەموو چالاکییه هونەرییەکانی من له بێدەنگیو له لاپەڕەی شیعرەکانمدا خۆی حەشارەدا.

وارڤین: خۆشەویستی لای تۆ چیه؟ ئایا خۆشەیستیت کردووه؟

کەژاڵ: خۆشەویستی خەزێنەی هەمو جوانییەکانی دنیایه و خوڵقێنەری هەموو بەرهەمه هونەرییەکانه. لەش و ڕۆحی من ئاوێتەی خۆشەویستییه. بەڵێ منیش وەکو هەموو مرۆڤەکانی دیکەی ئەم جیهانه ئەو چرکەساتانەم له ژیاندا هەبووه کە دڵم تێیدا له پەنای دیوارەکانی خۆشەویستییدا لەرزیوە.

وارڤین: ئایا ژیانی هاوسەریت پێکهێناوە؟ ئەگەر نا مەرجەکانت بۆ دەست نیشانکردنی هاوسەری داهاتووت چین ؟

کەژاڵ: من هێشتا ژیانی هاوسەریم پێک نەهێناوە. به بۆچوونی من بنەمای هەر ژیانێکی هاوبەش دەبێ خۆشەویستی، ڕاستگۆیی و متمانه کردن به یەکتر بێت. هیوادارم شەریکی ژیانەکەم کەسێک بێ، خەڵکی ولاتی دڵ بێت.

وارڤین: پێتوایه گۆرانی کوردی تووشی قەیران هاتووه؟

کەژاڵ: دیاره هونەری کوردی بەرەو پێش چووه، به لام بەداخەوه هێشتا نەیتوانیوه ئەو جۆرەی پێویسته جێگای خۆی له هونەری جیهانیدا بدۆزێتەوه. هەست دەکرێ لەم ساڵانەی دواییدا ڕەسەنایەتی له مۆسیقای کوردیدا کاڵ بووەتەوه. میوزیکی ئێمە تووشی قەیران بووه و هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ئێمه له ژێر ناوی نوێکاری، یان بەرەوپێش بردنی مۆسیقا، ڕوو له مۆسیقای نەتەوەکانی دیکه بکەین. میوزیکی کوردی، له سەردەمی ئەمڕۆدا به قۆناغێکی هەوراز و نشێودا گوزەر دەکات. من پێموایه ئێمەی هونەرمەندانی کورد دەبێ هەوڵ بدەین پێناسەیەکی ڕوونمان بۆ مۆسیقای نەتەوەی خۆمان هەبێت و به پشتیوانی میوزیکی ڕەسەنی کوردی و کەڵک وەرگرتن له ئەزموونی نەتەوەکانی دیکه، هەوڵبدەین میوزیکی کوردی بەرەو ئاستی میوزیکی جیهانی بەرین.

وارڤین: کارێکی هونەریت لەگەڵ هونەرمەند نەجمەدین غولامی کلیپ کردووه، مەبەستت لەم کاره چییه؟ ئایا پرۆژەت هەیه لەگەڵ هونەرمەندانی گەنجیش کاری هونەری هاوبەش بکەیت؟

کەژاڵ: گۆرانی *جوانترین وشە* کە لەگەڵ هونەرمەند نەجمەدین غولامی گوتوومه، هۆنراوەی گۆرانییەکه هی خۆمه و واتای شعرەکەش باس کردنه لەو توندوتیژییەی کە دەکرێتە سەرژنان و ناوەرکی شعرەکەش گفتوگۆی له نێوان باوک و کچێکه. مەبەستمان لەم گۆرانیه ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو کەسانەیه کە دژی ژنان توندوتیژی دەکەن.

هەر وەها پیشاندانی ئەو عەشق و خۆشەویستییەیه کە له نێوان باوک و کچەکەی هەیه. به داخەوه تا ئەمڕۆ سەدان ژن و کچ، له ژێر ناوی نامووسدا قوربانی بیر وڕا دواکەوتوەکان بوونه و هەندێک جار به دەستی باوکەکانیان مۆمی ژیانیان خامۆش کراوه. لەم گۆرانییەدا دەمانەوێ بڵێین: کە ئێمه نابێ خۆشەویستیی ژن لەبیر بکەین. تێکۆشاوین کە پەردە ڕەش و تاریکەکان لابدەین و له ڕوانگەیەکی ڕووناکەوه باسی پەیوەندی بەهێزی نێوان باوک و کچ بکەین.



له ئێستا پرۆژەیەکی ئامادە کراوم بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ هونەرمەندانی دیکه دا نییه، بەڵام خۆم به دۆست و هاورێی هەموو هونەرمەنده دڵسۆزەکان دەزانم و هەر هاوکارییەکم له دەست بێت، کەمتەرخەمیان بۆناکەم.

وارڤین: به نیاز نیت بۆ کوردستان بگەڕێتەوه ؟ ئایا هیچ پرۆژەیەکی نوێی هونەریت لەبەردەست دایه کە له کوردستان ئەنجامی بدەیت؟

کەژاڵ: ئێستا من ئەلبومێکی نوێم ئامادەی

www.netewe.com

# ئێستا من ئەلبومێکی نوێم ئامادەی بڵاوکردنەوەیە
# بۆ ئەنجامدانیش دێمە کوردستان





بڵاوکردنەوەیە و بۆ ئەم مەبەستە خەریکی وت و وێژکردنم لەگەڵ کۆمپانیاکانی کوردستان، کە ئەگەر لەگەڵیان ڕێک بکەوم، لەوانەیە بۆ ئەنجامدانی چەند پڕۆژەیەکی هونەری سەردانی هەرێمی کوردستان، بکەم.

وارڤین: وەک هونەرمەندێکی ژن، خوێندنەوەت بۆ کلیپە کوردییەکان چییە؟ بەتایبەتی ئەو کلیپانەی جەستەی ژن، بەکاردەهێنن؟

کەژاڵ: هەر کلیپێک پڕە لە کچی جوان، ئەمە خراپ نییە، بە لام ئایا مانای ژن بەس جوانییە و هیچی دیکە؟؟

ئاواتی من ئەوەیە کە لە کلیپەکانی ئێمەدا تیشک بخرێتە سەر ئاستی بەرزی ژن و هەوڵ بدرێت بۆ بەرژەوەندی کەسایەتی ژن، زۆرتر سەرنج بدرێتە سەر مانای واقیعی ژن، نەک ڕوخساری.

وارڤین: تا چەند بڕوات بە ئازادی ژن هەیە؟

کەژاڵ: من باوەڕم بە ئازادی هەیە و پێموایە کە هەمو مرۆڤەکان چ ژن و چ پیاو مافی خۆیانە کە ئازاد بژین. بە بۆچوونی من لە کۆمەڵگەکانی جیهانی سێهەمدا ژن و پیاو هیچیان ئازاد نین. ژنانی ئێمە دیلی دەسەڵاتی پیاون و پیاوەکانیشمان دیل و زەلیلی نەریتە کۆنەکان.

دەڵێن هەندێ لە ژنان خراپ لە ئازادی تێگەیشتون. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین ئازادی شتێکی ڕێژەییە. هەر مرۆڤێک ئەم وشە بە شێواز و تێڕوانینی خۆی لێکدەداتەوە. ئازادی لە لای من واتە؛ هەر مرۆڤێک مافی ئەوەی هەبێت کە خۆی شێوازی ژیان، بیر و ڕوا و کەسایەتی، دەست نیشان بکات.

وارڤین: ئەمڕۆکە لە باشووری کوردستان ژنان ڕۆڵی بەرچاویان لە پەرلەمان و حکوومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانە توند و تیژی دژ بە ژنان پەیڕەو دەکرێت، تۆ وەک هونەرمەندێک ئەم بەشدارییەی ژنان و ئەم توند و تیژییە چۆن لێک دەدەیتەوە؟

کەژاڵ: لێرەدا ئێمە دەبێ دوو وشەی ژنی ئازاد و ئازادی ژن، لە یەکتر جودا بکەینەوە.

ئەو ژنانەی کە توانیویانە لە بوارە گرنگەکانی کۆمەڵگەدا چالاکیان هەبێت، من ناویان دەنێم ژنانی ئازاد. کە خۆشمان دەزانین ژمارەیان زۆر نییە. ئەوەی کە توانیویانە بەم ئاستە بگەن بێگومان بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کولتووری ئەو بنەماڵەی کە تێیدا پەروەردە بوون.

بەڵام کاتێ باسی ئازادی ژن دەکەین، ئەمجارە ناوەڕۆکی باسەکەمان بێ سنوورە. لێرەدا باس لە ئاڵ و گۆڕێکی بنەڕەتی و کلتوورێکی کۆمەڵایەتی دەکەین کە هێشتا کۆمەڵگەی ئێمە ماویەتی لێی تێبگات.

ژن، بۆ ئەوەی خۆی بدۆزێتەوە دەبێ بچێتە مەیدان، بۆ ئەم مەبەستە ش هەبوونی ئازادی گرینگە.

ژنان دەبێ خۆیان هەوڵ بدەن کە بوونی خۆیان لە کۆمەڵگادا بسەلمێنن.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پێویستە ئاستی زانایی و هۆشیاری لە ژناندا بەرز بکرێتەوە، تەمەننای ئازادی بۆ ژنان دەبێ تەمەننای هەمو مرۆڤێکی دادپەروەر بێت. هیوادارم ژنانی کۆمەڵگەکەمان بە یارمەتی پیاوانی ڕووناکبیر بتوانن بە هەموو مافەکانیان بگەن.

وارڤین: هونەرمەندی کورد تا زیندووە لای خەڵکەکەی ناناسرێت، بەڵام کە مرد کۆڕ و سمینار و یادکردنەوەی بۆ ساز دەدەن؟ ئایا مردوو پەرستی بووەتە بەشیک لە کولتووری ئێمە؟ ڕێگە چارە چییە بۆ نەمانی ئەم دیاردەیە؟

کەژاڵ: من لە سەر ئەو بڕوایەم کە مردوو پەرستی نەک هەر بەشێکە لە کلتووری کۆمەڵگای ئێمە، بەڵکو دەتوانم بڵێم کلتوورێکی مرۆڤایەتییە و لە هەمو جیهاندا هەیە.


وتەیەکی جوان هەیە دەڵێت:"خۆزگە خاوەنی هونەر، لای خێڵی مردووپەرست لە وکاتەی کە زیندووە وەک مردوو سەیر دەکرا".

هیوادارم لە داهاتوودا خەڵکی کورد و بە تایبەت دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی باشتر ڕێزی هونەرمەندە ڕاستەقینەکانی گەلەکەمان بگرن.

ئەگەر کۆڕ و سمینارێکە تاوەکو لە ژیاندان بۆیان ساز بکرێت.

ئەستێرەکانمان تا ئەو کاتەی ئەدرەوشێنەوە ڕێزیان لێ بگرین و پاش مردنیان فرمێسکی پەشیمانی نەڕژێنن بە سەر بەرهەمەکانیاندا.

**هەڤپەیڤین/ ئاران جەماڵ**



## پرۆفایل

کەژاڵ ئادەمی، ساڵی ١٩٨٣ لە شاری سەقز لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە.

لە تەمەنی ٨ ساڵیدا دەستی بە خوێندنەوەی شیعری کوردی کردووە و خوێندن و نووسینی کوردی لە شیعرەکانی مامۆستا قانع، فێر بووە.

ساڵی ١٩٩٨ روو لە هەندەران دەکات و لە وڵاتی سوید نیشتەجێ دەبێ.

لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا دەستی بە ژەنینی ئامێری کەمان کردووە و لە مەکتەبی مۆسیقای "سەبا" دەستی بە خوێندنی تیۆری موزیک کردووە.

"جوانترین وشە" یەکەم بەرهەمی کەژاڵە کە ساڵی ٢٠٠٦ دەرچووە و ٦ گۆرانی لەخۆ دەگرێت و مامۆستا عەلی شەکوری، ئاوازدانەری بەرهەمەکەیە و هۆنراوەی گۆرانیەکانیش هی کەژاڵن.

هونەرمەند خاتوو کەژاڵ ئادەمی، لە دیمانەیەکی وارڤیندا ئەوە دەخاتە ڕوو کە لە تێکستی گۆرانییەکانیداباسی لە توندوتیژی دژ بە ژنان کردووە و مەبەستیش تێیدا ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کەسانەیە کە هۆکاری ئەو دیاردەیەن. هەروەها باس لەوەش دەکات کە ئەو ئارەزووی لە میوزیکی رەسەنی کوردییەو هونەری ئێستای کوردیش بە قەیران وەسف دەکات.

www.netewe.com

# کچان ناویان دەگۆڕن و قەیرەکانیش تەمەنیان کەم دەکەنەوە

هەڵەبجە

کەمکردنەوەی تەمەن و گۆڕینی ناو دیاردەیەکی باوی نێو کچانەو پسپۆڕانیش تەشەنەکردنی دیاردەکە، بۆ هۆکاری سیاسی، ئاینی و دەروونی، دەگەڕێنەوە. هاوکات دادوەرێکی دادگای باری کەسێتی شارەکەیش دەڵێت، لەدوای نەمانی مەترسی" گرووپە توندڕەوەکان" کە ناوی عەرەبییان، لەبریتی ناوی کوردی بۆ کچان هەڵدەبژارد، ئێستا گۆڕینی ناو ڕووی لە زیادبوون، کردووە.

بەپێی ئامارێکی دادگای باری کەسێتی هەڵەبجەی شەهید، لە ماوەی ٥ساڵی دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، زیاتر لە٢٠٠٠ کەس کە زۆرترینیان لە ڕەگەزی مێینەن، ناو و تەمەنیان گۆڕیوە.

بەپێی ئامارەکە، ئەو کچانەی ناوی خۆیان گۆڕیوە، زۆربەیان لەخوار تەمەنی ٢٠ ساڵیدان و ئەوانەیشی تەمەنی خۆیان گۆڕیوە، ئەو کچانەن کە تەمەنیان لە ٣٥ ساڵ تێپەڕیوە.

خوێندکارێکی قۆناغی یەکەمی کۆلێژی بنەڕەتی هەڵەبجەی شەهید، دوای ساڵێک لەشووکردنی، لەبەرئەوەی ئامادە نەبووە ناوەکەی بگۆڕێت، دەزگیرانەکەی لێی جیابووەتەوە. گورجی ساڵح، دەڵێت:" دەستگیرانەکەم دەیگوت ناوەکەت کۆنەو لەگەڵ ئەمڕۆدا ناگونجێت، ئەگەر نەیگۆڕیت ئامادەنیم پرۆسەی هاوسەرگیریت، لەگەڵ ئەنجام بدەم".

گورجی گوتی:" دەستگیرانەکەم لێم جیابۆوە چونکە ئامادەی گۆڕینی ناوەکەم نەبووم".

بەپێی قسەی ئەو کچانەی کە دەیانەوێت ناوی خۆیان لە فاتمە، عائیشە، زەینەب، کەلسووم، سەبریەو پەیام، بۆ ناوێکی سەردەمیانە بگۆڕن، ئەوەیە کە ناوەکەی خۆیان لەگەڵ ئەم سەردەمەدا ناگونجێت.

لەژێر کاریگەری هاوسەرەکەیدا ناوی خۆی لە فاتمەوە بۆ سازان، گۆڕیوە.

ئەو، لە بەهاری ١٩٩٢ لەخێزانێکی ئایینپەروەر لەدایک بووەو وەک خۆی دەڵێت، هەر بۆیەش ناوی هەموو منداڵەکانیان هاوشێوەی"ناوە ئاینییەکانن". فاتمە، ئێستا خوێندکاری قۆناغی ١٢ی بنەڕەتییەوەو ماوەی ساڵێکە پرۆسەی هاوسەرگیری پێک هێناوە. لەبارەی گۆڕینی ناوەکەیەوە، گوتی:" لەژێر کاریگەری هاوسەرەکەم و ترسی جیابوونەوەدا بڕیاری گۆڕینی ناوەکەم داو، هەروەها ئێستایش هاوسەرەکەم ڕازی نییە، کەس بە فاتمە بانگم بکات".

بە بڕوای پسپۆڕانی دەروونی، ناو کاریگەری لەسەر سایکۆلۆژیای مرۆڤەکان دادەنێت و هۆکاری ئەوەش بۆ بارودۆخی سیاسی و ئاسایشی ناوچەکە، دەگەڕێننەوە.

مامۆستای دەروونزانی موحسین حسێن، پێیوایە، گۆڕینی ناو و تەمەن، لەلایەن هەردوو ڕەگەزەوە لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا هەیە. هەر بۆیەش حکوومەت ئەم کارەی لە"سیاغێکی یاساییدا" ڕێک خستووە. ئەو، هۆکارەکانی گۆڕینی ناو و تەمەنی بۆ بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاسایشی ناوچەکە، گەڕاندەوەو گوتی، لەکۆمەڵگەی کوردیدا ناو کاریگەری دەروونی لەسەر سایکۆلۆژیای مرۆڤەکان هەیە، ئەم حاڵەتەش زیاتر لەناو ئەو خێزانانەدایە کە ئاستی ڕۆشنبیرییان، لاوازە".

پەیام، کچێکیترە لەو کچانەی ناوی خۆی کردووە بە هەیفا. ئەو، تەمەنی ١٩ساڵەو کچی ماڵەوەیە. وەک خۆی گوتی:" لەسەرداوای خۆشەویستەکەی" ناوی گۆڕیووە.

ڕۆژنامەنوس شێرکۆ سەعید، بوونی ئەو دیاردەیەی خستەڕوو و هۆکاری پەرەسەندنەکەیشی بە کاریگەری بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە، دیاریکرد و گوتی:" زۆربەی ئەو کچانەی ناوی خۆیان گۆڕیوە پێشتر دایک و باوکیان، لەژێر کاریگەری گروپە ئیسلامییەکانی ناوچەکەدا بوون".

دادوەرێکی دادگای باری کەسی هەڵەبجە کە نەیویست ناوی بهێنرێت بە وارڤینی ڕایگەیاند، کە "بەپێی یاسا هەر هاووڵاتییەک مافی هەیە ناوی خۆی بگۆڕێت، بەمەرجێک کەسەکە تاوانبارێکی هەڵهاتوو نەبێت".

ئاماژەیشی بەشێوازی گۆڕینی ناو کرد کە هەرکەسێک ویستی ناوی خۆی بگۆڕێت، دەبێ داواکارییەک ئاراستەی دادگا بکات و دواتر دادگە، لەڕێگەی یەکێک لەو ڕۆژنامانەی کە ڕۆژانە دەردەچن، ناوی کەسی داواکار بڵاودەکرێتەوە و دوای بڵاوکردنەوەکەش بۆ ماوەی ١٠ڕۆژ، ئەگەر هیچ کەس و لایەنێک"تانەی" لەو گۆڕینە نەدا، ئەوا دادگا بەپێی یاسا ڕەزامەندی گۆڕینی دەردەبڕێت.

ئەو دادوەرە، گوتیشی:" لەماوەی ٤ساڵی دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، گۆڕینی تەمەن بەچڕی لەنێو کچاندا هەبوو". ڕاشیگەیاند کە تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن تەمەنیان بگۆڕن کە لەدەرەوەی نەخۆشخانە لە دایکبوون.

فەریدە حەمەعەزیز، یەکێکە لەو کچانەی چەندساڵێک بەسەر وادەی ئاسایی شووکردنیدا تێپەڕیوە، لەبارەی گۆڕینی تەمەنیەوە گوتی:" تا ئەمڕۆ باوکم لەهەوڵی ئەوەدایە بمدات بەشوو لەبەرامبەر ژندا بۆ خۆی ئێستاش تەمەنم گەورە بووە، بۆیە بڕیاری کەمکردنەوەی تەمەنم دا".

کەمال حسێن، هاووڵاتییەکی دانیشتوی شاری هەڵەبجەی شەهیدەو ناوی کوڕەکەی لە عیساوە بۆ گۆران، گۆڕیوە، تا" لەگەڵ سەردەمدا، بگونجێت".

کاریگەری بارودۆخی سیاسیش لەسەر ناولێنان، یان ناو گۆڕین هەیەو زۆر کەس منداڵەکانیان بەناوی شۆڕشەکان یان سەرکردەکانەوە ناوناوە. هەر بۆیەش دادوەرەکەی دادگەی باری کەسێتی، گوتی:" لەدوای نەمانی" گرووپە تیرۆریستییەکان" لەناوچەکەماندا حاڵەتەکانی ناو گۆڕین و بچوککردنەوەی تەمەن، زیادی کردووە".

> دەستگیرانەکەم لێم جیابۆوە چونکە ئامادەی گۆڕینی ناوەکەم نەبووم".
> بەپێی قسەی ئەو کچانەی کە دەیانەوێت ناوی خۆیان لە فاتمە، عائیشە، زەینەب، کەلسووم، سەبریەو پەیام، بۆ ناوێکی سەردەمیانە بگۆڕن، ئەوەیە کە ناوەکەی خۆیان لەگەڵ ئەم سەردەمەدا ناگونجێت

**هاوکارمحەمەد**

www.netewe.com

# ناڵینم مێژوو ڕەش دەکاتەوە

رووکەن خاتوون

لەم ڕۆژانەی دواییدا هونەرمەندانی تورک نە بۆ شەڕ، بەڵکو هاریکاری ئاشتی دەکەن. دەیانەوێت هاریکاری ئەوە بکەن کە کێشەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت. لەناو هونەرمەندانی تورکیادا یەکەمین کەس کە پەیوەندی بە سەرۆکوەزیرانی تورکیاوە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، کرد و ویستی هاوکاری خۆی دەربڕێ، سەزەن ئاکسۆ بوو. سەزەن ئاکسۆ گوتی:" لەئێستادا هەر بەرپرسیارێتییەک بکەوێتە ئەستۆم، جێبەجێی دەکەم". هونەرمەندی پۆپی تورکیا، گوتی:" کەسانێک کە لەدژی ئەم قۆناغە بن، لە دونیا و قیامەتدا ڕووڕەش دەبن". ئەو قسانەی سەزەن ئاکسۆ سەرنجی رای گشتیی و هونەرمەندانی تورکیای ڕاکێشا. پاش ئەوەش هونەرمەندانی دیکەی وەک سیبیل جان، گولبەن ئەرگەن، ئەژدا پەکان، ئیبراهیم تاتلیساس، هولیا ئەفشاریش گوتیان:" ئێمەیش لەگەڵ بۆچوونەکەی سەزەن ئاکسۆین و لە قۆناغی چارەسەرکردنی کێشەی کورد، پشتگیری دەکەین". هونەرمەندان گوتیان:" لەپێناو ئاشتیدا پێویستە هەموو کەسێک قۆڵی لێ هەڵماڵێت، با دایکان نەگرین، پێویستە شەڕ رابگیرێت". کۆمەڵگەی هونەرمەندان، توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگەی تورکیان کە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر رای گشتیی تورکیادا هەیە. سەزەن ئاکسۆ کێیە؟ دەمەوێت سەزەن ئاکسۆ، بە خوێنەرانی وارڤین بناسێنم. سەزەن ئاکسۆ، لەساڵی١٩٧٥ تا ئێستا مۆسیقای پۆپی تورکی دروست دەکات. لەتورکیا زۆر ناویان لێ ناوە، پرەنسێسی پۆپ، فەیلەسۆفی گیانی شیعر، پیرەبووکی رانەوەستاو، ئیرادەی نهێنی، جووجەی بچووک. نزیکەی٤٠٠ گۆرانی و ئاوازی هەیە. ٢٢ ملیۆن کەس ئەلبۆمەکانی سەزەن ئاکسۆی دەکڕن. قسەکانی لە تورکیا وەک ڕێبەرێک گوێی لێ دەگیرێت. شاعیرێکی گەورەیە، نووسەرێکی ئاوازدانەرە. شرۆڤەکارێکی گرنگ و گۆرانیبێژێکی بەهەستە. لەدونیادا کەسێکی ناسراوە.

پێویستە مرۆڤ لەناو گۆرانییەکانیدا بیناسێت، هەندێجار لەسەر ئەڤینداران گۆرانی دەڵێت و ئازاری دڵیان دێنێتە زمان. وەک ئاگر دەیسووتێنێت و زۆر بەناسکی باس لەدەردی عەشق دەکات و دواتر بە دەنگێکی بەهێز خۆی دەباتە دڵی ئەڤیندارانەوە و کاتێکی خۆش پێشکەشی ئەڤینداران دەکات. دەتانەوێت گۆرانییەکی ببیستین:" لە من دوور بێت/ یارەکەم چەقۆ تیژ/ خودایە ئەو دڵەی لە عەشق پڕ نەبێت/ ئاوارەی گۆشەو کەنارەکانی جیهان بێت.

سەزەن ئاکسۆ، هەندێکجار دژایەتی کۆمەڵگەی دواکەوتوویش دەکات. دەبێتە هاواری کچانی ئازاد و یاخی. لە گۆرانییەکانیدا رۆڵی ژنان و پیاوان دەگۆڕێت. ئاکسۆ، لە گۆرانی و شیعرەکانیدا بەگشتیی باس لە رەوشی ژنان، دەکات و دەبێتە دەرگەیەک بۆ کرانەوەی ژنان بەڕووی جیهاندا. لەجیهانی دەسەڵاتی پیاودا باسی ئازار و شکستەکانی ژن، دەکات و رەخنە لە بێویژدانی کۆمەڵگە بەرامبەر بە ژن، دەگرێت. ئەو متمانە دەداتە زیرەکبوونی ژنان و جیهانی دڵسۆزیی ژنان دەکاتە بابەتی گۆرانییەکانی و دەیانهێنێتە گۆڕەپان. سەزەن، لەو بڕوایەدایە کە ژن، گوناهەکانی مرۆڤایەتی، خاوێن دەسڕێتەوە. ئەو لە گۆرانییەکانیدا بۆچوونی خۆی سەبارەت بە جیهانبینی ژن دەردەبڕێت.

ئەو دەڵێ: جارێکی دی ئەو کچە گەورە دەکەمەوە/ بەناو ئاگری گەشدا تێیدەپەڕێنم/ لەناو ئاشدا دەیهاڕم/ من دەزانم من دەزانم. سەزەن هەمیشە لە هونەرەکەیدا باس لە داپەروەری و مافەکانی مرۆڤ، دەکات. هاوار دەکات، تا مرۆڤایەتی دەبێت لەسەر دادپەروەری و یەکسانی بەڕێوە بچن. لەو تاوانانەی کە لەدژی مرۆڤایەتی ڕوودەدەن دەکۆڵێتەوە. وەک دەڵێ:" ئەو تاوانانەی کە کۆیلەکان لە بەرامبەر کۆیلەکان دەیکەن/ ئاگری زاڵم نایکات/ من ئەمڕۆ نزام بۆ هەمووان کرد/ خوای گەورە لە هەموومان ببوورە. سەزەن ئاکسۆ، هەمیشە خۆی لە بەرامبەر کێشەکانی کۆمەڵگەدا بە بەرپرسیار زانیوە. وەک هونەرمەندێک پشتگیری لە کۆمەڵگە کردووە. لە شاری دەرسیم، گۆرانییەکی کوردی گوت و دەستنیشانی کرد کە لەگەڵ گەلی کوردە. لەشاری ئامەد، لە مەراسیمی نەورۆزدا بەشداری کرد. هاریکاری ئەو دایکانەی کرد کە منداڵەکانیان لە زینداندان یان گیانیان لەدەست داوە. بۆ بەرخۆدانی دایکان، مۆمێکی هەڵکرد. گۆرانیەکەی ئەوەیە: ئێمە چاوەڕوانی تێپەڕینی ڕۆژین/ ڕۆژ بێدەنگە، بێ زمانە، بێ گوێیە/ ئێسک و گۆشتی جەستەکان لەبەر دەرگەکاندان/ گیان گیان لەنێو چووە/ خوایەگیان ئەوە چ جیهانێکە، چ شەرمێکە/ ئاخ من دایکم گیانی من ناسوتێت/ بیخەنە ناو کلّپەی ئاگر/ ئێوە ناتوانن هیوامان ببڕن/ من بمرم ناڵینی من، مێژوو ڕەش دەکات. سەزەن ئاکسۆ، لەدڵی ژنانی کورد و مرۆڤی کورد دا عەشقی نەخشاند. بۆ ئەو هەموو دڵە سووتاو و ئەڤیندارە بووەتە ئاو. ئێمەش دەستمان بەرەوڕووی تۆ دەکەینەوە و دوعا دەکەین، ئەی فەیلەسوفی عەشق.

هونەرمەندی پۆپی تورکیا:" کەسانێک کە لەدژی ئەم قۆناغە بن، لە دونیا و قیامەتدا ڕووڕەش دەبن"

دوای ئاکسۆ سیبیل جان، گولبەن ئەرگەن، ئەژدا پەکان، ئیبراهیم تاتلیساس، هولیا ئەفشار پشگیری چارەسەری کێشەی کورد دەکەن






www.nefel.com

### یەکەم (بەهار)

لە باغەکانی تۆوە، وەکو بای وەشت
بۆنی ژان دێت
بەسەر روخسارم دا
ئاە، لەم پێویستییە گەرمە
لە شەوی من دا
چۆڕبڕانە هەوای ئاگری سووتانم
دەخۆمەوە

لە چاوانی بێ وەنەوزی منەوە،
تیشکێکی پرشنگداری بێ پشوو،
وەکو ئاورنگ بە نێو شەو دا، بڵێسە دەکات
دەزانم من نەفرەتلێکراوم
دەزانم لە بەرزایی ئاسمانەوە
بەردەبمەوە نێو دەستەکانت

### ٢. خوێنی ئەو پیاوە

خۆشترین شت ئەوە بوو کە،
دوا گوڵی بەختی منی لێکردبایەوە و
فڕێی بدایەتە ئاوەڕۆ وە،
خوێنی ئەو پیاوە زۆری لێکرد

خۆشترین شت ئەوە بوو کە،
لە ناو ئازاری شەوانی تینووی دا،
روحی منی بڕژاندایەتە نێو
تیرێژی بە بریسکەوە

خۆشترین شت ئەوە بوو کە،
لە بۆنی (ب)یی دۆڕاو دا،
دەستی لە دڵی لاسارم گیربایە
بەسەر دارۆچکەیەکی دڕکدا شۆڕی بکردایەوە
.... خوێنی ئەو پیاوە وای دەویست

**ئێلزە لاسکە شویلەر لە تافی لاوی دا**



خانمی شاعیر ئێلزە لاسکە شویلەر، لە ١١. ٢. ١٨٦٩ لە شاری ڤوپەرتال (ئەڵمانیا) لە دایک بووە. یەکێک لە شاعیرە ناسراوەکانی ئەدەبیاتی ئەڵمانییە. ئێلزە لاسکە شویلەر، جولەکەی ئەڵمانیا بوو. ئەم شاعیرە پاش خۆی بەرهەمی زۆری بە جێهێشتووە، کە بریتین لە شیعر، دراما، پەخشان و چیرۆک. هەروەها نامەگەل، بەڵگە و کۆمەڵێ هێڵکاری زۆری لە پاش بەجێ ماوە.

یەکەم بەرهەمی ئێلزە لاسکە شویلەر، کۆمەڵێک پەخشانە کە لە کتێبێک دا، ساڵی ١٩٠٦ بڵاوکراوەتەوە. ساڵی ١٩٠٧ سەرجەمی پەخشانەکانی کە تا ئەو کاتە نووسیبوونی بڵاودەکرێتەوە، بە ناوی " شەوانی تینۆ لە بەغدا". پاشان شانۆنامەیەک بڵاودەکاتەوە. ساڵی ١٩١١ لەگەڵ بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە شیعری "پەرجوی من" ئێلزە لاسکە شویلەر بوو بە سەرکێشی ئەدەبی "تەعبیری"ی ئەڵمانیا.

ساڵی ١٩٣٣ بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەستی نازییەکان بەرەو زویرخ "سویسرا" رادەکات، بەڵام لەوێ کاری لێ قەدەغە دەکرێت. لە لایەن نازییەکانەوە ساڵی ١٩٣٨ مافی هاووڵاتی بوونی ئەڵمانی لێ دەسێندرێتەوە. ساڵی ١٩٣٩ لە سویسراوە بەرەو فەلەستین دەچێت. پاش ئەوەی ناتوانێ بگەڕێتەوە سویسرا، ساڵی ١٩٤٤ بە سەختی تووشی نەخۆشی دەبێت و لە ٢٢, ١, ١٩٤٥ لە شاری ئۆرشەلیم (ئیسرائیل) دەمرێت. ئەدەبیاتی ئێلزە لاسکە شویلەر شوێنی تایبەتی خۆی هەس لە ناو سەرجەم ئەدەبیاتی ئەڵمانی دا.

**وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: سیروان رەحیم**

# ماڵی گەلان






پرۆفیسۆری گەل ناس (لوگا شۆڤا)، ژنە کارمەندێکی ماڵی گەلان

"دۆمنە سەنانستی" بە زمانی رووسی واتە ماڵی گەلان،کە باڵەخانەیەکی گەورەیە لە مۆسکۆی پایەختی رووسیا و کلتووری دووسەد گەلی جیاواز بەبێ جیاوازی ئایین و نەتەوە، لەخۆدەگرێت.

مێژووی دروستبوونی ئەم ماڵە بۆ سەدەی یانزەهەمی زایینی دەگەڕێتەوە و لەسەر دەستی "ئەلیکسۆندەر باریسە ڤیچ" کە لە بنەماڵەیەکی نێوداری رووسیا، دانراوە. بەپێی قسەی کارمەندانی خانەکە " خاوەنی ئەم خانەیە زۆر زیرەک و تیژبین بووە و پێشبینی هێرشەکەی ناپلیۆنی بۆ سەر ئیمپراتۆری قەیسەری رووسیای کردووە، بەڵام بەپێی بارودۆخی سیاسی رووسیا ئەم خانەیە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو بەرەو لەناوچوون، چووە. " بۆریس سیڤان ویچ" گەنجێکی تەمەن شانزە ساڵ بووەو لە ساڵی ١٦٧٦تا ١٧٢٧ ژیاوە، لەسەدەی شانزدەوە ویستوویەتی بایەخ بەکلتووری نەتەوەییی ( رووسیا) بدات، ئەوکاتێک خوێندنی لە ئەمریکا تەواوکرد، رووی کردەوە رووسیا و لەنێو ئەم ماڵەدا وەک رابەرێکی گەنج کاری کردووە. بۆریس سیڤان، ویستوویەتی ئەم دیوارە ئەستورە بشکێنێت کە لە نێوان رووسیای قەیسەری و ئەورووپای رۆژئاوادا هەبووە. لەم خانەیەدا چەندین کەرەستەی رەسەنی نەتەوە جیاوازەکان دەبینرێت و هۆلی تایبەتی بۆ کۆڕ وکۆبونەوەو شوێنی پێشانگەی بۆ ئەوانەی دەیانەوێت پێشانگە بکەنەوە بەبێ بەرامبەر، هەیە.

جگە لەوەش هۆڵی ئاهەنگێرانی تێدایەو هەرگەلێک دەتوانێت لە بۆنە تایبەتییەکانی خۆیدا لەم هۆڵە ئاهەنگ بگێڕێت و بۆنە تایبەتیەکانی خۆی بە گەلانی تر بناسێنێت. لەم خانەیە مێژووی ژیانی بۆریس سیڤان و بنەماڵەکەی، تاکو ئێستا پارێزراوەو گەلی رووسیا شانازییان پێوە دەکەن. رووسییەکان وێنەیەکی تایبەتی ئەم بنەماڵەیان وەک هێمایەک بۆ خۆیان هەڵبژاردووە.

ئەوان باس لەمێژووی دروستبوونی گەلی رووسیا دەکەن کە " ئەم خانەیە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە لەبنەماڵەیەکی ناودارەوە دووبرا توانیویانە ئەم گەلە زۆرە دروست بکەن" لەناو خانەکەدا ژوورێک هەیە کە کاتی خۆی "سەرۆکی رووسیای قەیسەری سەردانی ئەم خانەیەی کردووە تێیدا دانیشتووە وتاری تێدا خوێندووەتەوە". ئەوان تا ئێستا پاراستوویانە و دەرگایان لەسەر داخستووە بە "پیرۆزترین شوێن"ی دەزانن.

مۆسکۆ نزیکەی پانزە ملیۆن کەس تێیدا دەژێت و بە فەرمی ١٦٣ نەتەوەی جیاوازی تێدایە. بەڵام کلتووری دووسەد نەتەوەی جیاواز لەم خانەیە بەدی دەکرێت. واتا زیاتر لە ژمارەی نەتەوەکانە، چونکە "کارمەندانی ئەم خانەیە سەردانی هەر وڵاتێکیان کردبێت بەشێک لە کلتوورەکەیان لەگەڵ

www.netewe.com




**ماڵی گەلان ئەو ماڵەی نەتەوەی روسی پاراستووە**

خۆیان هێناوەتەوەو لەم خانەیەیان داناوە" ئینجا کتێبێکی نەتەوەیی یان کەرەستەیەکی فۆلکلۆری ئەم گەلە بێت. لە هەر نەتەوەیەک کەسێک وەک نوێنەرایەتی گەلەکەی لەم خانەیەدا رۆژانە دەوامی ئاسایی خۆی دەکات.

پرۆفیسۆری گەل ناس (لوگا شۆڤا)، ژنە کارمەندێکی ئێسک سووکی ئەم خانەیەیە، هەرکاتێک میوانێکی نائاشنا روو دەکاتە خانەکە، بۆ هەمووکون وکەلەبەرێکی باڵەخانەکەیان دەبات. لەکاتی گەڕانمان لەنێو خانەکەدا ئەو، لەنزیکەوە بەکەرەستەکان ئاشنای دەکردین. پێناسەی هەموو پارچە وکەرەستەیەکی نێو خانەکەی بۆ رووندەکردینەوە، لوگا،گوتی:" مێژوو وا دەکات زۆر رووداو لە بیر بکرێت، بەڵام ئێمە لەنێو ئەم ماڵە دا هەوڵی زیندووڕاگرتنی رووداوەکان وکلتووری گەلان دەدەین، باشترین بەڵگەش کردنەوەی ئەم ماڵەیە کە ئێستا کلتووری چەندین نەتەوەی تری لەخۆی کۆکردۆتەوە، ئەم خانەیە بەدرێژایی مێژووگۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، بەڵام نەفەوتاوە و فراوانتربووە".

لۆگا سەبارەت بە تەمەنی ماڵەکە گوتی:" تەمەنی زیاتر لە سێسەد ساڵە و دوانزە ساڵیشە نۆژەنکراوەتەوە، بەڵام جیاوازی تێداکراوە". ئەو (بۆریس سیڤان)ی بەنمونە وەرگرت، کە لەسەر ئەرکی خۆی بایەخی تەنها بە کلتووری وڵاتەکەی دەدا، کەچی ئێستا بایەخ بەکلتووری هەموو گەلان دەدرێت. باسی لە رۆڵی خانەکە کرد کە لەسەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی، بۆچارەسەرکردنی بریندارە رووسییەکان، رۆڵی نەخۆشخانەی گێڕاوە.

زیاتر لە بیست هەزار کورد بەفەرمی لە مۆسکۆ دەژین. بەشی کوردی لەم خانەیە لەلایەن (مەتلەب عوسمان) کە کوردێکی باکوری کوردستانەو یەکێکە لە چالاکڤانانی ئەم خانەیە بەڕێوەدەچێت. مەتلەب، وەها باسی لە هۆی کارکردنی خۆیان لەو خانەیەداکرد،کە دەیانەوێت لەم ماڵەدا گەلی کورد بە نەتەوەی رووسی بناسێنن، ئەو گوتی:" من وەک کوردێک هەوڵمداوە کورد، لێرە بوونی هەبێت و بە نەوەی رووسی بڵێم زۆر نەتەوە هەن و سەرچاوەی هەمووشیان مرۆڤە".

بەڕێوەبەری بەشی کاروباری گەنجانی ماڵی گەلان کریستینا غۆری ئۆدۆ، گوتی:" ئێمە لەسەر کاروباری گەنجانی هەموو نەتەوە جیاوازەکان لە قوتابخانەو کۆلێژەکاندا چالاکیی پێشکەشدەکەین. جل و شایی و سەمای گەنجی گەلان پیشان دەدەین. هەروەها ساڵانە خێوەتگە بۆ قوتابیانی ئامادەیی سازدەکەین، جگە لەوەش هاریکاری رێکخراوەی قوتابیەکان دەکەین و پشتگیری لەو گەنجانە دەکەین کە لە رووسیا دەخوێنن".

بەڕێوەبەری کارو چالاکییەکانی خانەی گەلان کارینا، کە ژنێکی کراوە و رووخۆشە ئاماژەی بە پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ نەتەوە جیاوازەکان کرد وگوتی:" ئێمە بەشداری بواری سیاسی ناکەین وگەورەترین زانکۆی مۆسکۆ بەناوی لامانۆسۆف و هاورێییەتی گەلان و زانکۆی تۆلستۆی"ـە کە بەبێ جیاوازی نەتەوەیی خوێندکاران فێر دەکەن".

کارینا، باسی لە هەبوونی بەرنامەیەکی ماڵی گەلان کرد بۆ ناسینی کلتووری نەتەوەکان، کە بە کردنەوەی پێشانگای تایبەتە بۆ هەمووگەلێک. کارینا، تیشکی خستە سەرکاری پێشانگە کە وەکو ڤیستیڤاڵێکە ئایین و چۆنیەتی ژنخوازی وکارو خۆراک و پەروەردەکردنی منداڵ کاری ژن و پیاووگەنجان و پۆشینی جلووبەرگ نیشان دەدرێت. هەر لەو پێشانگەیەدا بۆنەو رێوڕەسمی تایبەتی و جەژنەکان نمایش دەکرێت تاکو ئێستاش نزیکەی شانزە نەتەوە ئەم مەراسیمەی ئەنجامداوە، ئەو ئاماژەی بە رۆژی بیست و چواری سیبتەمبەرکرد، کە بەشی کوردی خانەی گەلان، بەسەرپەرشتی مەتلەب عوسمان، نمایشی خۆیان لەسەر خێزانی کوردی پێشکەش دەکەن. کارینا کە ئەوان چەندین گۆڤار لەبارەی نەتەوە جیاوازەکانەوە بە زمانی رووسی دەردەکەن.



شیلان یاسین

www.netewe.com




## دراماى خۆشەویستیی خەمناک

# چیرۆکی خۆشەویستیی خەمناک
# گۆڕینەوەی دۆزەخی دووری بە بەهەشتی مەحاڵ

دراماى چیرۆکی خۆشەویستییەکی خەمناک، بەرهەمی سینەمای کۆریای باشوورەو ناوەڕۆکی ئەو درامایە سێ بەشی سەرەکی لە خۆدەگرێت.

لە بەشی یەکەمدا خۆشەویستی لای ئەکتەری سەرەکی دراماکە (پارک هاین) کە کچێکی نابیناییەو لە منداڵیەوە لە رێگەی هەستەکانییەوە کوڕێکی بە ناوی ژوانیۆن، خۆش دەویست، بەو هیوایە بوو کە رۆژێ بێت، نەشتەرگەری لە چاوانی بکات و روخساری، ژوانیۆن ببینێت. هاین، رۆڵی کچێکی بێ دایک وباوکی دەگێڕا و ژوانیۆنیش، ئاوازدانەرێکی بەتوانا بوو کە سروش (ئیلهامەکەی) هەڵقوڵاوی خۆشەیستی پارک هاین بوو.

دوای ئەوەی کە هەواڵی مردنی ژوانیۆن، بڵاو کرایەوە، ئیتر پارک هاین، سەفەری ئەمریکای کرد و لەوێدا کوڕێکی بەناوی جانگیو ناسی، ئەو توانی خەرجیاتی نەشتەرگەری چاوەکانی هاین، بکات و ئەوەبوو هاین، بەچاوەکانی بۆ یەکەمجار جانگیوی بینی. دوای ئەمە پارک هاین و جانگیو، جارێکی دیکە گەڕانەوە بۆ کۆریا، بەڵام ئەمجارە هاین، هەواڵێکی پێگەیشت کە ژوانیۆن، نەمردووە و لە ژیان ماوە.

بەشی دووەم، بە یاداشتە دەنگیەکانی نێوان هاین و ژوانیۆن، دەست پێدەکات کە ژوانیۆن لە ئەمریکا نامەیەک بۆ هاین، دەنێرێت و ئەویش لە کۆریا، وەڵامی دەداتەوە، لەو رێگەیەوە هاین چاوەڕێی گەڕانەوەی ژوانیۆن دەکات، بەڵام ئیتر کە جانگیو هاوسەرگیری لەگەڵ هاین دەکات گەڕانەوەی ژوانیۆن بۆ کۆریا، گۆڕینەوەی دۆزەخی دووریی، دەبێت بە بەهەشتێکی مەحاڵ.




بەشی سێیەم، بە گـەڕانـەوەی ژوانـیـۆن، بۆ کۆریا دەسـت پێدەکات و ئـەو دەست بەکاری ئاواز دانەری دەکات و لە ماوەیەکی کورتدا بەهۆی دانانی چەند ئاوازێکی گۆرانی ناوبانگی باشترین ئاوازدانەری کۆریا، بەدەست دەهێنێت.

جانگیو کە دەستگیرانی پارک هاینەو خاوەن کۆمپانیاکی گـەورەی کۆریایە، بەمەبستی دانانی ئاوازی گۆرانی بۆ کاری کۆمپانیاکە، گرێبەستێک لەگەڵ ژوانیۆن، واژۆ دەکات.

لەوێدا ژوانیۆن هاین دەبینێت، بەڵام هاین نایناسێ، تا ڕۆژێکیان لە ڕێگەی دەنگی ژوانیۆنەوە هەست دەکات کە ئـەو کەسە ژوانیۆنە.

بـەڵام کاتێ جانگیو، بە پێوەندی نهێنی دەستگیرانەکەی لەگەڵ ژوانیۆن دەزانێت، توندووتیژی بەرامبەر بە هاین، بەکاردەهێنێت و تا وای لێدێت کە ئیتر ڕێگە بە هاین، بدات بە یەکجاری ژوانیۆن هەڵبژێرێتەوە، بەڵام لە ئاهەنگی گواستنەوەدا ژوانیۆن، خۆی دەخاتە بەر ئەو گوللەیەی کە کەسێکی نەیار دەیەوێت جانگیو بکوژێت و بەو هۆیەوە ژوانیۆن، گیان لەدەستدات و هاینیش لە ژیاندا بەبێ ژوانیۆن، دەمێنێتەوە.

# دەم داخستن



سیروان ڕەحیم

سویسرا، بە تەنیا وڵاتێکی جوان و دڵگیر نییە، بەڵکو سیستەمی سیاسی وڵاتەکەیش، سیستەمێکی شایانی لێوردبوونەوە و لێهەڵهێنجانی گرنگە. یەکێک لەو شتانەی لە مێژووی سیاسی ئەو وڵاتەدا مایەی نەنگییە، ئەوەیە ژنانی سویسرا، زۆر درەنگ مافی دەنگدانیان بە دەست خست. ژنانی سویسرا، تا ساڵی ١٩٧١ مافی دەنگدانیان نەبوو. سەرباری ئەوەی سویسرا پاشخانێکی سەرنجراکێشی لەگەڵ کەمینە و زمانی جۆراوجۆردا هەس، کەچی ژنانی ئەو وڵاتە زۆر درەنگ مافی دەنگدانیان بەدەست خست، بەتایبەتیش بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێیان زۆر دواکەوتن.

هەرچەندە خانمانی ئەو وڵاتە درەنگ بەو مافە گەیشتن، بەڵام ئێستا لە ئاستێکی شایانی وەها دان کە دەوروبەر وەکو نموونە باسیان بکەن. لە سویسرا شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەت زۆر تایبەتە، وەکو وڵاتگەلی تری ئەورووپا نییە. لەوێ وڵاتێکی پەرلەمانی، فیدراڵی هەیە. پەرلەمان لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت، پەرلەمانیش دەستەیەکی بەڕێوەبەری "حەوت کەسن" هەڵدەبژێرێت کە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنیان هەیە، واتە ئەو دەستە حەوت کەسییە لە بری کابینەی حکوومەتن.

پەرلەمان، یان ئەگەر وشە بە وشە وەریبگرین، ئەنجوومەنی فیدراڵی (Bundesversammlung) لە دوو ژوور پێکهاتووە بە ناوی ئەنجوومەنی نیشتمانی (Nationalrat) و ئەنجومەنی پیران (Ständerat).

پۆستی سەرۆکی پەرلەمان گەورەترین پۆستی سیاسی وڵاتەکەیە. لە ئێستادا سەرۆکی پەرلەمان ژنێکە بە ناوی (Chiara Simoneschi).

جا تەماشا خانمگەلێک کە درەنگیش دەستیان پێکرد، خانمگەلێک کە درەنگیش بە مافی دەنگدان گەیشتن، بەڵام گەیشتن بە لوتکەی دەسەڵات. بۆیە ژنانی ئێمە دەبێ پەیگیرانە کار بکەن و چاو لەو ئاسۆ بەرزانە بکەن. ژنانی کورد دەبێ خەمی گەورە و ئامانجی گەورەیان هەبێت و بە "شت"ی بچوک قایل نەبن.

لە پەرلەمانی سویسرا، هەموو ئەو ئەندامانەی پەرلەمان و سەرۆکی قەوارە جیاوازەکان کە هەڵدەستن بۆ قسە کاتی دیاریکراویان هەیە. ئەگەر هەر سیاسییەک لە کاتی خۆی زۆرتر ڕۆیشت و درێژدادڕی کرد، ئەوا لە لایەن خانمی سەرۆکی پەرلەمانەوە مایکرۆفۆنەکەی دادەخرێت. ئەمەیش هەندێجار پێدەگوترێ: "دەم داخستن". دیارە سیستەمی دەنگسازی ناو پەرلەمان و میکرۆفونەکانی بەشێوەیەکی وەها دروستکراون کە لە بواری تەکنیکەوە خۆشدەست و سازێن دراون. بێگومان ئەوە دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانە، جا ئیتر هەر کەسێک بێت ئەو سەرۆکە. بەڵام سەرنجراکێش ئەوەیە، لە ئێستادا خانمێک سەرۆکە و ئەگەری ئەوەیش زۆرە پاش خۆی جێگرەکەی ببێت بە سەرۆکی پەرلەمان، کە ئەویش هەر خانمە و لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٧ ە. بەم پێیەیش ئەو خانمە (Pascale Bruderer) دەبێتە بە لاوترین سەرۆکی پەرلەمان لە مێژووی وڵاتەکەدا.

مرۆڤ نابێت لە خەیاڵدا بڕێ و سویسرا و کوردستان بخاتە تەرازووی بەراوردەوە. بەڵام ناشبێت خەونمان نەبێت و هیوای جوانبوونی نیشتمان لە دەست بدەین. بێگومان دەبێت لە ناو ڕاستییەکانی نیشتمان و جڤاکی خۆمان دا بژین، بەڵام دەبێ هەمیشە بیر لەوە بکەینەوە کەی دەگەین بە ئاستێک ئەو نێوانە زۆر دوورەمان لەگەڵ خەڵکی تردا نەبێت.

دەمەوێ بپرسم، ئایا لە وڵاتی دواکەوتووی ئێمەیش، لە نیشتمانی هێشتا ماندووی ئێمەیش، کەی خانمان دەگەن بە پۆستە گرینگەکان و کەی دەتوانن بەشداری کارای بڕیار و بەڕێوەبردن بن؟ کەی لە پەرلەمانی نیشتمانەکەی ئێمەیش دا خانمێک دەتوانێت دەمی سیاسیە زۆربلێکان دابخات و هیچیش نەقەومێ؟

ئایا هیوایەکی وەهامان هەبێت؟

www.netewe.com




ژمارەی مۆبایل: ٤٤٤٤٤٦٧

**ناونیشان:**

**هەولێر ١٠٠ مەتری نزیک بەنزینخانەی ئاکار**





www.netewe.com

وارڤین

www.warvin.org

مالپەڕی دەزگای ڕۆژنامەوانی وارڤین

Kurdi | کوردی



**بۆ خوێندنەوەی نوێترین هەواڵ و زانیاری**
**سەردانی www.warvin.org بکەن**